دوا بەرهەمی چاپکراوی

پشکۆ نەجمەدین

# کورد لە دەروازەی هەزارەی (سێ)دا
# ونبوون لە پەرتبووندا

**وتار و لێکۆڵینەوە**

1997 ـ 2005


**سوید** 2005

دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی


زنجیرەی بابەتەکان :


ـ پێشەکی

ـ درەنگە بۆ ئاشتی زوو بوو بۆ شەڕ ( ڕێککەوتننامەی واشینتۆن ).

ـ پرۆسەی ڕۆما ( کورد و پ ك ك ، لەبەردەم ئەگەری ڕووداوەکاندا ).

ـ تراژیدیای ئۆجەلان ، ئیحساساتی ناسیۆنالیستی یان بە ئەقلانیکردنی سیاسەت .

ـ ئێمە و ( سیستەم ) لەنێوان واقیعییەتی سیاسەت و فەنتازیای شۆڕشگێڕانەدا !! .

ـ ڕەنگی شمشێر لە دەنگی پەیڤەکاندا !!.

ـ مێژوویەك لە تیرۆر .. دنیایەك لە خوێن .

**ــ هەڵوێستێك لە جەنگ ، هەڵوێستێك لە ئاشتی .**

**ــ چەخماخەی پێش تۆفان .**

**ــ بێدەنگی لە وەرزی دەنگەكاندا .**

**ــ لە جەنگەی جەنگدا .**

**ــ كورد و نیگەرانییەكانی چارەنووس .**

**ــ دەسەڵاتی كوردی لە سەرەڕێی ڕووداودا.**

**ــ ئێراقی فیدراڵ ، ئێستای ئاڵۆز و ئاییندەی نادیار!.**

**ــ نیگەرانی لە سەركەوتندا .**

**ــ سیاسەت و پرس .**

**ــ كورد و دەرفەت .**

**ــ لە ڕۆژنەی هەڵبژاردنەوە ( دیواری بەرلین و دیواری دیگەڵە ) .**

**ــ لە ڕۆژنەی هەڵبژاردنەوە ( چی و كێ هەڵدەبژێرین ؟! ) .**

**ـ كەرانەوە بەرەو ئێراق... سەفەر بەرەو نادیار.**

**ـ لە دیدی كوردەوە، كورد و دەستوور لە دووتوێی دەستكەوت و لە دەست**چووندا

(( یەكێك لە ئەركەكانی نووسین، هەوڵدانە بۆ كەشفكردنی كەشفنەكراوەكان، ڕۆچوونە بە ناخی دیاردە و دەركەوتەكاندا، دۆزینەوەی ڕەگەز و ڕیشە سیحراوییەكانی ڕووداوەكان و مامەڵەلەتەككردن و خەمڵاندنیانە لە زەیندا. ئێمە لە ماڵی نووسیندا، قسە لە قسەلێنەكراوەكان دەكەین و هەوڵ دەدەین بە فیكر، تێڕوانین و زمانی جیا و تایبەت بە خۆمان، بیەیڤین. دید و لێدوانەكانمان، دەربڕین و دیالۆگ هەڵدەگرن. قسە و ئاخاوتنەكانمان، بێ ئەوەی دروستبوون یان نەبوونیان، بە زەینماندا گوزەر بكەن،جێگای گومان و مشتومڕن. ئێمە، بۆ ئەوە نانووسین كە ڕوایی تێفكرین و دنیابینیی خۆمان لەمەڕ هەر مەسەلەیەكی گریمان بسەلمێنین و (پووچیی و بێبناغەیی ڕای ئەویدی لەقاو بدەین!). ئێمە لە نووسیندا، تاوڵێك بۆ خۆمان هەڵدەدەین و هەوڵ دەدەین ئەوانی دیش لە نسێیدا كۆببنەوە، بێ ئەوەی ناچاریان بكەین وەكو ئێمە پاڵ بدەنەوە، دابنیشن، بیەیڤن و ڕەوتار بكەن، بەڵكو بۆ ئەوەی وەك دەخوازن بیر بكەنەوە!)).

## درەنگە بۆ ئاشتی ، زوو بوو بۆ شەڕ!
## (( واشینتۆن ، بنبەستی شەڕی براکان ! ))

داخۆ کۆڵانە تاریکەکانی پنتاگۆن و وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ، دەبنە بنبەستی تۆنێلی خوێناویی شەڕی دەسەلآت لە کوردستاندا ؟!.

دەکرێ قەتاری مێژووی بە ئاشتی پێکەوەهەڵکردن و جێگۆڕکێی هێمنانەی دەسەلآتی سیاسیی کوردی لە واشینتۆنەوە بەرەو هەولێری بئاژوێت؟!.

چۆن بتوانین ڕووپەڕەکانی پڕ هەرا و هوریای زەینی خۆمان بسڕینەوە و پریاسکەی خوێنلێتکاوی مێژووی شەڕی دەسەلآت ، بێ هیچ سەرنج و تێڕامانێك ، لەژێر بەرزەکی بنپێی خانمی (ئۆڵبرایت)دا لە چاڵ نێین ؟!.

بۆ دۆزینەوەی وەڵامەکان ، هەردەم واچاترە پەنا بۆ ماڵی پرسیار بەرین، بۆ گەڕان لەدوی حەقیقەتیش (نەك بۆ دۆزینەوەی))، وا چاکترە ڕەشماڵی گومان هەڵبدەین!.

ساتێ بە ماندویی و بە دەستی بەتاڵەوە ، لە بەرەکانی شەڕ دەگەڕێینەوە .. کە لە شەڕگەدا شکست دەخۆین و هەموو خەونەکانمان زیندەبەگۆڕ دەکەین ، ئەوجا بە هەنکە هەنك و ناچاری ، مل بۆ هەواری ئاشتی دەنێین !.

شەڕکەران، بەهیوای بەدەستهێنانەوەی دەستکەوتگەلێك کە لە جەنگدا دۆڕاندوویانن ، تاوڵی دیالۆگ و دانوستاندن لە مێرگی ئاشتیدا چێ دەکەن.

جەنگ و ئاشتی ، لە ڕوانگەی دەسەلآتخوازانەوە ، دەشێت یەك مانایان هەبێت ، ئەویش بەئامرازکردنیانە بۆ (پاراستن) یان قوڵکردنەوەی دەسەلآت . ئەم لۆژیکە، دەشێ لۆژیکێکی ڕێژەی بێت و لێرە و لەوێ ، بەپێی پێگە و جێگە ، سرووشت و خەسڵەت و پێکهاتەکانی دەسەلآت لەلایەکەوە و ئاستی گەشەکردنی باری کۆمەلآیەتی و فەرهەنگیی کۆمەڵگە لەلایەکی دیکەوە ، کتومت چوون یەك نەیەتەوە .

وێڕای ئەمەش ، دەستپێکی پرۆسەی ئاشتی و سڕکردنی میکانیزمی شەڕی دەسەلآت لە کوردستاندا ، لە هەرکوێیەك دەست پێ بکات و لە هەر جێیەك کۆتایی پێ بێت ، بەجیا لەوەی نێوەرۆك و مەبەست و ئامانجەکانی چین و بەکوێ دەگەن ، دەشێ بۆ ئەم قۆناغەی بزاڤی نەتەوایەتیی کورد، بایەخ و گرنگییەکی بەرچاوی هەبێت و مایەی پشتگیریلێکردن بێت. ئەمە، بەمەرجێك پرۆسەی ئاشتی، نەبێتە ئەو پۆپەشمینە گوڵڕەنگییەی تەرمی کوژراوەکان، کارەسات و تراژیدییەکان، ماڵوێرانی و داروخانەکان، لەشکرکێشی و خیانەتەکانی جەنگ پەردەپۆش بکات!. بەواتایەکی دیکە، دەشێ پرۆسەی ئاشتیی جاڕبۆدراو، ببێتە ڕۆژنەیەك کە لێیەوە، لە شەڕی دەسەلآت و بنەماکانی، هێزەکانی، فاکتەرەکانی، بەرئەنجام و کارکردە سەلبییەکانی لەسەر سترەکتۆری کۆمەڵگەی کورد و چارەنوسە سیاسییەکەی بنواڕین و لێدوان و لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکەین .

ئێمەی کورد، کە بەهەنبانەی بەتاڵەوە لە ئاستانەی هەزارەی سێدا، بەحەپەساوی وەستاوین و هەگبەی کۆڵمان لە سەرکەوتن خاڵییە .. ئێ خۆ ناشێ هەرەس و تێکشکان و شکستەکانیشمان وەجێ بهێڵین و بە قەرتاڵەی ناقۆڵاوە لێی وەژوور کەوین! ... پێم وایە ناکرێ و ئەوان بەشێکن لە ئێمە و بگرە خودی ئێمەشن. بۆ ئەوەی خۆمان لە نەوەکانی داهاتوو نەگۆڕین و بە سانایی بتوانن بمانناسنەوە، چاتر وایە دەستبەرداری مێژووە بە شکست و خوێن ئاخنراوەکەمان نەبین، سا بەڵکو کەسانی پاش مە، دەرس و پەندیان لێ هەڵێنجێنن!.

حیزبەکانی نێو پرۆسەی ئاشتی، ئەگەر بخوازن ڕابردوو چەندپات نەبێتەوە، ناکرێت لەبەر ڕۆشنایی((عفا الله عما سلف)) کار بکەن. گەلی کوردیش مافی خۆیەتی، لەژێر ساباتی ئاشتیدا بەدوای نهێنییەکانی مەرگی خۆیدا بگەڕێت .

حیزبەکان، ئەگەر بەنیاز بن هەنگاو بەرەو دنیای مۆدێرن و دیموکراتی بهاون، دەبێ وەڵامی پرسەکان بدەنەوە و ئەو نهێنیانەی کە موڵکی خەڵکن و بە مێژووی خەڵکەوە پەیوەستن و تەنیا و تەنیا ئەوان دەیانزانن، ئاشکرایان بکەن!...

ـــ شەڕی دەسەلآت ، چۆن و بۆچی ڕوویدا؟!. کێ ملی بۆ دابەشکردنی دەسەلآت نەدا و خەسڵەتی شەڕەنگێزی لە ئەقڵیەتی کام لایەندا بەهێزتر بوو؟!. کێ ئامادە نەبوو حورمەت لە ویستی جەماوەر بگرێت ؟!.

ــ بەدرێژایی چوار ساڵان ململانێ و شەڕ ، تێکڕای جەنگ و پێکدادانەکان چەند ڕۆژیان خایاند؟!.. کێ هێرشبەر و کێ لە حاڵەتی بەرگریدا بوو؟!. ((دیارە ئەمە بەپێی هەلومەرجی جیاوازی زنجیرە شەڕەکان دەگۆڕدرێت ، بەڵام لێکۆڵینەوەی کارێکی پێویستە)).
ــ لەسەرجەمی شەڕەکاندا ، چەند هەزار کورد کوژران؟!. ژمارەی ئەنگاوتەکانی شەڕ چەند بوون؟!.
ئەوانەکێ بوون، ناویان، تەمەنیان، کار و پیشەیان، ژێندەریان (ژن یان پیاو)، باری خێزانییان، چەندیان سەر بە پارتی و چەندیان یەکێتی و چەندیان سیڤیل بوون؟!.
ــ لە سەرجەمی ساڵانی شەڕ و کێشمەکێشدا، چەند هەزار کەس بەدیل گیران، چەندیان بە دیلی کوژران و ئاماری ونبووەکانی جەنگ و سەر ئەنجامیان چییە؟!.
چەندکەس لەسەر بیروڕای سیاسی و لایەنگرییان بۆ ئەم یان ئەو لایەنی بەشەڕهاتوو، زیندانیکران، ڕەویان پێ کرا و ماڵ و موڵکیان زەوتکران؟!.
ــ چەند گوند، ماڵ، باخ و مەزرا وێرانکران و سووتێنران، ئەگەر بە پارە بقەبلێنرێن، دەبێت چەند بکات و چۆن قەرەبوو دەکرێنەوە؟!.
ــ تێچووی ڕۆژێکی شەڕ، لەسەر هەر لایەنێك چەند کەوتووە؟!. ئەگەر ئەو چەردەیە بۆ دروستکردنەوەی ژێرخانی ئابووری وڵات بەکاربرابا، دەتوانرا چەند: گوند، خوێندنگە، نەخۆشخانە و کارگەی پێ دروستکرابا؟!.
ــ هاوپەیمانە دەرەکی و ناوەییەکانی جەنگ کێ بوون؟، ڕۆڵ و بەرژەوەندیەکانیان لە جەنگدا، چ لەسەر ئاستی کوردستان و چ لە ناوچەکەدا. چی بوو؟!.
ــ بزووتنەوەی ئۆپۆزسیۆنی جەنگ، کێ بوون و دەوریان چی بوو؟ حیزبەکانی دەرەوەی لایەنە بەشەڕهاتووەکان، چۆن و بۆچی لە ساڵی دووەمی درێژەکێشانی جەنگدا، بوونە لایەنگر و بەشێك لە جەنگەکە؟!.
ــ هاوکاری و یارمەتی دەوڵەتانی داگیرکاری کوردستان بۆ حیزبە شەڕکەرەکان، چەند بووەو بە چ مەرامێك و لەسەر چ بنچینەیەك دامەزرابوو؟!.
ــ شەڕ، قەیرانێکی ئابووری، کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا دروووست کردوە، جەستە و ڕۆحی ئینسانی کوردی داغان کردووە، تەلاری بەها کۆمەڵایێتییەکانی تەپاندووە. بۆ هەستانەوەی ئەو بارە گلاوە و سارێژکردنەوەی برینە کۆمەڵایێتییەکان، دەتوانن چ بکەن؟!.
ــ لەماوەی چوار ساڵان جەنگدا، کۆچ و وڵات بەجێهێشتن، بە ئاستێك گەیشتن، کە مێژووی نوێی کورد بەخۆیەوەی نەدیتبوو. ئێستا، هەزاران کورد، کە بەشێکی بەرچاویان پسپۆڕان و ڕۆشنبیرانی میللەتەکەمانن، لە دەرەوەی کوردستان دەژین. پرۆسەی ئاشتی، چ بەرنامەیەکی بۆ کۆچ و کۆچباری بەرەواژ پێیە؟!.
ئەمانەو گەلێك بابەتی ورد و زێدەگرنگی دیکەش، ڕووگەی پرس و لێڕامانن و ڕوونکردنەوەیان ئەرکی لایەنەکانی نێو پرۆسەی ئاشتییە و پێوەری ڕاستگۆیی ئاشتیخوازانەی ئەوانن!.

## ڕێککەوتننامەی واشینتۆن!

ڕێککەوتننامەی واشینتۆن، کە لە 17 ی سێپتامبەری ئەمساڵدا ، لەنێوانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستاندا، لەژێر چاودێریی گەورە بەرپرسانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا و خودی خانمی (ئۆڵبرایت)دا واژۆ کرا، ئەگەر خاڵی بەهێز و بەرچاوی تێدابێت (دیارە کە تێیدایە!)، ئەوەیە کە ئەم دوو لایەنە، پاشی چوار ساڵان بەڕێوەبردنی دزێوترین و خوێناویترین شەڕی دەسەڵات لە کوردستاندا، دەستیان لە دەستی یەك نا و لە پێشچاوی مێدیای جیهاندا، بنبەستی جەنگی دەسەڵاتیان ڕاگەیاند!.
ئەوان، جارێکی دیش سۆزیان بە خەڵکی کورد دایەوە، کە بە ئاشتی وڵات بەڕێوەدەبەن و لەهەڵبژاردنی داهاتووشدا، حورمەت لە ویست و ڕای جەماوەر دەگرن و بەبێ زەبر و خوێن ڕژتن، کورسی دەسەڵات بۆ یەکدی بەجێدێڵن!.
خاڵە گرنگەکانی ڕاگەیەندراوی ڕێککەوتننامەکە، دەکرێت بەم شێوەیە پوختە بکرێن:

ـ کۆمیتەیەکی باڵا لە مەکتەبی سیاسیی هەردوو حیزب پێك دێت و ئەرکی چاودێریکردن و جێبەجێکردنی هەموو خاڵەکانی ڕێککەوتننامەکە لە ئەستۆ دەگرێت.
ـ دامەزراندنی پەڕلەمان و حکومەتێکی یەکگرتووی کاتی بۆ هەرێمی کوردستان، لەسەر بنچینەی ئەنجامی هەڵبژاردنی گشتیی ساڵی 1992 ی کوردستان. ماوەی دەسەڵاتی کارکردنی پەڕلەمان و حکومەت، هەتا ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئایینده دەبێت .
ـ پەڕلەمان، بەهاوکاری کۆمیتەی باڵا، لە سازاندنی زەمینەی لەبار بۆ هەڵبژاردن بەرپرسیارە، کە دەبێت شەش مانگان پاش یەکەمین کۆبونەوەی پەڕلەمان، بەڕێوە بچێت.
ـ پەڕلەمان و کۆمیتەی باڵا، لە ئاساییکردنەوەی دۆخی گرژ و نائاسایی پارێزگاکانی سلێمانی، هەولێر و دهۆك بەرپرسیارن.
ـ لە قۆناغی گواستنەوەدا، پارتی دیموکراتی کوردستان، کۆمەکی پارە و ئابووری دەداتە دانیشتوانی ئەو ناوچانەی کە لەژێر کۆنترۆڵی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستاندان. ئەم پرۆسەیە لە 1ی ئۆکتۆبەرەوە دەست پێ دەکات.
ـ هەرتك لایەن، لەسەر پاراستنی یەکێتیی خاکی ئێراق جەخت دەکەن.
ـ هەردوو لایەن، پەیمان دەدەن کە ئاسایشی سنورەکانی ئێران و تورکیا بپارێزن.
ـ هەردووك، بەڵێن دەدەن کەدەرهەق بە (پ پ ك) یەك هەڵوێست و سیاسەتێکی یەکگرتوو پەیڕەو بکەن، ئەویش ڕێگاگرتنە لە هەر چالاکی و هەڵسوکەوتێکی چەکدارانەی ئەو حیزبە، دژ بە دامودەزگاکانی دەوڵەتی تورك لە کوردستانی باشوورەوە و بنکە و ئۆردوگاکانیان کۆنترۆڵ دەکەن.
((هەردووحیزب بە هاوکاری کۆمیتەکە، ڕێگا لە دابینکردنی شوێنی حەوانەوەی ئەندامانی (پ ك ك) لە هەر ناوچەیەکی کوردسانی ئێراقدا دەگرن. هەردوو حیزب کار دەکەن و سوور دەبن لەسەر نەبوونی هیچ بنکەیەکی ئەو حیزبە لە سەر خاکی ئێراق، ڕێگا پێنەدانیان بۆ شێواندنی ئارامی و ئاساییش لە نێوچەکەدا و بەزاندنی سنوورەکانی تورکیا. بڕوانە دەقی ڕێککەوتننامەکە، ڕۆژنامەی ئەلقودس ئەلعەرەبی، ژمارە 2931 لە 13 / 10 / 1998)).
ڕێککەوتنی واشینتۆن، وەك ئەوەی خانمی (ئۆلبرایت) ڕوونی کردەوە، لەسەر بنچینەی ڕێککەوتنی(ئەنقەرە)ی ساڵی 1996، داڕێژراوەتەوە و لێرە و لەوێ هەندەك ڕتوش کراوە.
ئەوەی کە ڕێککەوتنەکە لە هۆڵەکانی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکادا و لە ژێر لوتف و میهرەبانیی گەورەپیاوانی ئەو وڵاتەدا ناوکی براوە، تەنها خاڵێکی بەهێزی جیا لە ڕێککەوتنەکانی دیکەی تێدایە، ئەویش ئەوەیە کە: پارتی و یەکێتی، بۆ جێبەجێکردنی نێوئاخنەکەی لەبەردەم وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکادا بەرپرسیارن. ئەمەش وا دەکات کە بە سانایی نەتوانن لەژێر باری ئەو بەرپرسیارێتییە خۆ وەلا نێن. واتە جەوهەری بانگهێشتکردنی سەرۆکانی کورد بۆ ئەمەریکا تەنیا بە مەبەستی ئاشتکردنەوەی هێزەکوردییەکان و ڕێکخستنەوەی ماڵی کوردە، دەنا واپێناچێت کە دۆزی کورد لەچوارچێوەی ستراتیژی ئەمەریکادا جێگایەکی هیوابەخشی هەبێت. سیاسەتی ئەمەریکا، لە هەمبەر کورد، لەو بەشەی کوردستاندا، لە سنووری پاراستن و یارمەتیدانی مرۆیی، تێ نەپەڕیوە!.
پاراستنی کوردیش تەنیا لە ئەگەری هێرشەکانی سەدامە بۆ سەر کوردستان و ڕێگەگرتنە لە دووبارە بوونەوەی ئەنفال و کۆمەڵکوژی، دەنا وەك بیستمان و بینیمان، باسێك لە ئەگەری دەستتێوەردانی ڕژێمی ئێران و موتڵەقیەتی هێرشەکانی دەوڵەتی تورك، نییە. لەپەراوێزی ڕێککەوتنەکەدا، قسەکەرێکی پایەبڵندی ئەمریکایی ڕایگەیاند: (( دەوڵەتی تورکیا، بۆ پاراستنی سنورەکانی خۆی و ڕاوەدوونانی چەکدارانی (پ ك ك) مافی بەزاندنی مەرزی کوردستانی باشووری هەیە، بەمەرجێك هێرشەکان کورتخایەن و ئامانجدار بن!)).
بەم شێوەیە دەبینین، ڕێککەوتنەکە، تا ئەو جێگەیەی پەیوەندی بە چارەنووسی سیاسیی کوردەوە لەو بەشەی کوردستاندا هەبێت، هیچ شتێکی نوێی لەدیدی ئەمەریکییەکانەوە تێدا نییە. دەقی ڕێککەوتننامەکە دەڵێ: ((هەردوو حیزب، بۆ خوڵقاندنی ئێراقێکی یەکگرتوو، پلورالیست، دیموکراتی کۆشش دەکەن کە مافە سیاسی و ئینسانییەکانی گەلی کورد مسەوگەر بکات ...)). هەر بەم پێیە، ناکرێ ڕێککەوتنەکە، وەکو ( سەرکەوتن ) بەکورد بفرۆشرێتەوە. لە چوارچێوەی سیاسی دۆزی کورد دا، ڕێککەوتنەکە، نەك هەر سەرکەوتن نییە، بەڵکە ئەگەر سەرکەوتنیشی بۆ نووسرابێت، ئەوجا گەڕانەوەیە بۆ خاڵی سەرەتا. واتە، بۆ دواوەگەڕانەوەی چوار ساڵی مێژووی بزووتنەوەکەیە. مەبەستم بەسەرکردنەوەی هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1992 و لەوێڕا دەستپێکردنەوەیە. ئێستا،

نێوانی1992 ــ 1998 ،مەودایەکە تەنیا هەرەس، جەنگ، خوێن، تیرۆر، کۆچی زۆرەملێ و ڕەوپێکردن، دیلکوشتن و ڕك و تۆڵە، پڕی دەکەنەوە!!.

واژۆکردن و چوونەژێرباری وەها پرۆسەیەکی ئاشتی، لە نێوانی دوو لایەندا کە مێژوویەکی خوێناویی پڕ کارەسات و داڕووخانیان لە پشت خۆیانەوە جێ هێشتووە، لەم دۆخە ئاڵۆز و کرژەی کوردستان و نێوچەکەدا، بەڕواڵەت گەلێك ئاسان و لە زەوینەی پراکتیکدا پڕ کێشە و ئاستەنگ دێتە بەرچاو.....

لەمپەرەکانی جێبەجێکردنی پرۆسەی ئاشتی

ــ تێگەیشتن و تێڕوانینی خودی دوو حیزبەکە بۆ دەسەڵات و دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە پرۆسەیەکی هێمنانەی دیموکراتیی دوور لە زەبر و خوێنڕژتن، وێنەی نێگەتیڤیان لای خەڵکی کورد درووست کردووە. ئەوان، هیچکامێکیان پێشینەیەکی وەهایان لەو بوارەدا نییە و هەمیشە لەسەر ئەو پڕەنسیپە کاریان کردووە کە دەڵێ: ((زەبر ئامرازی وەدەستخستنی دەسەڵاتە!.. کوتەك دەزانێ قۆناغ لەکوێیە!)).

ــ شەڕی چوارساڵەی دەسەڵات، دوو فۆرماسیۆن و دووحکومەتی بەدەسەڵاتی خوڵقاند و ئەوانیش بۆ سەپاندن و ئاراستەکردنی دەسەڵات، دەیان دەسەڵاتدار و ژەنراڵی جەنگیان بەرهەم هێنا کە بچووککردنەوە و سڕینەوەیان کارێکی ئاسان نییە.

ــ شەڕ، وڵاتی دووکەرت کرد. کەرت دژی کەرت، شار دژی شار، گەڕەك دژی گەڕەك، شەقام دژی شەقام، کۆڵان دژی کۆڵان و ماڵ دژ بە ماڵ چەکیان ئاگردا و خۆرەی دوژمنایێتی و تۆڵەسەندنیان بە ناخی ئینسانی کورد دا ڕۆکرد.

ــ شەڕ، دوو میلیشیای گەورە و پڕچەکی دەرهاوێشت کە لەکردەوەدا تەنیا بۆ شەڕی دەسەڵات بەهیمەت بوون. ئەم دوو لەشکرە و ژەنراڵان و دامودەسگاکانیان، لە زەمەنی ئاشتیدا بێکار دەکەون و دەبنە بارێکی گران بەسەر دەسەڵاتی ئاشتییەوە. ئەم دیاردەیە، یەکێکە لە لەمپەرە گەورەکانی سەرڕێی پرۆسەی ئاشتی.

حیزبێك کە هەموو هێزی خۆی لە هێزی میلیشیادا ببینێت و ئەویش تەنیا ئامرازێکی کۆنترۆڵکردنی دەسەڵات بێت، چۆن دەتوانێت ڕێز لە ویستی جەماوەر بگرێت و لە ئەگەری دۆڕاندنی هەڵبژاردندا، ببێتە ئۆپۆزسیۆنێکی مەدەنی؟!. ئەو دوولایەنە، ئەگەر بە نیاز بن لە ئاییندەدا، یەکێکیان دەسەڵاتدار و ئەویدی ئۆپۆزسیۆن بێت، ئەوا دەبێ هەوڵی گواستنەوەی خۆیان بدەن، گواستنەوە لە حزبی میلیشیای چەکدارەوە بۆ حیزبێکی بێچەکی مەدەنی. کە چەك ومیلیشیات نەبوو، ناچاریت ڕێز لە خواستی خەڵك و حورمەت لە ئەنجامی دەنگدان بگریت. ئەگەریش نا، ئەوا لە پێناوی بەرژەوەندیی خۆت و حیزبەکەتدا، گڕ لە بالای هەموو شتە پیرۆزەکان بەر دەدەیت و هەموو هێڵە سوورەکان دەبەزێنیت!.

ــ کێشەی (پ ك ك)، ((ئەگەری ڕێکخستنەوەی بەرەکانی شەڕ!)).

پ ك ك، حیزبێکی بەسەنگی سیاسی ــ چەکداری کوردستانییە. ئەم حیزبە هەم لە کوردستان و هەم لە دەرەوەی، هێزێکی بەرچاو و حیساب بۆکراوە.

شەڕی چوارساڵەی براکانی باشوور، بۆشاییەکی سیاسی ــ جوگرافی درووست کرد کە برایانی باکوور زیرەکانە قۆزتیانەوە و باسکی چەکداری و سیاسیی خۆیان پێ خورت و خاراوتر کرد. ئێستا، ڕووبەرێکی دیاری کوردستان لەژێر ڕکێفی (پ ك ك)دایە و بنکە و ئۆردووگای خۆی تێدا بنیات ناوە. پ ك ك، لەم چوار ساڵەی دواییدا، بووەتە لایەنێکی شەڕ لە کوردستانی باشووردا و کێشە و گرفتی جددی بۆ هەردوو لایەنی نەیار درووست کردووە. هەتا ئێستاش، یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، بە مەبەستی فشارخستنەسەر نەیارەکەی و سەپاندنی مەرجەکانی لە پرۆسەی ئاشتی چاوەڕوانکراودا، چاوی لە تەشقەڵە و گێچەڵەکانی ( پ ك ك ) پۆشیوە و وەکو هاوپەیمانێکی نادیاری خۆی لێی دەڕوانێت!.

ئێستا، یەکێك لە بەندە بنچینەییەکانی پرۆسەی ئاشتی، پاراستنی ئاسایشی تورکیا و کۆنترۆڵکردنی چالاکییەکانی (پ ك ك)یە لە کوردستانی باشوورەوە دژ بە دەوڵەتی تورك. هەردوو لایەنی پرۆسەکە لەسەرئەم خاڵە بە ئەنجام گەیشتوون و لە جێبەجێکردنیشی بەرپرسیارن. هاوزەمانی پرۆسەی ئاشتی واشینتۆنیش، تورکیا بە هەڕەشەی بەرپاکردنی جەنگ دژ بە کوردستان ((بیانووەکەی بوونی بنکە و دەزگاکانی سەرکردایەتیی (پ ك ك) یە لەو وڵاتەدا))، قەیرانێکی قوڵی لە نێوچەکەدا ساز کردووە.

ڕووداوەکانیش وا پێ دەچن، بەرەو سازشێکی ((سەرۆك ئەسەد)) و دەوڵەتی تورکیای بئاژۆن کە لەسەر پێستی (پ ك ك) مۆر بکرێت!.

چارەسەری راگەیەندراوی پرۆسەی ئاشتی بۆ کێشەی (پ ك ك)، ئەوەیە کە بارگە و بنەی بپێچێتەوەو ئاودیوی سنور ببێت، یانژی دەشکرێت هەمان هەڵوێستی سیاسیی ئاقڵانەی حیزبەکانی رۆژهەڵات وەرگرێت، واتە چالاکی سیاسیی لە کوردستانی باشووردا هەبێت و هیچ مەفرەزەیەکی چەکداری، سنووری باشوور و باکوور نەبەزێنێت!.

ئەوی لە سروشت و ئاکار و بیرکردنەوەی (پ ك ك) وەکو هێزێکی سیاسیی ــ چەکداریی لەخۆڕازی و کەللەشەق شارەزا بێت، دەزانێت کە سەرکردایێتیی ئەو حیزبە، هیچ یەك لەم دوو ئەگەرە قەبوڵ ناکات. داخۆ پرۆسەی ئاشتی دەکارێت زەمانێك بۆ دیالۆگ و گفتوگۆ لەگەڵ (پ ك ك) دا جیا لە زمانی شەڕ ببینێتەوە؟!.

ئایا (پ ك ك) هەست بە تاپۆی ئەو مەترسییە دەکات و ئامادەیە کەمێك لە غروری خۆی دابەزێنێت؟!. داخۆ ناکرێت پارتی، یەکێتی و پ ك ك، لەسەر ستراتیژێکی سیاسیی هاوبەش بۆ ئەم قۆناغەی باشوور و باکوور ڕێك بکەون؟!.... ستراتیژێکی خەباتی دیپلۆماسیانە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و هەڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی هاوبەش بۆ کێشەی سیاسیی هەردوو بەشەکەی کوردستان و پەرلەمانی ئەوروپا و دامودەسگا دەسەڵاتدارە نێودەوڵەتیەکانیش بکرێنە نێوەندی بەرێوەبردن و سەرخستنی ئەم خەباتە.

داخۆ پرۆسەی ئاشتی، هەر بەڕاستی ماڵی ئاشتی و ئاشتەوایی بنیات دەنێت، یان بەرەکانی شەڕ رێك دەخاتەوە؟!.

### ئاستەنگە ئیقلیمییەکانی پرۆسەی ئاشتی

دەوڵەتە ناکۆکەکانی نێوچەکە ((ئێراق، ئێران، تورکیا، و سوریا))، هەمیشە لەسەر یەك مەسەلە کۆکن، ئەویش شکڵنەگرتنی قەوارەیەکی سیاسیی کوردییە چ لە کوردستانی باشوور چ لە نێوچەکەدا.

دیارە، تەنیا پرۆسەیەك کە بتوانێت زەوینەی هەنگاونان بۆ بەواقیعی کردنی خەونی قەوارەیەکی سەربەخۆی کوردی خۆش بکات، پرۆسەی ئاشتی و تەبایی و پێکەوە هەڵکردنی دیموکراتیانەی هێزە سیاسی و کۆمەڵایێتییەکانی کوردە.

ئاشکرایە، بە درێژایی تەمەنی بزوتنەوەی سیاسیی ــ چەکداری کورد، ئەم دەوڵەتانەو دەزگا موخابەراتییەکانیان، راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، کارکردی سەلبییان لەسەر رەوت و رەفتاری سیاسییانەی بزووتنەوەکە هەبووە و لە هەندەك سەردەم و قۆناغیشدا، کردویانەتە (کارت) و بۆ گەمەی سیاسی هەڵیانسووڕاندووە و ساتوسەودایان پێوە کردووە!.

لەماوەی چوار ساڵی جەنگدا، ئەم دەستتێوەردان و گەمەپێکردنەی بزووتنەوەکە لەلایەن دەوڵەتانی نەیاری کوردەوە، وای کردووە کە هیچ هێزێکی کوردی، تا رادەیەکی بەرچاو، توانای وەرگرتنی بڕیاری سەربەخۆی سیاسی نەبێت و لە پشت هەر بڕیارێکی شەڕ یان ئاشتیی هەر هێزێکەوە، تاپۆی دەستی بڕیارێکی هەست پێ بکرێت.

داخۆ لە نێو کورەی گڕگرتووی سیاسیی نێوچەکەدا، کۆتری پرۆسەی ئاشتی، دەتوانێت لەشەقەی باڵ بدات و لە تۆڕی جاڵجاڵۆکەی سیاسەتی دژەکوردی دەوڵەتە داگیرکارەکان نەکەوێت؟!. ئەقڵیەتی سیاسیی کورد لەم دۆخە ناسك و دژوارەدا، چۆن دەکارێت بازنەی دژەکانی خۆی ببەزێنێت؟!.

### شەڕی دەسەڵات و داوای لێبووردن!

لە سەرەتای ئەم مانگەدا، سەرەك وەزیرانی ژاپۆن بە فەرمی و بەناوی حكومەتی ژاپۆنەوە، دەرهەق بەو زیان و كوشتار و ماڵوێرانییەی گەل و وڵاتی كۆریا لە سایەی سیاسەتی ئیمپریالیستانەی ژاپۆندا، لە نیوەی یەكەمی ئەم سەدەیدا تووشی هاتن، داوای لێبووردنی لە حكومەت و گەلی كۆریا كرد!.

شەڕی نێوخۆی كوردستان، شەڕ بوو لەسەر دەسەڵات ..((ئێمە كە لەسەر چۆنییەتی دابەشكردنی دەسەڵات پێك نەهاتین، توشی كێشە هاتین و كردمانە شەڕ!...)). ئەمە بوو وەڵامی هەردوو سەرۆكی كورد بۆ پرسیێكی كەناڵی ئاسمانیی (ئێم.بی.سی)، لەمەڕ هۆكارەكانی شەڕی نێوخۆی كوردستان!.

واتە: چوار ساڵان شەڕ و بەكوشتدانی هەزاران كورد، برسێتی و ماڵوێرانی، ئاوارەیی و دەربەدەری و هەرەسپێهێنانی خەون و هیواكانی گەلی كورد، هیچ پەیوەندیەكیان بەخودی كورد و خواستە سیاسییەكانییەوە نەبوو، بەڵكە قوربانییە بێگوناهەكانی شەڕی دوو حیزب و دوو سەركردە بوون. داخۆ ئەم دوو سەركردەیە، بیر لەداهێنانی نەریتێكی نوێ دەكەنەوە و پێكەوە، لە مێدیای كوردییەوە، داوای لێبووردن لە: خەڵكی كوردستان، منداڵە هەتیوكەوتووەكان، رۆحی نەسرەوتووی ئەنفالكراوەكان، كەسوكاری قوربانییەكانی جەنگ بكەن و بێژن: ((هەڵەیەكی گەورەی لەبەخشین نەهاتوومان كرد ... بمانبوورن!)). ئەگەر نا، داخۆ خەڵكی كورد بیر لەوە دەكەنەوە، كە لە هەڵبژاردنی ئاییندەدا، كارتەكانی دەنگدان بە سپێتی لە سندوقەكانی دەنگدان بهاون و بێژن:((فەرموون!... بەبێ دەنگ و خواستی ئێمەش، هەر سەروەر بن!.. تكایە ئیدی شەڕ مەكەن!)).

چ زوو بوو بۆ شەڕ!، كە هێشتا:

دووكەڵی گوندە سووتاوەكان بەری ئاسمانی بەرنەدابوو !.

هاواری ئەنفالكراوەكان، جارێ پێچكەی تەختی خودای دەلەرزاند!.

تاپۆی شوومی بەعس، جارێ لە زەینماندا رەوی نەكردبوو!.

لە پەرلەماندا، تاقە ئاڵایەكی كوردستان هەڵنەكرابوو!.

وێنەی (سەرۆك سەدام) لە بەرگی كتێبەكانی قوتابخانە، نەدڕێنرابوو!.

چ زوو بوو بۆ شەڕ و چ ئاشتییەكی درەنگوەختە!.

ئۆكتۆبەری 1998

فاییلی كوردستانی باكوور

پرۆسەی ڕۆما *

((كورد و پ ك ك لەبەردەم ئەگەری گۆڕانكارییەكاندا))

لە شەستەكانی ئەم سەدەیەدا و هەتا نێوەڕاستی هەفتاكانیش، وێنەی كورد لای ڕۆژئاوا، پاڵەوانێكی ئەسپسواری تێكسمڕاو، جامانەبەسەر، بڕنەولەشان و خەنجەرلەبەرپشتوێن بوو!. ئەو(( باوك ))ە، لای ئەویدی، دەنگ و ڕەنگی كورد بوو. ساتێ ئەفسانەی (پاڵەوان)ی كوردیش، لە هەورازی سیاسەتدا، بەلوتكە نەگەیشت، بزووتنەوەی كورد توشی هەرەس و ئینسانەكانیشی دووچاری شكستی رۆحی و سیاسی هاتن. پاش چارەكەسەدەیەك لەو كارەساتە، وا خەریكە دەنگ و سیمای كێشەی كورد، لە تاپۆی جەستەو ئەقڵی (پاڵەوان)ێكی نوێدا بەرجەستە دەبێتەوە!. كێن ئەوانەی پاڵەوان بۆ دۆزی كورد دەخوڵقێنن؟!... خۆمان یان ئەوانی دیكە؟!.

كێشەكە، كێشەی نێوان (پاڵەوان) و ئەوی دیكەیە، یان كورد و ئەوانی دیكە؟!.

کێشەی سیاسیی لە ئارابووی ئێستا، کە سەرتاسەری ئەورووپا و جیهانی گرتووەتەوە، چۆن پەیدا بووە و ریشەکەی لە کوێدایە و بەرەو کوێی دەئاژۆن؟!.

(پ ک ک) و هێزە سیاسییەکانی دیکە، دامودەزگا سیاسی و کلتورییەکانی کورد لە هەندەران و کوردستان، چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم رووداوەدا دەکەن و تا چەند لە ئاستی بەرپرسیارێتیدان؟!.(پ ک ک)، چۆن گواستنەوەی جوگرافیی خۆی بەگواستنەوەیەکی فیکری ـــ سیاسی دەگۆڕێت، کە لەگەڵ هەلومەرجی سیستەمی ئێستای جیهاندا بگونجێت؟!. ئەمانە و زۆر وردەپرسی دیکەش کە رووگەی سەرنج و تێڕامانن و ئێمە بەپێی توانا، هەوڵی وروژاندنیان دەدەین. بەو هیوایەی ئەمە، هەوڵدانێك بێت بۆ بەزاندنی ئەو سنورە تابووکراوانەی کە پێشتر بەزاندنیان بڤە و قەستیسەر بووا.

کێشەی ئۆجەلان / دەوڵەتی تورك، یان کورد / دەوڵەتی تورك؟!

کاتژمێر 10ی ئێوارەی رۆژی 12 / نۆڤامبەر، عەبدوڵلا ئۆجەلان، سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان، لە فرگەی رۆما دابەزی و داوای مافی پەنابەریی لە دەوڵەتی ئیتالیا کرد. ناوبراو، هەتا نوسینی ئەم دێڕانەش لە رۆما دەستبەسەرە و وەڵامێکی لە مەڕ داواکەی وەرنەگرتوە!. جێگۆڕکێ پێکردنی جوگرافیایی ئۆجەلان ( شام ـــ مۆسکۆ ـــ رۆما )، پرۆسەیەکی سیاسیی گەورەی لە جیهاندا بۆ کورد هێناوەتە گۆڕێ. ئەم رووداوە، مەسەلەی کوردی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتاندا، خستوەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە و تەنگەژەیەکی سیاسی ـــ ئابووریی قوڵی لە نێوان ئیتالیا و تورکیادا دروست کردووە.

ئەم رووداوە بەچەند ئاست و ئاقاردا، کارکردی خۆی داناوە و کاردانەوەیشی لەسەر درووست بووە.

ـــ تورکیا: لە ماوەی هەفتا و پێنج ساڵی تەمەنیدا، وەکو دەوڵەت، نکوڵیی لە بوونی کورد وەك نەتەوە و بزووتنەوەکەی وەکو بزافێکی رزگاریخوازیی میللەتێك بەرەو ئازادی و سەرفرازی کردووە. ئێستا، لە بەردەم هەڵکشانی سیاسییانەی کێشەی کورد دا، شڵەژاوە و لۆژیك و مامەڵەی دبلۆماتییانەی لەنگ بووە. تورکیا، بێهودە، لە هەوڵی بەنێودەوڵەتیکردنی دید و تێڕوانینی شۆڤینستانەی خۆیدایە لە ئاست مەسەلەی کورد بەگشتی و ئەم کێشەیە بەتایبەتی. تورکیا، دەیەوێت مانا و گەورەیی مەسەلەی کورد لە ئۆجەلاندا شەتەك بدات و ئۆجەلانیش وەکو تیرۆریستێك بە دنیا بناسێنێت!.

لە روانگەی تورکیای کەمالیستەوە، مەسەلەی کورد/ ئۆجەلان، کێشەی دەوڵەتێکی مۆدێرنی سێکولارە، دژ بە حیزبێکی تیرۆریست کە ئۆجەلان رێبەرایەتیی دەکات.

ئەگەر هەندێك لە کارەکانی (پ ك ك)، بچنە نێو بازنەی تیرۆرەوە، ((دیارە کە دەچن!)). سەرپاکیان دژ بە گەل و دەوڵەتی تورك ئەنجام نەدراون، بەڵکو ئەمیش وەك هەر حیزبیکی توندڕۆی کورد، بەشێکی کارە زەبرئامێزەکانی، دژ بە نەیارانی سیاسیی خۆی، لە دەرەوە و دەروونی خۆیدا، جێبەجێی کردوون !.

(پ ك ك) ئێستا، هێزێکی سیاسی ـــ جەماوەری ـــ ئابووری و چەکداری بەهێزی هەیە و خەباتی ئەو، لەو بەشەی کوردستاندا بۆ: بە ئەنجامگەیاندنی بزاڤی نەتەوایێتی کورد، وەدەستهێنانی کوردستانێکی ئازاد، دابینکردنی ناسنامەی نەتەوەیی و کلتووریی کورد، خەباتێکی رەوایە و سەرکەوتنی ئەو بزووتنەوەیەش کۆتایی بە چەوساندنەوەی نەتەوایێتی دەهێنێ، بنەماکانی فیکر و سیاسەتی کۆلۆنیالیستیانەی تورکیا هەڵدەتەکێنێ و مەودایەك بۆ هەڵکشانی بزووتنەوەی دیموکراتی و خوڵقاندنی فەزایەزك بۆ گەشەکردنی کۆمەڵگەی مەددەنی لە تورکیادا دەرەخسێنێت. ئەگەریش لە پرۆسەی بەرێوەچونی خەباتی چەکداریدا، هەزاران کورد و تورك کوژرابن، ئەوا تورکیا و سیاسەتی شۆڤینستانەی ئەو دەوڵەتە لە هەمبەر گەلی کورد، لێی بەرپرسیارن.

دیارە، نە کوردستان تەنیا وڵاتێکە کە خەباتی چەکداری تێدا بەرێوەدەچێت و نە ((پ ك ك))ش تەنیا حیزبێکە کە ئەو شێوازەی خەبات بەرێوە دەبات. لێرەدا، قسە لەسەر درووستی یان نادرووستیی خەباتی چەکداری نییە، بەڵکو قسە لەسەر ئەوەیە، کە ئەو شێوازەی خەبات، لەهیچ شوێنێکی دنیادا، هەتا سەر نەبوەتە مایەی مۆرکپێوەنانی خەسڵەتی تیرۆریزم.

لەم رۆژانەدا، دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی دەوڵەتی تورك، دەستیان داوەتە پەلاماری درندانە بۆ سەر:

ـــ کۆمەڵانی خەڵکی وروژاو بۆ پشتگیریکردن لە هەڵوێستی ئۆجەلان و چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد.

ـــ تەواوی بنکەکانی حیزبی (( هادەپ )) لە تورکیا و کوردستان و سەدان کەسیان لێ زیندانی کردوون.

ـــ بیرۆی تەواوی ئەو گۆڤار و رۆژنامانەی کە گرنگی بە رووداوەکە دەدەن.

لەگەڵ چونە سەری ئاستی بەنێودەوڵەتیبوونی کێشەکەدا، تورکیا لە زمانی سەرۆکی دەوڵەتەوە نکوڵی لە بوونی کێشەی کورد وەکو بزاڤێکی سیاسیی نەتەوەیی دەکات. لەبواری کاری دبلۆماسیشدا، فشارێکی سیاسی، ئابووری و بازرگانیی بۆ ئیتالیا هێناوە. لە دەستپێکی کێشەکەدا، دەوڵەتی تورک جەختی لەسەر گێڕانەوەی ئۆجەلان وەکو تیرۆریستێك بۆ تورکیا دەکرد. ئێستا لەژێر فشاری ئەوروپادا، تورکیا و ئەمەریکا مژووڵی سازکردنی فایلێکن کە ئۆجەلان بداتە دادگایەکی نێودەوڵەتی و ئەوروپاش دژ نییە!.

کاردانەوەی کێشەکە لە ئەوروپادا:

ئەگەر گەیشتنی ئۆجەلان بۆ رۆما، لای ئیتالیا رووداوێکی کتوپڕ بووبێت، ئەوا لای هەندێك گروپی پەرلەمانی ئیتالیا، بەتایبەت ((کۆمۆنیست و سەوزەکان))، پێدەچێت چاوەڕوانکراو بووبێت و کاریشیان بۆ کردبێت. دەوڵەتی ئیتالیا، تا ئێستا هەڵوێستیکی پۆزەتیڤی لەسەر کێشەی ئۆجەلان / کورد وەرگرتووە، ئەمیش لە چەند بواردا دەردەکەوێت:

ــ رەتکردنەوەی داوای دەوڵەتی تورك، بۆ گێڕانەوەی ئۆجەلان بۆ تورکیا، ئەمیش لەبەر رۆشنایی یاسای بنچینەیی دەوڵەت، لەمەڕ داواکردنی مافی پەنابەریی سیاسی.

ــ بانگەشەی بەستنی کۆنگرەیەکی نێونەتەوەیی بۆ چارەسەری ئاشتییانەی کێشەی کورد، لەژێر چاودێریی یەکێتیی ئەوروپا و نەتەوە یەکگرتووەکاندا.

ــ هەوڵدان بۆ بەئەوروپاییکردنی کێشەکە و بەدەستهێنانی پشتکیری لە نێو ولاّتانی ئەوروپادا.

لە ئەوروپایشدا: چەند سەرۆکدەوڵەت، گروپی پەرلەمانی، کەسانی سیاسەتمەدار و دەرکەوتووی نێو رێکخراوی ئینتەرناسیۆنالی سۆسیالیست، بایەخیان بە کێشەکە داوە و کاری بۆ دەکەن. ئەم گروپ و کەسانە، دادگاییکردنی ئۆجەلان بە خولقاندنی فەزایەکەوە دەبەستنەوە، چارەسەری کێشەی کوردی تێدا بکرێت.

پ ك ك، لەکوێوە بۆکوێ؟!

ئەوی لە پلەی یەکەمدا، لە ئاست مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم کێشەیە و چۆنیەتی بەئاکامگەیاندنیدا بەرپرسیارە، خودی ((پ ك ك)) و دامودەسگا سیاسییەکانییەتی و بەرپرسیاریی گروپ و هێزە سیاسییەکانی دیکەی کورد، بە پلەی دووەم دێت. هەر بۆیە وردبونەوە و راوێستان لەسەر: مێژووی سەرهەڵدانی (پ ك ك)، ئایدۆلۆژیای، تەلاری رێکخراوەیی و پەیوەندییەکانی نێوخۆی، سیاسەتەکانی لە کوردستان و نێوچەکەدا، بۆ دروستکردنی وێنایەك بۆ دیتنی چارەنوسی کێشەکە و رووبەڕوو بونەوەی ئەرکەکان، گرنگ و پڕبایەخن!.

ساڵی 1987، لە فەزایەکی نیمچە ئاوەڵای سیاسیدا و هاوزای چەندین گروپی سیاسیی دیکە،( پ ك ك ) وەکو رێکخراوێکی مارکسیستیی نەتەوەپەرەست درووست بوو. هەڵکشانی بزووتنەوەی جەماوەری و دیموکراتی لە نێوان ساڵانی 1978 ــ 1980 لە تورکیادا، مەترسییەکی جیدی بۆ ئابلۆقەدانی فیکری پانتۆرانیستی و هەڵتەکاندنی سیستەمی تۆتالیتار ــ میلیتاریستیی تورکیا درووست کرد. کودەتای 30 ی سێپتامبەری 1980، هەوڵێك بوو بۆ بەرتەسککردنەوەی ئازادییە دیموکراسییەکان و تێکشکاندنی بزووتنەوەی دیموکراتیك و رادیکاڵ لە تورکیادا. سەرکردایێتی (پ ك ك )، بۆ بەرەنگار بوونەوەی سیاسەتی فاشیستانەی میلیتاریستەکانی تورك، رووی لە شام و لوبنان کرد و لەوێدا ئۆردووگاکانی مەشق و ڕاهێنانی سەربازیی رۆنا و جاڕی شەڕی پارتیزانی دا.

(پ ك ك)، وەکو هەر رێکخراوێکی دیکەی مارکسیستی ئەو سەردەمەی شەڕی سارد، دەبوو لە رووی فیکر، دنیابینی، بەرنامە و ستراتیژی سیاسییەوە، لە تەوەری ((قەڵای سۆشیالیزم))دا، دژ بە سیاسەت و بەرژەوەندییەکانی تەوەرەکەی دی بسوڕێتەوە، بەڵام بە تێکهەڵکێشانی هەندێ خەسڵەتی توندوتیژیی تایبەت و گونجاو لەگەڵ هەلومەرجی نێوخۆی کوردستان و تورکیادا. (پ ك ك)، لێکۆڵینەوەیەکی وردی باری سۆسیۆلۆگی و پسیکۆلۆگیی کۆمەڵگەی کوردی لەو بەشەی کوردستاندا کردوە. ئەو، بەرنامەی کاری رێکخراوەی، سیاسی، جەماوەری، درووشم و تاکتیك و ستراتیژی خۆی بەشێوەیەك داڕژتووە کە لەگەڵ باری تایبەتی فەرهەنگ و سایکۆلۆژی خەڵکەکەدا جووت بێتەوە و لەمەشدا سیاسەتی دڕندانەی دەوڵەتی تورك، لە ئاست نکوڵیکردن لە بوونی کورد و سوکایێتییپێکردنی، هۆکارێکی یارمەتیدەر بووە. (پ ك ك)، لە ماوەی بیست ساڵ خەباتی خۆیدا، وەدەستهێنانی ناسنامەی کلتووری و نەتەوایێتی کردووەتە ئەڵقەی نێوەندی خەباتی خۆی و کاری بۆ کردوە. وەکو ستراتیژ، (پ ك ك)، رزگارکردنی کوردستان و

دامەزراندنی دەوڵەتێکی یەکگرتووی کوردی لە بەرنامەی خۆی ناوە. (پ ک ک)، کە لە فەزایەکی نیمچە ئازادی سیاسیدا وەدەر نراوە و بۆ مەکۆی خەباتی پڕ زەبروزەنگی چەکداری گوێزراوەتەوە، بۆ ئەوەی لەتەک هەلومەرجە نوێیەکەدا خۆی بگونجێنێت و فراژی ببێت، پێویستی بە تیژکردنەوەی ئامرازەکانی زەبر هەبووە!....زەبر دژ بە خودی خۆی و ئەوانی دیکە(( تورکیا + نەیارە سیاسییەکانی)).

دیارە ئاڵوگۆڕ و وەرچەرخان لە کاری سیاسی و شێوازەکانی خەباتدا، بەناچاری گرفت و قەیرانی جیددی لەنێوخۆی هەر رێکخراوێکدا دروووست دەکەن و فرەتێڕوانین و دیاردەی سیکتاریستی دێننە گۆڕێ!. (پ ک ک)، تا کۆتایی هەشتاکانیش، بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییە دەروونییەکانی و بەرجەستەکردن و چەسپاندنی، یەک سەرکردە، یەک فیکر، یەک حیزب و یەک سیاسەت، ببوە مەیدانی ململانێ و بەزەبرپاکتاوکردنی نەیارانی نێوخۆ و دەرەوەی خۆی. (پ ک ک)، لەم جەنگەدا، بەکۆمەڵێک ئەزموونی دەوڵەمەندی پڕ زەبرەوە، تەواوی ئامانجەکانی وەدەست هێنا و ئێستاش:

ــ حیزبێکی تۆکمە و بەهێز و خاوەن دیسپلینی شێوە هەرەمییە کە بنکەیەکی فراوانی لە کوردستاندا هەیە و پەلوپۆی بۆ باشوور، رۆژهەڵات و خۆراوای بچوکیش هاوێژتووە. (پ ک ک)، لە ئەوروپا و وڵاتانی دیکەی دنیادا، کۆمیتە و دامودەسگای کەلتووری و سیاسیی بەسەنگ و بزێوی هەن .. لە کوردستاندا، لەشکرێکی بەزەبتوزاکۆنی هەزاران چەکداریی هەیە. لە لوتکەی ئەم هەرەمە سیاسی ــ چەکدارە قەبە و پانوپۆڕەی (پ ک ک)دا، سەرۆکێک رۆنیشتووە کە خەرمانەی پیرۆزیی دەوری گرتووە ... سەرۆکێک، لە شکۆیی و پیرۆزییدا، خەسڵەتەکانی ئینسانی ئاسایی دەبەزێنێت و وەکو پەیامبەری رزگارکەری گەلی کورد، دێتە ناسین!.

ــ هەزاران هەزار ئینسانی کورد، لە چوارچێوەی پۆڵاڕێژکراوی (پ ک ک)دا خۆیان شەتەک داوە و بۆ ئەم ئامانجانە دەخەبتێن.

ــ هەیبەت، بڕیار، فەرمان و فەرمایشت و وێنەکانی سەرۆک، لە پەرستگەی ناخی شۆڕشگێڕانەی هەر تاکێکی لەشکری مەددەنی و چەکداریی (پ ک ک)دا، بە دەسەڵاتێکی کۆنترۆڵکراوەوە ئامادەییان هەیە و بەرەو ژیان و مەرگ دەیانبزووێنن!. (پ ک ک)، لە رەوەندی خەباتی چەکداریدا، هەوڵی داوە کەڵک لە ناکۆکییە ئیقلیمییەکان وەربگرێت و جۆرێک لە پەیوەندی لەگەڵ هەرسێ دەوڵەتە داگیرکارەکە ( سوریا، ئێراق، ئێران )دا دروووست بکات و ئەوانیش وەکو فاکتەری گووشاری سیاسیی، ئەم بەکار ببەن!. (پ ک ک)، لە هاوکێشەی ململانێ سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، هاوتای سەنگی خۆی رۆڵی هەبووە و هەر ئەو سروشتی خەباتی چەکدارییەش، وای کردووە کە هەمیشە ئەگەری ساتوسەودا پێکردنی لە گۆڕێدا بێت . رەوتی رووداوەکان، کارکردی سیاسەتی ئەمریکا لە نێوچەکەدا و ئاڵۆزیی هاوکێشە سیاسییەکانی، بوونە دەرهاوێژتەی (پرۆسەی رۆما) و گواستنەوەی ناچاریی ئۆجەلان، لە (شام)ەوە بۆ ئەوروپا!. واتە، پرۆسەی رۆما، پرۆسەیەکی دیراسەتکراو و نەخشەبۆکێشراو نییە، بەڵکو لەژێر گوشاری هەلومەرجێکی ناچارییدا سەری هەڵداوە، کەچی کەشێکی لەباری بۆ ئەگەری چارەسەری کێشەی کورد ڕەخساندووە.

پرۆسەی رۆما، ئەوەی دەرخست:

ــ بزووتنەوەی چەکداریی کورد، هەر حیزب و سەرۆکێک رێبەرایەتیی بکات، دید و ئایدیای هەرچییەک بێت، سەنگ و قورسایی لە هەر ئاستێکدا بێت، لە تۆڕی پەیوەندییە سیاسییە نێوچەییەکان دەرباز نابێت و ناچارە سرووشتی خۆی بگۆڕێت. داخۆ سرووشتی (پ ک ک)، تا چەند لەگەڵ گۆڕانی دۆخە سیاسییەکەدا هاوتا دەبێت و چۆن دەتوانێت ئەم قەیرانە تێپەڕێنێت؟!. داخۆ (پ ک ک)، دەکارێت دروشمە سیاسییەکانی ئەم قۆناغە جێبەجێ بکات و لە هێزێکی ((سیاسی ــ میلیتاریستی توندڕەو ))ەوە ببێتە ((هێزێکی سیاسی ــ مەدەنی ــ ئاشتیخواز))، بەهەموو مانا فراوان و مۆدێرنەکەی مەدەنییەت؟!.

ــ لە نێوانی سەرۆک و حیزبدا، کەس یاخود ئۆرگانێکی سیاسیی بڕیاردەر نییە و ((فیکر، جەستەی حیزب، جەماوەر)) لە ئەقڵ و کەسایەتیی سەرۆکدا بزرن!.

ئەم دیاردەیە، لەحاڵەتی ئەگەری دابڕانی سەرۆک لە حیزب، ((واتە ئەگەری دادگایی و زیندانییکردنی))، کارکردێکی نێگەتیڤ لەسەر رۆحییەتی تێکۆشانی (پ ک) و جەماوەرەکەی بەتایبەت و بزووتنەوەی کورد لە باکووری کوردستاندا بەگشتی، دادەنێت. داخۆ لەوەها حاڵێکدا،(پ ک ک)، دەتوانێت سەرێکی ئەڵتەرناتیڤ بە جەستەی خۆیەوە بنێ و لە ئەگەری هاتنەپێشەوەی پرۆسەی دانووستاندن لەگەڵ تورکیا و ئەوروپادا، لەبری ئۆجەلان رەفتار بکات و بڕیاری کاربڕ بدات؟!.

تۆ بلێی (پ ك ك) بكارێت كێشەی كورد لە كێشەی ئۆجەلان هەڵاوێرێ و وەكو دوو مەسەلەی جیا و هەمانكاتیش پەیوەندیدار، لە ئاست سیاسەتی نێودەوڵەتیدا مامەڵەیان لە تەكدا بكات، یاخود هەردوو كێشەكە چوون یەكەیەكی لەپچڕاننەهاتوو چاو لێ دەكات؟!.

ــ ئێستا ئۆجەلان: سەرۆكی حیزب، رابەر و سیمبۆلی نەتەوە، باوكی پیرۆزی حیزب و جەماوەرەكەیەتی. ئەم شێوە پیرۆزكردنەی ئۆجەلان، لە مێژووی كۆن و نوێی خەباتی حیزبایێتی و نەتەوایێتیی كوردستاندا، بێوێنەیە!. لەم دوو مانگەی دواییدا، دەیان ئەندامی (پ ك ك)، چ لە زیندانەكانی توركیادا و چ لە ئەوروپادا، ئاگریان لە جەستەی خۆیان بەردا و خۆیان كردە ئاگربڕی ئاگرێكی وەهمی، بۆ داكۆكیكردن لە ئۆجەلان و لەمپەردانان لە بەردەم ئەگەری ئاوابوونی ئەم (خۆر)ە دا. ئەم دیاردە بێوێنەیە، ناكرێت بە ئاسایی لێی بڕوانرێت و دەشێ مایەی لێكۆڵینەوەی سایكۆلۆژی و سۆسیۆلۆژیی كۆمەڵگەی كورد بێت لە باكووری كوردستان و خوێندنەوەیەكی ورد و قوڵی شێوازەكانی گۆشكردنی حیزبی و نەتەوایێتیی لە نێو جەستەی (پ ك ك)دا گەرەكە!. ئەوەی كە حیزبێكی سیاسیی كوردیی، توانیویەتی ببێتە فۆرماسیۆنێكی مەزهەبی و پلەی سەرۆكی بە پایەی ئیمام و پەیامبەران گەیاندووە، پرسێكە و بەسەرپێی بەرسڤی خۆی وەرناگرێت!.

ئێستا ئەم خەسڵەتە فۆندامێنتالیستییەی حیزب، تا چەند دەتوانێت لەگەڵ بارودۆخی سیاسیی و كاری دیپلۆماتیكی رۆژئاوادا، لە دواساڵەكانی سەدەی بیستدا خۆی بگونجێنێت؟!.

لە دنیای مۆدێرنی ئەوروپادا، پەنجا ساڵێك دەبێ، ئەستێرەی پاڵەوان و تاكەسەركردە ئاوابووە. دەشێ بەرزراگرتنی كاریزما، چ وێنەیەك بۆ كورد لای ئەویدی بخوڵقێنێت؟!.

ــ پەیامەكانی سەرۆك لە رۆماوە بۆ دنیای دەرەوە، سیما و تێمایەكی مۆدێرنیان لەخۆ گرتووە، بەزمانێكی شارستانییانەی لەگەڵ سەردەمدا گونجاو نووسران و لە هەوڵی درووستكردنی پردی دیالۆگ لەگەڵ رۆژئاوادان.

نێوئاخنی پەیامەكان و شێوازی ئاخاوتنەكان، لەگەڵ ئەو خەسڵەتانەی پێشتر ئاماژەمان پێ كردن، ناكۆك و بەیەكتر نامۆن!. بەئاكام گەیاندنی ئەو خیتابە سیاسی و فیكرییانە، تا ئەو جێگایەی پەیوەندی بە (پ ك ك)وە هەبێت، پێویستی بە گۆڕانكاری فیكری ــ سیاسیی نێو دەروونی حزب و هەڵوەشاندنەوە و سەرلەنوێ دارژتنەوەی پەیوەندییە ئۆرگانیكەكانی ناوەوەی ئەو حیزبەوە هەیە.

ــ دواپەیامی سەرۆك، لەمەڕ هەوڵدان بۆ سازدانی زەمینەی دانووستاندن لەگەڵ دەوڵەتی تورك، دەستپێشخەرییەكی گرنگە و كرۆكی ئاشتیخوازانەی كورد بە جیهان دەناسێنێ. بەڵام دیاریكردنی رێگا چارەی كێشەی كورد لە چوارچێوەی پرۆژەی لە حەوت خاڵ پێكهاتووی ئۆتۆنۆمیدا، نیشانەی پەلەكردن، شڵەژان و قەیرانی سیاسی پێوە دیارە و كەمئەزموونیی سەرۆك لە هونەری پرۆسەی گفتوگۆدا دەردەخات.

ــ پرۆژەی جاڕ بۆدراوی ئۆتۆنۆمی، وەكو چارەسەرێك بۆ كێشەی كورد لەو بەشەی كوردستاندا، تەمێكی خەست لە ستراتیژ و درووشمە سیاسییەكانی (پ ك ك) دەئاڵێنێت و پێمان دەڵێت:(پ ك ك) و سەرۆكەكەی لە زەوینەی كاری پراكتیكی سیاسیدا، تەنیا نوێنەر و رێبەری كوردن لە باكووری كوردستاندا و وەهمی ئەو خواستەیان كە لە دووتوێی بەرنامە و تیوردا قەتیس ماون، لەگەڵ واقیعی سەخت و بە دەیان فاكتەری سیاسی شەتەكدراو، بە ئاسانی ئامێتە نابن!.

دواشتێك كە جێگای سەرنج بێت، ئەوەیە كە گوتار و بزووتنی دامودەسگا سیاسییەكانی ( پ ك ك ) لە هەندەران، ئاڵوگۆڕێكیان بەسەردا هاتووە، بەڵام دۆخەكە سەخت و كێشەكە دژوار و قەیرانەكەش چارەنوسسازە. هەربۆیە دەرچون لەم تەنگژەیە، گۆڕانی قوڵتر و پێریستڕۆیكایەكی ئاوەڵاتر دەخوازێت. (پ ك ك) و بزووتنەوەی كورد لەو بەشەدا، لەبەردەم تاقیكردنەوەیەكدا وەستاون، شكستخواردنیان بە مانای شكستخواردنی كوردە لەبەردەم بەربەریزمی ئەتاتوركدا!.

یەنیوەری 1999

* ئەم وتارە بەرهەمی لێدوان و ئاڵوگۆڕكردنی بیروبۆچونە لەمەڕ كێشەی (پ ك ك) وبزووتنەوەی سیاسیی كورد لە باكووری كوردستاندا، لەگەڵ هاوڕێی رۆژنامەنووسم ((قەرەنی قادری)) و لە ژمارە 12 ی مانگنامەی (پەیام)دا، هەڵایەكی لەسەر درووست كردین. ئەگەر چی ئێمەش وەكو هەر كوردێك ، لەبەردەم رفاندن و گێڕانەوەی ئۆجەلان بۆ توركیا هەژابووین، دیسانیش نەمانتوانی

**وەکو هەر (کوردێك) و لەژێر کارکردی ئیحساسی نەتەوەییدا، لەگەڵ (گروپ)دا بیربکەینەوە!. ئێمە ناچار بووین و کارەکەمان وای لێ دەخوازتین، بەتەنیا و وەکو خۆمان، لە کێشەکە وەکۆڵین و دۆخەکە بخوێنینەوە!!.**

**تراژیدیای ئۆجەلان: ئیحساساتی ناسیۆنالیستی یان بە ئەقلانیکردنی سیاسەت؟!.**

**لە ئاستانەی دووهەزاردا، تراژیدیا و تێکشکانە سیاسی و رۆحییەکانی گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەتی دنیا، لە پەسا چەندپات دەبنەوە!. وا پێ دەچێ کە لەمپەرە ئابووری، جیۆ ــ سیاسییە رژد و پۆلاڕێژکراوەکان، رێگا بە فۆرمۆڵەکردنی ناسنامەی نەتەوایێتیی ئەم میللەتە نەدەن!. پێچانەوەی قۆناغی جەنگی سارد و بەجیهانیبوونی سیستەمی (نوێ)ی جیهان، لە بوارەکانی دەسەلاتی ئابووری، سیاسی، ئینفۆرماشون، پەیوەندییەکانی راگەیاندن و مێدیادا، وا خەریکن جیهان دەکەنە گوندێکی جیهانیی و کوێخایەکی گومڕای گۆچان ئەتۆماوی بەدەست ، بەسەریدا رادەگات.**
**تێکشکاندنی سنوورە وەهمییەکانی نێوان دەوڵەتان و بەرواڵەت یەکپارچەبوونی جیهان، ئەگەر سەرپێیی سەرنجیان بدرێتێ، وا دێنە بەرچاو کە مێژووی مرۆڤایێتی، لە کایە گرنگ و چارەنوسسازەکانی خۆیدا، دەرکەی قۆناغێکی ریفۆرمی سیاسی و کۆمەلایێتی و ئینسانیی کردبێتەوە، کە هەردوو هێزە بڕیاردەرەکەی پێشووی جیهان لە ئاستیدا بێ کلیل و رێگاچارە، دەستەوەستان بووبن!. بە بارێکی دیکەدا، سیستەمی (نوێ)، ئۆباڵی هەموو شەڕوشۆڕ، ماڵوێرانی، برسییەتی، بەدبەختی و پێشێلکردنەکانی مافی مرۆڤ لە ئەستۆی جەنگی سارد دەنێ و بۆخۆشی مژدەبەخشی بەهەشتێکی ئادیاڵە لە جیهاندا!!.**
**سیستەمی (نوێ)، لە هەوڵی بەزەبرکۆکردنەوە، هەڵشێلانەوە و لەقاڵبدانەوەی هەموو جیهاندایە و بەپێی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیشی، لە هەندێ نێوچەدا سنوورە تەقلیدییەکان دادەدرێت و لە هەندێکی دیکەشدا، تۆخیان دەکاتەوە.**
**سیستەمی (نوێ)، سەرجەمی پێوانە و پێودانگ و ناساندنە باوەکانی لەمەڕ: شۆڕش و شۆڕشگێڕیی، تیرۆر و تیرۆریزم، مافی مرۆڤ و ئاسایشیی نێودەوڵەتی، گۆڕیون و جێگۆڕکێی پێ کردوون. لە سیستەمی (نوێ)دا: جەنگ، زەبروزەنگ، تیرۆری نێودەوڵەتی، جینۆساید و سوکایەتیپێکردنی ئینسانەکان بە شێوەیەکی بەربلاوتر بەردەوامن. هێزی بالادەست و جڵەوکێشی ئەم سیستەمە، پێودانگ و پرەنسیپگەلێکی دیاریکراوی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ گرفت و کێشە خوێناوییەکانی جیهانی سەردەمدا نییە. ئێستا، بۆ ئەم سیستەمە، ناسنامەی کوژراوەکان هیچ نرخ و بەهایەکی نییە، بەڵو بکوژەکان و هەڵوێستی ئەوان لە خودی سیستەمەکە گرنگن!.**
**بۆ ئەو... کورد، ئەلبان، سرب، عەرەب، فارس و ئەفغان چ مانایەکیان نییە، بەڵکو ئەوە میلیسۆڤیچ، سەدام، ئەجەوید، خاتەمی، تالیبانەکان و هەڵوێست و جێگای ئەوانە لە سیستەمەکەدا، کە بڕیار لەسەر رەوت و شێوەی هەڵوێستەکانی (سیستەم) لە نێوچە گرگرتوەکاندا دەدەن!.**
**ئەم کورتە پێشەکییەمان بەپێویست زانی و گرنگیشە بۆ ئەوەی شوێنی خۆمان و قەوارەی کارەساتەکانمان لە نێو بازنەی بەرژەوەندیی ئەم سیستەمە (نوێ)یەدا ببینینەوە!.....**
**تراژیدیای چارەنووسی ئۆجەلان، حیزبەکەی، بزووتنەوەکە، رێك لەم سەردەم و رۆژگارەدا روودەدات.**

رۆژگارێك، كە شۆڕش و شۆڕشگێڕی، رامبۆ و سۆپەرمانە یاخییەكان، مانا تەقلیدی و باوەكانی خۆیان لەدەست داون!!.
چەندبارە گێڕانەوەی وردینەی حیكایەتی گرتن و رفاندنی ئۆجەلان، نەپێویستە و نە بە ئەنجامێكیشمان دەگەیەنێ!. ئەو، ئێستا لە زینداندایە و چاوەڕوانی حوكمی ناڕەوای دادگای ئاسایشی دەوڵەتی تورك دەكات. واتە، كارەساتەكە چۆن رووی دا، لەم باسەدا مەسەلەیەك نییە، بەڵكو بۆچی و لەچ هەلومەرجێكدا رووی دا؟!... ئێمە چیمان كرد و چۆنمان مامەڵە لەتەكدا كرد؟!... بەپیرەوەچونمان، پشتگیریمان، رەفتار و هەڵسوكەوتمان لە ئاست رووداوەكەدا، لە كوردستان و لە هەندەران لە چ ئاستێكدا بوون؟!.
كاركردی پەرچەكرداری ئێمە لە چاوی (ئەویدی)دا، چ وێنەیەكی خوڵقاند و (ئەوان) چۆن ئێمە و كارەساتەكانمان دەبینن و مامەڵەمان لەگەڵدا دەكەن؟!... بە واتایەكی تر: ئێمە لەم سەردەمەدا، لە (دنیایەكی بەقەفەزكراوی پۆلاڕێژدا ) دەژین ... داخۆ دەبێ لە هەوڵی شكاندنی شیشە ئاسنینەكانی ئەم زیندانەدا بین، یاخود خۆمان لە نێویدا رابهێنین و لە هەوڵی كشاندنیاندا بین، نەك شكاندنیان؟!.
ئێمەی كورد، بەدرێژایی ئەم سەدەیە، لەگەڵ تێكشكان و هەرەسەكاندا هاوڕێین و هیچ دووربینیانێكمان بۆ ماڵئاوایی نەبینیوەتەوە....
لەنیوەی دووەمی ئەم سەدەیەوە، واتە لە دەسپێكی جەنگی ساردەوە، چارەنووسی ئۆجەلان، وەكو سەركردەی حیزبێكی بەدەسەڵاتی كوردی و رێبەری بەشێك لە بزووتنەوەی سیاسی ــ چەكداری كورد ((پاشی تراژیدیای چارەنووسی قازی موحەمەد))، چارەنووسێكی بێوێنەیە و بۆ هەواری خوێناویی چارەنووسی سەركردەكانی سەرەتای ئەم سەدەیە و نیوەی دووەمی سەدەی پێشوومان دەگێڕێتەوە!.
هەربۆیە خودی رووداوەكە و كاركردی لەسەر باری دەروونیی كۆمەڵانی خەڵكی كورد، جۆرێك لە خۆڕاپسكان و راچەنینی ئیحساسئامێزی ناسیۆنالیستی، درووست كرد.
ئەو هەژانە بە تەوژمەی كە قووڵایی بیر و رەفتاری ئەندامانی (پ ك ك) بەتایبەت و خەڵكی كوردی بەگشتیی هەژاند، پێی گوتین: كورد ناخوازێت بۆ تراژیدییە خوێناوییەكانی دەستپێكی رابوون و تێكۆشانی خۆی بگەڕێتەوە، كەچی ئەقڵییەتە سیاسییە لە جیهانی سەردەم نەگەیشتووەكەی، بۆ هەمان قوڵكەی دەئاژووێت!. هەموو كوردێك لە ماڵی خۆیەوە، بەدەستوپێ و چاوبەستراوی و سوكایەتییپێكراوی، ئۆجەلانی دیت. وێنەكانی سەرشاشەی (تی ڤی)یەكان، هێندەی كلۆڵیی ئۆجەلان و لە رووخساری ئەویشەوە بێكەسیی كوردیان نیشان دەداین، سەد هێندەش بەربەریزمی دەوڵەتی تورك و بێڕەوشتی سەردەمەكەش.

بۆچی (ئیمرالی) بوویە دواهەواری سەفەری ئۆجەلان؟!.

ئۆجەلان كە بە ناچاری لە (رۆما) بارگەی خست، هیچ لایەنێكی ئەوروپایی بە ئیتالیاشەوە، بەخێریان نەهێنا و هۆیەكەشی لە سرووشتی سیستەمی (نوێ)ی جیهان و پاشكۆیی ئەوروپا، بۆ ئەمەریكا بوو. ئاخر ئەو رێبەری بزووتنەوەیەكە كە دەیەوێت پایەكانی یەكێك لە دەوڵەتە گرنگەكانی (ناتۆ) لە رۆژهەڵاتدا هەڵتەكێنێت. ئیدی لە روانگەی (ناتۆ)وە، ئەو دەبێت تیرۆریست بێت نەك شۆڕشگێڕ. ئەو ماوەیەی ئۆجەلان لە رۆمادا مایەوە، بە هەردوو دەست دەرگا ئاسنینەكانی ئاشتیی دەكوتا.... ئەو، پرۆژەیەكی بۆ چارەسەری كێشەی كوردی كوردستانی باكوور گەڵاڵە كرد و ئەگەر ئەوانی دیكە بە هەندیان وەربگرتایە، ئامادەی گۆڕانكاری و سازشی زێتریش بوو، بەڵام وا پێدەچوو كە درەنگ كەوتبێت. ئێستا، دەشێ بپرسین: ئەگەر ئۆجەلان، ساڵێك پێشتر بانگەشەی بۆ ئەم پرۆژەیە كردبا و بە كردەوەش حیزبەكەی بكردایەتە حیزبێكی بێچەكی مەدەنیی لەگەڵ (سیستەم)دا گونجاو، بە قەولی لایەنگرانی خەباتی چەكداری (ئاشبەتاڵی چەكداریی) بكردبا و ببایەتە ئۆپۆزسیۆنێكی قانونی و ئەوجا بۆ ئەوروپا سەفەری كردبا، داخۆ پرۆسەكە هەمان رەوتی دەگرت و ئۆجەلانیش هەمان چارەنووس؟!. واتە بگەڕێینەوە سەر هەمان بۆچوونی پێشوو: ((لاساری و بەزەبر رووبەڕووبوونەوەی سیستەمێكی جیهانیی پۆلاڕێژ كراو یان هەوڵدان بۆ خۆگونجاندن لە نێویدا؟!.)).
بە رای ئێمە، ئەمە بۆخۆی پرسێكە و هەر هێزێكی سیاسیش ئەگەر بیەوێت بە ئەقڵانییەت مامەڵە لەگەڵ دۆزی كورد و باری لەناڕابووی جیهاندا بكات، دەبێت لەسەری بوەستێت و لێی رابمێنێت. خاڵێكی دیكە كە دەشێ جێی سەرنج بێت، ئەمەیە: ئۆجەلان بۆ رۆمای بەجێهێشت؟!.
تا هەنووكە، نەلای (پ ك ك) و نە لە هیچ سەرچاوەیەكی دیكەوە، زانیارییەكی ئەوتۆ لە بەردەستدا نییە كە داخۆ ئۆجەلان لە سۆنگەی گەڕان بەدوی پەنابەری سیاسیدا لە رۆما دەرچوو، یان لەژێر فشاری ناڕاستەوخۆی دەوڵەتی ئیتالیادا؟!. ئەوی بەوردی سەرنجی لە گوتە و هەڵوێست و رەفتاری ئۆجەلان لە رۆما دابێت، دەركی بەوە كردوە، كە ئەو لە چاوەڕوانیی چارەنووسی خۆیدا،

گەلەك شپرز و بێواز و جاڕز بوو .. ئاخر، ئەو بە چاوی خۆی لە خۆی و حیزبەکەیی دەڕوانی، نەك بە چاوی دەسەڵاتدارانی (ناتۆ)و شوێنی ئەو و حیزبەکەی لەم سیستەمە دنیاگرەدا!. دەشێ بگوترێ: ئۆجەلان و ئەو بەشەی بزووتنەوەی کورد، کە ئەو رێبەرایێتی دەکات، جووتەقوربانیی دنیابینیی خودی خۆیان و تایبەتمەندییەکانی ئەم سیستەمەن!.

ئێمە پێمانوایە. ئەگەر ئۆجەلان، چەند مانگێکی دیکە، بواری مانەوەی لە رۆما بۆ رەخسابا و کەمێکیش هێمنتر و پشوودرێژتر با، رەنگە رۆژگار و چارەنوسی وەها وەرنەگەڕابا و ئێستاش ئاسۆیەکی رووناکتر بۆ دۆزی کورد لەو بەشەی کوردستاندا، روو لە دەرکەوتن بایە. لە سەروبەندی قۆناغی (رۆما)دا، هەموو گەلی کورد، هێزە سیاسییەکانی، کەسایێتی و رێکخراوە دۆستەکانی، لە هەوڵی ئەوەدا بوون کە ((پێستەکە سەگ نەبیات!))، کە سەگەکانیش فڕاندیان، ئیدی تێڕامان و هەڵسەنگاندن بۆ زەریای رقی وەچە پۆکانکەوتووی خەڵکی کورد و ئەندامانی (پ ك ك) کارێکی زێدەپێویستە...

لە ئەوروپادا: سەدان هەزار کورد خرۆشان و شەقامانی پێتەختەکانیان داپۆشی، قونسولگە و سەفارەتخانەکانی تورکیا، ئیسرائیل، ئۆفیسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتی ئەوروپا داگیر کران. ئەم رۆژانە، زەبر نوێنرا، خوێن رژێنرا، خۆ سوتێنرا و گڕ لە ئۆتۆمبێل و باڵەخانەکان بەردران....

هەندەك لە وڵاتەکان تەنگەتاو بوون و رایانگەیاند کە ئاساییشی هاوڵاتانیان کەوتووەتە مەترسییەوە .

لە ئاڵمانیادا، دۆخەکە بەجێگایەك گەیشت، وەخت بوو بەباری خراپەدا بەسەر مەسەلەی کورد و کوردە پەنابەرەکانی ئەو وڵاتەدا بشکێتەوە. وەزیری نێوخۆ و راوێژکاری ئەڵمانی، بەجددی سەرنجی کوردیان بۆ ئەم کارە راکێشا و هەڕەشەیان لێ کردن. هەندەك لە رۆژنامە بەنێوبانگەکانی ئەڵمانیا، کێشەکەیان لە قەوارەی خۆی زێتر هەڵامساند و ئاشکراشە کە مێدیا چ کارکردێکی راستەوخۆی لەسەر رای گشتی خەڵك، لەمەڕ هەرکێشەیەك هەیە.

رۆژنامەی (فرانکفۆرت ئاڵمانیە ستاتیۆنگ) لەرۆژی 17 ی فێبریوەریی 1999 دا، ئاوا دەنووسێت:

((هیچ گومانی تیانییە کە ئامادەیی لایەنگرانی (پ ك ك)، بۆ پەنا بردن بۆ زەبر، زیان بە ئامانجی کوردەکان دەگەیەنێ. هەروەها دەربارەی پابەندبوونی بێگانان بە پرانسیپ و یاساکانی کۆمەڵگەی ئەڵمانی، بێ تەئسیر نابێت. پێویستە لە بێگانەکانی دانیشتووی ئەڵمانیا بپرسیت کە ئایا ئێوە ئامادەن پەیڕەو لە یاساکانی نیشتمانی نوێتان بکەن؟!.... واتە تۆ ئەڵمانیت یان نـــــا؟!)).

رۆژنامەی (ئێکسپرێس)ی هەمانرۆژ، ئەگەرچی قوڵتر لە مەسەلەکە دەڕوانێت و کێشەی کورد لە رەوتاری زەبرئامێز دادەبڕێت، دیسانیش بە توندی دژی ئاژاوە دەنووسێت:((لە ئەڵمانیادا 500 هەزار کورد دەژین. کوردەکان، دوێنێ چەند سەفارەتخانەیەکیان داگیرکرد. ناکرێت ئێمە لێرەدا باسی ـــ کوردەکان ـــ بکەین .. بەڵکو ئاژاوەچییەکان، ئەندامانی باڵی چەکداری پارتی کرێکارانی کوردستانن. ناشێت بە یەك (کوتەك) لە هەموویان بدرێت. دیسانیش ناکرێت کە رێگا بە ئەمانە بدرێت، لە خاکی ئەڵمانیادا ئاژاوە بنێنەوە.....)).

ئەمە دوو نموونە بوون لە سەروتاری زیاتر لە 10 رۆژنامەی بەربڵاوی ئەڵمانیا کە وەکو (ئاژاوەگێڕ) بە رای گشتیی ئەڵمانیمان دەناسێنن. مەسەلەکە هەر هێندە نییە کە ئێمە وەکو میللەتێکی مەزڵوم خۆمان ببینین و لە پێناوی سڕینەوەی ئەو زوڵم و ستەمەشدا لێمان دەکرێن،مافی بەکاربردنی هەر جۆرە ئامرازێك و نواندنی هەر رەفتارێك بەخۆمان رەوا ببینین. بینینی خۆمان و مەسەلەکەمان لە چاوی ئەواندا، (ئەوانێك) کە لە وڵاتیاندا دەژین و ئەمڕۆ یان سبەی کێشەکەمان دەبێتە کێشەی ئەوان، زۆر گرنگە. بەداخەوە (پ ك ك) و لایەنگرانی لەم بوارەدا، وەك هەمیشە لەگەڵ لۆژیکدا مامەڵە ناکەن.

ـــ لە کوردستان .. کوردان لە کوردستان و لە ئەوروپادا، پێکڕا رابوون، لە کوردستانی باشوور (ناوچەی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)دا، خەڵك خرۆشان، خۆپیشاندان و مانگرتنیان ساز دا و هاودەردییان لەگەڵ چارەنووسی ئۆجەلان و بزووتنەوەی کورد لە باکوور دەربڕی. کەچی لە ناوچەکانی هەولێر و بادیناندا، رێگا بە خەڵك نەدرا!. (پ ك ك)، لە کوردستانی باشووردا، چەند ساڵێکە خۆی کردووەتە لایەنی شەڕێکی بێهودەی نێوخۆ. وا چاوەڕوان دەکرا، ئەم حیزبە لەم قەیرانەی ئێستایدا، بە سیاسەتەکانیدا، لەو نێوچەیەدا بچێتەوە. کەچی (پ ك ك)، لە دوا کۆنگرەی خۆیدا بڕیاری دروستکردنی (پ ك ك )ی باشوور و سووربوون لەسەر خەباتی لەو بەشەدا، داوە. کوردسانی باشوور (خوانەخواستە)، ئەگەر بڕووخێت، بەسەر حیزب و رێکخراودا هەرەس دێنێ!.

واوەتریش، ئۆجەلان پێشئەوەی دووچاری ئەم چارەنووسە ببێت، بەلانیکەمی چارەسەری کێشەی کورد رازی بووا!.

واتە: ئەو ئامادەی پێچانەوەی فایلی سەربەخۆیی و دامەزراندنی (ناسیۆناڵ ستاد)ی کورد بوو. لێرەشدا، ئیتر هەردوو تێرمی (کوردستانی گەورە) و (سەرۆکی نەتەوەیی) دەچنە ژێر پرسیارەوە!.
ئێستا ئیدی مافی خەڵکی کوردە بپرسێت:
(پ ك ك)ی باشوور بۆچی و خەباتی لە باشووردا، بۆ کێ و دژ بە کێ ؟!.... دیارە درێژەپێکێشانی شەڕیش لە کوردستاندا و دژ بە حیزبەکانی کوردستانی باشوور، تەنیا بەزەرەری خۆیان و قازانجی دەوڵەتانی نێوچەکە دەشکێتەوە!.
((بۆ بڕیاری تایبەت بە خەباتی ( پ ك ك ) لە کوردستانی باشووردا، بڕوانە بڕیارەکانی کۆنگرەی شەشەم، 3 ی ئازاری 1999 ، پەسەندکراوی کۆمیتەی ناوەند)).
ــ لە کوردستانی ئێران، لە تاران و هەندێك شاری دیکەش، خەڵکی کورد بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو وەسەر شەقامان کەوتن. کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە لەبەرچاوگرتنی هاوکێشە و هاوپەیمانییەتییەکانی نێوچەکە، (نەك لەبەر خاتری کورد!)، هاندەر و ڕێخۆشکەر بوو!. خەبات و تێکۆشانی خەڵکی کورد، لەو بەشەی کوردستاندا، بۆ پشتگیریی لە هەڵوێستی ئۆجەلان و ریسواکردنی تیرۆری نێودەوڵەتیی تورکیا، پەرەی سەند و پاشتر لە سۆنگەی بوونی کێشەی کورد وەکو کێشەیەکی بابەتی لەو وڵاتەدا، بە دژی دەوڵەتی ئێران وەرگەڕا و خوێنڕژتن و قوربانیدان هاتنەگۆڕێ. دەوڵەت، وەخۆ کەوت. پ ك ك، بەیانێکی دەرکرد و داوای لە جەماوەر کرد تا وشیار بن و ڕێگا نەدەن ئاراستەی خەبات و تێکۆشانی خۆیان، بە هیچ ئاقارێکدا، جگە لە ئاراستەی پشتیوانیکردن لە ئۆجەلان و دژایەتیی دەوڵەتی تورك، بئاژۆن!... نابێت ڕێگا بدرێت، کە بەکرێگیراوانی کەمالیزم، زایۆنیزم و ئیمپریالیزم بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان ، لە شارێگای خەباتیان لابدەن!. ئەمەش مانایەکی گەر هەبێت، ئەوەیە: ئەو لایەنانەی کە دژی کۆماری ئیسلامی خەبات دەکەن و خەڵك بۆ ئەو مەبەستە هان دەدەن، لە بەرژەوەندی ئەو سێ (دەعبا) یەدا کار دەکەن!.
کۆمەڵە وحیزبی دیموکراتی ئێران، کە دوو هێزی سیاسیی سەرەکیی ئەو بەشەی وڵاتن، وەدەنگ هاتن و وەڵامی بەیانەکەی (پ ك ك)یان بە بەیانێك دایەوە!. ئاوا دەبینین کە تراژیدیای ئۆجەلان، لە کاتێکدا دەبێتە هۆکاری هەڵکشانی ئیحساساتی ناسیۆنالیستی و یەکدەنگبوونی کورد لەسەر ئاستی دنیا، بەبارێکی دیکەدا و بەهۆی سیاسەتی (کوردستانیبوون!!)ی خودی (پ ك ك)وە ریزەکان دەترازێنێ و دۆست و دوژمن جێگۆڕکێ پێ دەکات!.
کارتی گرانبەهایی (پ ك ك) کە سوریا بە گرگرتوویی فڕێی دا، ئێران بە ئاسمانەوە (جبە)ی بۆ دەگرێتەوە و کاری پێدەکات!.
سرووشتی بزووتنەوەی چەکداری ــ سیاسیی کورد، هەمیشە جۆرێك لە یاریی ( باسکتبۆڵ ) لە نێوان دەوڵەتانی نێوچەکەدا درووست دەکات، ئەنجامیش یەکێك لە ئەوان دەیباتەوە و تۆپەکە دەتەقێت!.
ــ لە کوردستانی تورکیا.. لێرە، خەمەکە قوڵتر و کێشەکە بەکڵپەتر بوو. پزیسکی ئاگرەکە بۆ ئاستانبوڵ و ئەنقەرە و شارەکانی دیی تورکیا پەڕییەوە. زنجیرەیەك تەقینەوە، ئاگرکەوتنەوە، ڕەشەکوژی جێبەجێ کران و کۆمەڵگەی تورکییان هەژاند.... بەڵام داخۆ، ئەم زەبری (شۆڕشگێڕانە)نواندنە، چەند بە زەرەر یان قازانجی کێشەی ئۆجەلان و مەسەلەی کورد شکاوەتەوە یاخود لە داهاتوودا دەشکێتەوە؟!. هەڵسەنگاندنی ئاکامەکانی بەڕێوەبردنی پرۆسەی زەبر دژ بە دەوڵەتی تورك و دامودەسگاکانی، مەگەر ئەنجامی پرۆسەی هەڵبژاردنی هەفتەی پێشوو، وەڵامێکمان بداتەوە......
ــ هەڵبژاردن لە تورکیا .. فاشیزم / کێشەی کورد / ئۆجەلان!.
کێشەی تورکیا، کێشەی کۆمەڵگەیەکی هەڵواسراوی سەر پردی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایە. کێشەی نێوان (سیکۆلاریزم) و (ئیسلامیزم)ە، کێشەی نێوان شۆڤێترم و بزووتنەوەی کوردە. ئەمە وێرای کێشە ئابوورییەکانی بێکاری، هەڵاَمسانی دراو، جەنگ و ئەمانەش وایانکردوە کە حکومەتە وەسەرکارهاتووەکانی تورکیا، هەمیشە حکومەتی لاواز و ناستابیل و مۆلەق بن. هەڵبژاردنەکانی تورکیا، لەم هەلومەرجانەدا بەڕێوەچوون و ئەنجامیش:
ــ حیزبی چەپی دیموکرات، بە ڕێبەریی بلندئاجوید 22،06 % و حیزبی بزووتنەوەی میللی خاوەنی((گورگە بۆز))ە پیاوکوژەکان 17،98 % و حیزبی فەزیلەت 15،38 % و حیزبی دایکی نیشتمان بە ڕێبەرایەتی مەسعودیەڵماز 13،22 % و حیزبی ڕێگای راستیی تانسۆچیلەر 12 % ی دەنگیان هێنا و هادەپ، کە تەنیا حیزبێکی کوردیی یاسایی ڕێگاپێدراوە، تەنیا 4،73 %ی دەنگەکانی هێنا و دیواری پەرلەمانی نەبەزاند!. دەسکەوتەکانی هادەپ لە هەڵبژاردندا، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو زەبر و تۆقاندنەش کە لە پرۆسەی هەڵبژاردندا دووچاری هات، لەچاوو ئەو ملیۆنان کوردەی کە لە کوردستان و تورکیادا هەن، زۆر کەمە و جێگای پرس و لێرامانە!. ئەوان بە بەراوردکرن لەتەك هەڵبژاردنی پێشوودا، تەنیا 0،73 %یان زیاد کردووە!.

رای هەموو چاودێرە سیاسییەکان لەوەدا یەك دەگرنەوە کە گرتن و رفاندنی ئۆجەلان کارکردی کاربڕی لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردن هەبووە. ئەجەوید و فاشیستەکان، کە پاڵەوانی چنین و جێبەجێکردنی پلانی دەستگیرکردنی ئۆجەلان بوون، بەشی شێریان لە پرۆسەی دەنگداندا پێ براوە. هەندێ را دەڵێن: حیزبی بزووتنەوەی میلیی تورك کە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی 1995دا نەیتوانی 10 %ی دەنگەکان وەرگرێت و لەمپەری پەرلەمان ببەزێنێت، ئەمساڵ بە پاپۆڕی ئۆجەلان، گەیشتە کورسیی دەسەڵات!.
ئەگەر ئەم بەرئەنجامە شتێکمان پێ بڵێت، ئەوەیە کە لە هەندێ قۆناغ و سەردەمی کۆمەڵایەتیدا، گیانی شۆڤێنیزم لە دەروونی زۆربەی زۆری میللەتێکدا هێلانە چێ دەکات و هەر بە فیکر و رەوتاری دەسەڵاتدارانەوە ناوەستێ. ئەو زەبر و تۆقاندنەی لایەنگرانی (پ ك ك) لە تورکیادا ئەنجامی دەدەن، نەك هەر خەندەقی نێوان خەڵکی تورك و دەسەڵاتدارانی قوڵ نەکردووەتەوە و قەیرانێکی سیاسیی بۆ نەخوڵقاندوون، بگرە حیزبە شۆڤێنی و فاشیستەکانی بەهێز و رێزدارتر کردوون!. سەردەمەکان گۆڕاون ... ئەوی کە زەبری بزووتنەوەی رزگاریخوازیی جەزایر لە پەنجاکان و سەرەتای شەستەکانی ئەم سەدەیەدا لە فەرەنسادا ئەنجامی دا، ئێستا لە تورکیادا بۆ کورد، پێچەوانە دەشکێتەوە. داخۆ کاتی ئەوەنە هاتووە، کوردیش لەگەڵ پێداویستیی سەردەمدا، بیر لە گۆڕانی ئامراز و میتۆدەکانی خەبات و تێکۆشانی خۆی بکاتەوە؟!.
ئێستا، ماوەتەوە ئەوەی تورکیا لە نێوانی پاراستنی یەکێتیی خاك و درێژەکێشانی چاوەڕووانی لەبەردەرکەی یەکێتیی ئەوروپادا، کام رێگا هەڵدەبژێرێت؟!.. تورکیا چۆن مامەڵە لەگەڵ کێشەی ئیسلام و عەلمانییەتدا دەکات؟!.
ئەوروپا، لەبەردەم داخوازیی تورکیا بۆ نێو یەکێتییەکەی، مەسەلەی مافی مرۆڤی لە تورکیادا، کردووەتە یەکێك لە پێشمەرجەکان. ئەوروپا مافی مرۆڤ لە تورکیادا لەبەرچاو دەگرێ، نەك کێشەی نەتەوەیەکی بێماف لەو وڵاتەدا!!.
واتە، کێشەی کورد لای ئەوروپا، جارێ وەکو کێشەیەکی سیاسی گەڵاڵە نەبووە. هەق وایە ئەم خاڵە بۆ (پ ك ك) بەتایبەت و بۆ کورد بەگشتی، کرۆکی ئەرکە هەنووکەییەکان بێت.
حیزبەکانی تورکیا، بە راست و چەپیانەوە، بە ئیسلامی و نائیسلامییانەوە، هیچ بەرنامەیەکی واقیعییان بۆ چارەسەری کێشەی کورد پێ نییە!.
حیزبی بزووتنەوەی میللی، زیاتر بیر لە دامەزراندنی تەوەرێکی رۆژهەڵاتی دەکاتەوە نەك ئەوروپایی .. تەوەرێکی ئابووری ــ سیاسی ــ بازرگانی ــ سەربازی کە تورکیا رۆڵی سەرەکی تێدا ببینێت و ئیسرائیل و دەوڵەتە تورکزمانەکانی سۆڤییەتی هەڵوەشاوەش لایەنەکانی بن.
لە بارودۆخێکی وەهادا، بڕیار وایە ئۆجەلان، لە هەمان دورگەی (ئیمرالی) و لە دادگایەکی نیمچەداخراودا، رۆژی 31ی مای دادگایی بکرێت و چ چاودێرێکی بێگانەش مافی بەشداریکردنی نابێت.
لە چوارچێوەی تراژیدیای ئۆجەلاندا، خەباتێکی بێوێنە لە ئەوروپا، کوردستان و هەموو جیهاندا بەڕێوەچوو. وێڕاش، ئەوروپا نەیتوانی یان نەیویست کارکردێکی جیدی لەسەر چارەنووس و دادگاییکردنی ئۆجەلان دابنێت. هۆکارەکانی ئەم هەڵوێستەی رۆژئاوا زۆرن. دەشێ یەکێك لە هۆکارەکان، بەعاتیفە کارکردنی ئێمە بێت بەگشتی و میکانیزمی تۆتالیتارانەی فیکر و سیاسەتی(پ ك ك)بێت بە تایبەتی، کە لەسەر بنچینەی ئیحساساتی ناسیۆنالیستی و فەنتازیای شۆڕشگێڕانە بینا دەکرێت، نەك مامەڵەکردنی ئەقلانی لەگەڵ فاکتا سیاسییەکان و بەگەڕختنی پرۆسەی بەئەقلانییەتکردنی سیاسەت!.

ئەم وتارە بەهاوکاریی بیروبۆچوونەکانی هاوڕێی نووسەرم، کاك قەرەنی قادری نووسراوە.

1999 / 4 /30

**ئێمە و (سیستەم) لە نێوان واقیعییەتی سیاسەت و فەنتازیای شۆڕشگێڕانەدا!.***

**((لێگەڕێن با هەموومان بپەیڤین. ئێمە و (پەیام) و دنیاش، بە دەنگ و ڕەنگی جیاوازمانەوە، مانایەکمان هەیە!)).**
**((تێگەیشتنی پرس، نیوەی بەرسڤە!)). کێ هەیە لە پشت مێزی تاقیکردنەوەی قوتابخانە دانیشتبێت و دەیانجار ئەم ڕستەیەی لە مامۆستاکەی نەبیستبێت؟!.**
**بەڕاست ئێمە بۆ دەنووسین؟!. چ پرسێکی ئەستەمە کە مەحاڵە وەڵامێکی موتڵەق لەخۆ بگرێت و لە بەستێنی دڵنیاییدا چ بەرسیڤێکی بێچەندوچوونمان بداتێ. دیسانیش ئێمە دەنووسین و بوارەکانی نووسینیش چەند قوڵ و پێچاوپێچ و فرەئاراستە و نما بن، یەك خەسڵەتی هاوبەشیان هەیە، ئەویش خاڵیکردنەوەی زەینی خۆمانە بە وروژاندنی زەینی ئەویتر. زۆر هەن پێیان وایە، نووسین وەکو پرۆسەیەك، بەپێی جیاوازیی ئەو بابەت و خواستانەی کە لە خۆییان دەگرێت، مەبەستەکانیشی جیاوازن. کەچی ئەرکی نووسین، هەوڵدانە بۆ کەشفکردنی کەشفنەکراوەکان، ڕۆچوونە بە ناخی دیاردە و دەرکەوتەکاندا، دۆزینەوەی ڕەگەز و ریشە سیحراوییەکانی ڕووداوەکان و مامەڵەکردن و خەملاندنیانە لە زەیندا. بە کورتی ئێمە لە ماڵی نووسیندا لە قسەلێنەکراوەکان دەدوێین و هەوڵ دەدەین بە فیکر، تێڕوانین و زمانی جیا و تایبەت بەخۆمان بپەیڤین. دید و لێدوانەکانمان، دەربڕین و دیالۆگ هەڵدەگرن. قسە و ئاخاوتنەکانمان، بێ ئەوەی دروستبوون یان نەبوونیان بە زەینماندا گوزەر بکەن، جێگای گومان و مشتومڕن. ئێمە، بۆ ئەوە نانووسین کە ڕەوایی تێفیکرین و دنیابینی خۆمان لەمەڕ هەر مەسەلەیەکی گریمان بسەلمێنین و ( پوچی و بێبناغەیی رای ئەوی دیکە**

لەقاوبدەین! ). ئێمە لە نووسیندا، تاوێك بۆخۆمان هەڵدەدەین و هەوڵ دەدەین ئەوانی دیش لە نسێیدا کۆبنەوە، بێئەوەی ناچاریان بکەین وەکو ئێمە پاڵ بدەنەوە، دابنیشن، بپەیڤن و رەوتار بکەن، بەڵکو بۆئەوەی وەك دەخوازن بیر بکەنەوە!.
دنیای سیاسەت و سیاسەتکاران، چەند بڵێی ئاڵۆز و جەنجاڵە. ئەگەر نووسین لە دنیای ئەدەبدا، چنینی تانوپۆی زمان بێ لەسەر مەکۆی فەنتازیا و ئەودیوی واقیع، کەچی جیهانی سیاسەت، بەچنگاڵە زبر و بێڕوحمەکانی لە هەوڵی بەرزەفتکردنی ئیحساس و هەڵپاچینی پەلوپۆی درەختی خەیاڵدایە. بەو حاڵەتە پڕ فشار و لە مەنگەنەدراوەی نووسینیش لەمەڕ سیاسەت و رووداوە سیاسییەکان، هێشتا ناکرێت پرسێکی بنچینەیی لە پرۆسەی نووسیندا لەبەرچاو نەگرین:
چما و بۆ کێ دەنووسین؟!.....

دەقی جددی و دەقی پفدراو! :

دەقی جددی، پابەندی چ پرانسیپێکی ئەخلاقیی دەرەوەی خۆی نابێت و لەسەر بنەما و دنگە بە فاکتا راگیراوەکانی رادەوەستێت. ئەمەش تەواو پێچەوانەی دەقی پفدراو بە سۆز و ئیحساسات و پەسن و پیاهەڵدانی دامەزراو لەسەر فەنتازیای شۆڕشگێڕانەیە، کە لەگەڵ رەوتی رووداوەکاندا راستگۆیی خۆی لەدەست دەدات و بە ئاسانی لە دنیای فەرامۆشیدا تخێڵ دەبێ!. لێکۆڵینەوەی جیددی، نە ئەرکی گەورەکردن و پیرۆزگرتنی کەس و رووداوەکان لە ئەستۆی خۆی دەنێ و نەتیز و سووکایێتییپێکردنیشیان، بەڵکە سەرهەڵدان و رەوتگرتن و ئاکامی چارەنووسیان ریشاژۆ دەکات و بە پشتبەستن بە فاکتا کۆمەلایێتی، سیاسی و فەرهەنگییەکان، لە چوارچێوەی واقیعییەتی خۆیاندا و بەپەیوەند لەگەڵ دەوروبەردا، بەرجەستەیان دەکاتەوە. دەقی لەسەر لمی خەیاڵ رۆنراو، لە دنیای توێژینەوەی سیاسی و کۆمەلایێتیدا جێگای نابێتەوە و لەبەردەم حەقیقەتی نەگۆڕە سیاسییەکاندا هەرەس دێنێ.
لێرەوە، دەمەوێت لە کرۆکی باسەکە رۆ بچم و تیشکێك بخەمەسەر وتارەکەی (سەنار مستەفا) کە تێڕوانینی خۆی لە ئاست هەندێ بینینی (قەرەنی قادری و من)، لە چوارچێوەی وتارێکدا، لەمەڕ (تراژیدیای ئۆجەلان، ئیحساساتی ناسیۆنالیستی یان بە ئەقلانیکردنی سیاسەت) کە لە ژمارە 15ی (پەیام)دا بلاوبووەتەوە. قسەی من، لەسەر جیاوازیی راو بینینەکان نییە، بەڵکو لەسەر میتۆدی خوێندنەوەو تێگەیشتنی نووسەرە بۆ لێکۆڵینەوەکەی ئێمە.. میتۆدێك، کە ناروونی و تەمومژێکی خەستی لە تەفسیر و خوێندنەوەدا لەخۆگرتووە و گومانی ئەوە درووست دەکا کە ئەو لە خودی پرسەکان نەگەیشتووە، بۆ ئەوەی لانیکەم نیوەی وەلامەکانی لە دیدی خۆیەوە دەست بکەوێت!.
یانژی نەیویستووە لێیان بگات و کۆمەڵێك بۆچوونی ئامادەکراو یان (بۆکراو)ی زەینی خۆی، لە چوارچێوەی شیکردنەوەی بابەتەکەی ئێمەدا لە قالب داون و لە هەوڵی خۆلاویکردنی زەینی خوێنەردایە!.

ئەقلییەتی حیزبی و موتڵەقییەت لە حوکمدا!:

لە ریزی بزوتنەوەی چەکداریی کورد دا، هەموو خوێندنەوە، تێرامان و گومانێك لەسەر: فیکر، بەرنامە، رێبازی سیاسی، تاکتیك و ستراتیژ، رەفتار و هەڵسوکەوتی سەرکردەکان، بە تۆمەتی ماندووبوون و بەزین یان ئاوکردنە ئاشی دوژمنانەوە مۆر دەکران و ئەو نووسەر و خوێندەوارانەی کە سیستەمی رۆبۆتیان رەت دەکردەوە و لە تێفکرین و تێرامانداا کەمێك بزێو و لاسار بوون، هەمیشە بەر نەفرەت و سزای سەرکردە و مێگەلی حیزب دەکەوتن!.
ئەو رەخنەگرە سەرچلانە، دوژمنی حیزب و سەرکردەکانی خۆیان نەبوون، بەڵکو (دژ) بوون. هەمیشەش (دژ و دوژمن)، بە توێژی لە روانگەی دەسەلاتەوە ئاوێتە دەبن و دەبن بە یەك!. ئیدی هیچ بوارێکی هەڵبژاردن، دیالۆگ و دانووستاندن نامێنێت و هاوکێشەکە دەبێتە:((یان کتومت لەگەڵ مندایت، یانژی دوژمنی من!)). لێرەدایە کە هەموو پردەکانی لێکگەیشت و رێزگرتن لە را و بۆچوونە دژەکان دەرمێن و نووسینیش نێوەرۆك و مەبەستەکانی خۆی لەدەست دەدات و دەبێتە جەوالی مشکەکانی رۆشنبیری!.
سەنار، گەرچی خۆی یەکێکە لە قوربانییەکانی ئەم ئەقڵێتە تۆتالیتاریستە، کەچی هەردوو تۆمەتەکەی بە ئێمە رەوا بینیوە و بێ هیچ سڵەمینەوەیەك حوکمی داوین.. ((ئینسان راستەوخۆ دەتوانێت هەست بەوە بکات، کە تا چ ئەندازەیەك رۆشنبیری کورد لە ناخی ناخەوە بێئومێد و بێهیوا بووە بە توانای لەبن نەهاتووی خەڵکی رەشوروتی کوردستان و تا چ ئەندازەیەك هیلاکییە شەخسی و

تایبەتییەکان، لە ناو بزووتنەوەی چەکداری کوردستانی ئێراق ، ئێراندا گروپێك لە رۆشنبیرانی بەرەو تاریکستانی پاسیفیزم و بەرچاولێڵی مێژوویی ئاژواوە.... هەم لەو ئاقارەشدا کە بە دوو قۆڵی نووسینی نوسراوەکە مانای جۆرە ریزبەندییەکە بەرانبەر جوڵانەوەی شۆڕشگێڕانەو هەقخوازانەی کورد لە بەشی باکووری کوردستاندا...پەیام ژمارە ــ 16 ــ هەندێ لە وشەکان من رەشم کردوون ( پشکۆ ) )).

خوێنەر، بە خوێندنەوەی ئەو دوو پەرەگرافەی سەرەوە، لەحوکمدانی پێشوەخت دەگا و هەروەسا ئەرکی هەر روونکردنەوەیەکیش لە شانی ئێمە دادەگرێت. ئەوی پێویستە بگوترێ: داخۆ هێزی لەبننەهاتووی کۆمەلانی خەڵك چییە و لە کوێدایە؟!. داخۆ بێهیوابوون لە خەباتی چەکداری و پێداچوونەوەی هەمەلایەنەی ئەو شێوازە نەزۆکەی بزووتنەوەی خەڵك یان (حیزبەکان) لە مێژووی چل ساڵی کوردستاندا، هەڵسەنگاندنی، خوێندنەوەی، تەرازووکردنی زیان و قازانجەکانی بە مانای(پاسیڤیزم) و (بەرچاولێڵی مێژووی) دێت؟!. ئەرێ بەڕاست ( بەرچاولێڵی مێژووی ) یانی چی؟!.

(هێزی لەبننەهاتووی کۆمەلانی رەشوڕووتی کوردستان) یاخود هەر کۆمەڵگەیەکی دیکە، ئەو هێزە بزووێنەرەیە کە کارکرد لەسەر دینامیکییەتی بزاڤی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و فەرهەنگییەکان دادەنێ و بۆ پێشەوەیان دەئاژووێ.

ئاکتیڤکردنی ئەم هێزە و خستنەگەڕ و ئاراستەکردنی بە ئاقارێکی پۆزەتیڤدا، هیچ پەیوەندییەکی بە بزووتنەوەی چەکدارییەوە نییە، نە لە کوردستان و نە لە هیچ قوژبنێکی ئەم دنیایەدا.

بزووتنەوەی چەکداری لە کوردستانی ئێمەدا (هەر چوار پارچە)، هەرگیز وەڵامدەرەوەی خواست و ویستەکانی ئەو هێزە کۆمەڵایێتییە و دەرهاوێژتەی ناخ و کرۆکی نەبووە، تا رەتکردنەوەی بە مانای وەلاخستن و باوەڕ نەبوون بێت بە خەبات و تێکۆشانی خەڵك. بزووتنەوە و سەرهەڵدانی چەکداری، چ جارێك پرۆسەیەکی خۆرسکی کۆمەلانی خەڵك نەبووە تا حیزب و لایەنەسیاسییەکان قۆزتبێتیانەوە و بەرەو سەرکەوتن رێبەرایێتییان کردبێت. یاخیبوونی چەکدارانە، هەمیشە بە پلان و ویستی حیزب و سەرکردەکان و (دوور لە خەڵك) یان یاخیبوونی کۆمەڵێك دەرەبەگ (بزووتنەوەی ئەیلول و کودەتای قاسم) ئەنجام دراوە و لەژێر ئیحساساتی ناسیۆنالیستی و سیاسەتی دڕندانەی داگیرکاراندا، جەماوەری لێ ئالاوە. ئەگەر ئەمە پێچەوانە با، ئێستا مێژوویەکی پڕ لە گلانمان درووست نەدەکرد و شکست بە شکستی نەدەسپاردین!.

سەرکردەی حیزبەکان و (رۆشنبیر)انیان، هەمیشە لە ئاستی سەختی و مایەپوچیی خەباتی چەکداریدا دەڵێن:(( ئێمە هەمیشە بە دوای فەزایەکی ئاوەڵای سیاسی و کەشێکی دیموکراتیدا دەگەڕێین تا چارەسەری کێشەکەمانی تێدا بکەین. کورد خەباتی چەکداری هەڵنەبژاردووە، بەڵکە بەسەریدا سەپێنراوە!)). ئەم قسەیە، سەد لە سەد راستە و گومانهەڵگر نییە!..دوژمن دەیسەپێنێ و تۆش بەرپای دەکەی. ئەو بە مەبەستێك و هەروەها تۆش!. راپێچدانی بزووتنەوەی سیاسیی کورد بۆ کەندەلانی خەباتی چەکداری، بەدرێژایی نیو سەدە، سیاسەتێکی زیرەکانەی دوژمنانی گەلی کورد بووە، بۆ خەساندن و بۆگەنپێکردنی هێزی سیاسی و رۆشنبیریی خەڵکی کورد و لە ئاکامەکەشی دڵنیان!. ئەقڵیەتی سیاسیی بزووتنەوەی کورد، هەرگیز نەیتوانیوە بازنەی دژەئەقڵێتەکەی ببەزێنێت. دوژمن، هەموو بوارەکانی خەباتی لێ دەتەنێت و ئەسپی چەکی بۆ زین دەکات و جڵەوەکەشی دەداتە دەست ئەوی دی!. واتە، ئەو، بزووتنەوە سیاسییە مەوزوعییەکە لە رێچکەی ئاسایی خۆی لادەدات و دەیکاتە گەمەی سیاسەتی نێوچەیی و نێودەوڵەتی. ئەو، رێگای خۆکوژیت بۆ والا دەکات تۆش بەسەر خوێن و جەستەی سووتاو و وڵاتی وێراندا، مەستانە و یەکسەڵەف ئاوزەنگی لێ دەدەیت!. تا ئێستا ئەمەیە میکانیزمی وەگەڕکەوتنی بزووتنەوەی چەکداریی هاوچەرخ و بەرئەنجامەکەی لە کوردستاندا، ((بەو سەرئەنجامەی باشووری کوردستانیشی پێ گەیشتووە. ناکرێت ئەو دوو دەوڵۆتەکەیەی ئەوێش، وەکو تاجی سەرکەوتنی بزووتنەوە چەکدارییەکەی پاشی هەرەسی ئەیلول ببینین!)). ئەگەر سەرکردە و دامەزرێنەرانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، پاش هەرەسی ئەیلول، لە شام نەبان و بەرژەوەندی ناوچەیی دەوڵەتی سوریاش وەهای نەخواستبا، شۆڕشی (نوێ) ی گەلەکەمان بەو دەستوبردە بەرپا نەدەکرا!.

بزووتنەوەی کورد، لە کوردستانی باکووریش، (تا ئەو جێگایەی پەیوەندی بەلایەنە چەکدارییەکەیەوە هەبێت)، چوارچێوەی گشتیی ئەم گەمە خوێناوییەی نەبەزاندووە.

تاپۆی سیاسەت، لە بزووتنەوەی چەکداریدا، (هەر نەبێ لە کوردستانی ئێمەدا)، رەشێکی قەترانییە، بەشێکە لە سیاسەتی ساتوسەودا و مامەڵەی نێوان دەوڵەتەکانی دوژمن بە کورد لە نێوچەکەدا. بزووتنەوەی چەکدارانەی کورد، بە درێژایی مێژووی خۆی، بە قازانجی داگیرکاران و زیانی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان تەواو بووە!. سرووشتی ئەم بزووتنەوانە و بازنەی پەیوەندییە

ناچارییەکانیان بە دنیای دەرەوەی خۆیانەوە هەمیشە بەهانەو ڕێخۆشکەر بوونە بۆ پراکتیزەکردنی سیاسەتی وێرانکردن، سوتماککردن، ئەنفال و کۆمەڵکوژیی کورد، لەلایەن دوژمنەکانییەوە!.

بزووتنەوە چەکدارییەکانی سەردەم، هەمیشە حیزبی نادیموکرات و بەزەبر و تیرۆر ئاخنراویان بەوجود هێناوە و کارگەی بەرهەمهێنانی توێژێکی ملیۆنێری سیاسی بوونە.

لە پاش گرتن و رفاندنی ئۆجەلان بۆ تورکیا، هەندێ دەنگی رەخنە و ناڕەزایی لە تورکیادا، بەرانبەر بەو کارە (گەوج)انەیەی دەوڵەت بەرزبوونەوە!!. ئەو دەنگانە، بە خاتری کورد و پاراستنی ئابڕووی دەوڵەتی تورك نەبوون، بگرە پێیان وابوو تورکیا بەئەنجامدانی ئەم کارە:

ـ ئەگەری کۆتاییپێهێنانی بزووتنەوەیەکی چەکداری دێنێتە گۆڕێ، کە بەشێك لە دەسەڵاتدارانی تورك ،هەمیشە پێویستیان پێیەتی.

ـ گوازتنەوەی کێشەکە بە گڕگرتویی، لە فۆرمێکی دیکەدا، لە دەرەوەی سنورەوە بۆ نێو دڵی تورکیا!.

ـ هەڵئاوسانی کێشەکە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بە قازانجی ستراتیژی دۆزی کورد.

ـ دەربازبوونی، کێشەکە، لە گەمەی سیاسەتی نێوچەیی و نێودەوڵەتی و فۆرمێلابوونی لە بازنەیەکی سەربەخۆ و مۆدێرندا!.

ئیدی زۆر سرووشتییە کە مرۆڤ لە دیدێکی رۆشنەوە، نەك (رەشەوە)، لە چارەنووسی رەشی بزووتنەوەی چەکداری بڕوانێت!. زۆر سادەیە و جێگای گومانیشە گەر ئێمە هێزی بزووتنەوەی کورد بە گشتیی و بزووتنەوەی گەل لە باکوور بەتایبەتی، لە چەند هەزار (گەریلایەکی سەر چیا)دا ببینین و لاواز بوون و شکستهێنانی ئەو هێزە چەکدارە، بە شکستی شۆڕشی کورد تێبگەین و هەموو لێکۆڵینەوە و ئاوڕلێدانەوەیەکیش دەرهەق بەو شێوازەی یاخیبوون، بە (ریزبەندی دژی شۆڕشی کورد لە باکوور) و هەڵکردنی (ئالای تەسلیمبوون و ملکەچی) حیساب بکەین!. ئەو ئەقلانەی لە پشت ئەم جۆرە راڤەکردن و لێکدانەوەیەوە دەوەستن، سەروکاریان لەگەڵ تێگەیشتنی خێڵەکیانەدا هەیە بۆ چەمکەکانی (سەربەرزی، شەرەف، کەرامەت، یاخیبوون، و ملکەچکردن) بێئەوەی زەمینەیەکی مەعریفی و رۆشنبیرییان بۆ هەڵهێنجانی شیکار و توێژینەوەکانی خۆیان هەبێت. ((چەك و جامەدانی و سەرکەیکەی چیاگرتن))، مێژوویەکە بوونەتە هێما و سیمبۆلی رەوایی خۆرا پسکان و بەرەنگاربوونەوەی میللەتێك لە ئاست زوڵمێکی مێژوویدا!. هەڵگرتنی ئەو زوڵمە و وەلانانی، پێویستیان بە تێکشکاندنی ئەقڵێتی (زوڵم)ەکە هەیە، نەك فراوانکردنی دەبۆی چەك و جامەدانی. ئەمەش رێك ئەو کارەیە کە ئێستا خودی ئۆجەلان لە زیندانەوە خەریکییەتی و پاشتر دەکرێ قسەیەکی لێ بکەین!.

خەونی رزگاریی ئینسانەکان:

نووسەر دەنووسێت:(تراژیدیای ئۆجەلان: ئیحساساتی ناسیۆنالیستی یان بە ئەقلانی کردنی سیاسەت، جۆرە پێکەنینێکی ئاشکرا و بێوەفایانەیە بە ریشی رێبەر و تێکۆشەرانی بزووتنەوەیەك، کە لە سەرتاسەری مێژووی دوور و نزیکی کوردستاندا هیچکاممان نمونەو هاوچەشنیمان نەدیوە. بزووتنەوەیەك کە سەرەرای هەبوونی کەموکورتی لە هەندێك شێوازی رێکخراوەییدا، لە مەدایەکی مێژوویی کورتدا بە رادەیەك ئایندەی رزگاری ئینسانی کوردی لەرەگ و ریشەوە لە سەرتاسەری جیهاندا گۆڕی و خستە سەر زار و زمانان ....)).

پێشتر ئاماژەمان پێکرد کە ئەمجۆرە تێڕوانین و لێکۆڵینەوانە، هیچ پەیوەندییەکیان بە دنیای لێکۆڵینەوەو نووسینەوە نییە.

(جاڕدان بۆ رزگاریی ئینسانەکان!)، پرۆسەیەکی مێژوویی کۆمەڵایەتییە و هەتا ئێستاش نە لە کوردستانی بێبەش لە هەموو مافێکی ئینسانی، بگرە لە تەواوی دنیاشدا، لە بازنەی پرۆسەی جاڕدان و بانگهێشتن و خەون و خواستەکانی مرۆڤدا قەتیس ماوە!. رزگاریی (ئینسانەکان)، جارێ لە ئەرزی واقیعدا ئاسەوارێکی نییە. بە ئاکامگەیشتنی بزووتنەوەی نەتەوایەتی هەتا لوتکە و دامەزراندنی ناسیۆناڵستادیش، تەنیا دەکرێ زوڵمی نەتەوەیەك لەسەر نەتەوەیەکی دیکە لا ببات، ناسنامەی نەتەوایەتی ساز بکات

، دەسەڵاتێکی لاپرسەن وەلا بنێت و دەسەڵاتێکی خۆماڵی لەجێی دابنێت. ئەم دەسەڵاتە نەتەوەییە نوێیە، تەنیا دەتوانێت شەرەف و کەرامەتی ئینسانەکان وەکو (گروپ) نەك(تاك) بپارێزێت و سەردەمی ئیهانەت و سوکایەتیپێکردنیان وەکو (نەتەوە) بپێچێتەوە!.
ئەم دەسەڵاتە نەك هەر ناتوانێت دەسەڵاتێکی مۆدێرنی کۆنترۆڵکار بێت (کە لەوێشدا ئینسانەکان وەکو تاك، ئازادییەکی رەهایان نییە کۆنترۆڵ کراون)، بەڵکو بەپێی بنەماو خەسڵەتە رۆژهەڵاتی، خێڵەکی و مەزهەبییەکانی، دەسەڵاتێکی سزادەریش دەبێ، بە چەمك و تێگەیشتنی قوڵی دەسەڵاتی سزا لەسەر جەستە و رۆحی تاك.
( رۆشنبیر )، نە لەگەڵ دەسەڵاتە و نە دوژمنی، بەڵکە کێشەیەکی نەبڕاوە و ئەبەدیی لەگەڵ ئەودا هەیە!. بەدرشت بیرکردنەوە و سەرپێی نووسین، نووسەر توشی دەربڕینی قەبە و بێنێوەرۆك دەکات و راستییە زانستی و کۆمەڵایێتییەکانیشی لێ دەشێوێن.
ئەو رێبەرە شۆڕشگێڕەی نەتوانێت ئازادی بۆ ئەندامە کۆیلەکانی نێو زیندانی حیزبەکەی خۆی دابین بکات و بواری تێهزرین و بیرکردنەوە و هەناسەدانیان بۆ فەراهەم بکات، ئەستەمە چاوەڕوانی رزگاریی(ئینسانەکان)ی لێ بکرێت!.
با بێ هیچ شرۆڤەو شیکردنەوەیەك، پێکەوە چاوێك لە چەند بڕگەیەك لە مێژووی پارتی کرێکاران بکەین ... ( کۆنگرە وەکو تەدبیرێك لە بەرامبەر ئەو چەمکانەی دەرەوەی هێڵی پارتی بڕیارێکی گرنگ وەردەگرێ، ئەمەش لایەنێکی گرنگی کۆنگرە بوو. چونکە ئەو کاتە مەسەلەی سەمیر و سلیمان و فاتیمە و زیاد و .... دەردەکەوێ و ئاشکرا دەبێ، جا بۆ پاراستنی پارتی لە دەستی ئەو تێکدەرانە بەر لە هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی بڕیارێك وەردەگرێ و مەرجێك لەبەر ئەندامبوونی کۆمیتەی ناوەندی دادەنێ .
تەدبیرەکەش ئەوە بوو کە کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراو رەسمیی نەبوو(شەرعییەتی نادەنێ ــ پشکۆ ــ)، واتە ئەو کۆمیتە لە ڕەسمییەتدا پەسەند نەکرا هەتاوەکو لە کرداردا خۆی بسەلمێنێ، بڕیار وابوو هەریەك لە ئەندامانی ئەو کۆمیتەیە لە ماوەی ساڵێکدا خۆی بسەلمێنێ، ئەوە بە ڕەسمی قبوڵ دەکرێ، ئەویش کە خۆی نەسەلمێنێ جێگەی خۆی لە ناو کۆمیتەدا ناگرێت وە ئەندامێتیی لێ وەردەگیرێتەوە ئەو بڕیارەش لە دەستی سەرۆکایێتیدا دەبێت و دەسەڵات لە دەستی ئەودا بێت و دیاری بکات کێ لە کۆمیتەی ناوەند جێگە بگرێت و کێ جێگە ناگرێت ..(سەرۆکایێتی مانای خودی سەرۆك ئاپۆ ! ــ پشکۆ ــ) ... لە مێژووی هیچ پارتێکدا مرۆڤ بڕیارێکی وەها نابینێت، تەنیا لەناو (پ ك ك)دا نەبێت. بڕیارێکی لەوجۆرە و تەدبیرێکی وەهامان لە مێژووی هیچ حیزب و لایەنێکدا نەبینیوە. هەڵبەت لێرەدا جارێکی تر راستی (پ ك ك)مان بۆ دەردەکەوێ کە هەرچەند پارتییەکیش بێت، دیسان وەکو پارتییەکانی تر نییە ...لە کۆنگرەدا پارتی تەدبیرێکی وای وەرگرتبوو، کۆمیتەیەکی ناوەندی هەڵبژێردرا بەگەم رەسمی نەبوو. بۆ ئەوەی ببێتە رەسمی پێویست بوو ساڵێك خەبات بکا و لە کرداردا خۆی بسەلمێنێ. دەسەڵاتی ئەمەش درا بە سەرۆکایەتی، واتە تەنیا ئەندامێتی سەرۆکایێتی رەسمی بوو و ئەوانی تر هەموویان نارەسمی بوون. شتی وا تەنیا لەناو(پ ك ك)دا دەبینرێ و لە مێژووی (پ ك ك) دا هەیە ... لەم چاو هەڵبڕینەدا دەمانەوێ وتەی هەندێك کەس لێك بدەینەوە کە دەڵێن: (ئاپۆ هیچ کەس و هیچ سنورێك ناناسێ و تەنیا خۆی پیادە دەکات)، ((گەلێك کەس و تەنانەت دەوڵەتیش ئەو رەخنەیە دەکەن. پێش هەر شتێك پێویستە بڵێین ئەمە راستە، سەرۆك ئاپۆ خۆی پیادە دەکات و دەبێ خۆیشی پیادە بکات، چونکە ئەو سەرۆکایەتییە. لە مێژووی مرۆڤایێتیدا سەرۆکایەتی هەردەم ئاوا هەڵس و کەوتیان کردووە ..... مێژووی پارتی کرێکارانی کوردستان ل 418 ، 416 ، 414 ، 413)). (دەقی نێوان دوو کەوانە گەورەکە، گەلەك هەڵەی رێنوس و رێزمان و خاڵبەندیی تێدایە و من وەکو خۆی دەینوسمەوە ــ پشکۆ ــ).

ئۆجەلان و ئێمە و سیستەم![*] :

تا ئەوکاتەی میکانیزمی بەڕێوەچوونی دەسەڵاتی دەوڵەتی تورك لەسەر پرەنسیپە فیکری و سیاسییەکانی کەمالیزم بەڕێوە بچێت، تورکیا وڵاتی تورکان و کوردیش (تورکی کێویلە) و کۆیلە بێت، هەر ئینسانێکی کورد (نەك ئۆجەلان وەکو سەرۆکی حیزبێکی بەدەسەڵات و رێبەری بزووتنەوەکە)، زیندانی و دادگایی بکرێت، ئەوە کێشەی کورد و خواستە رەوا کانییەتی کە دەکرێنە قەفەز و بە بەرچاوی جیهانەوە دادگایی دەکرێن و سوکایێتییان پێ دەکرێت!.
بە دەنگەوە هاتن وکەوتنە سەر شەقامانی سەدان هەزار کورد بۆ پشتگیریکردن لە کێشەی ئۆجەلان و بزووتنەوەی کورد لەو بەشەی کوردستاندا، تەنیا لەو رووانگەیەوە سەرچاوەدەگرن. ئەو زوڵمە گەورەیەی (سیستەمی جیهانی)، لەرێگەی ئۆجەلانەوە لە کوردی کرد، تەنانەت کەس و گروپە نەیارەکانی ئۆجەلان و (پ ك ك) شیان، نەك (دوژمنەکان)، هەژاند. نووسەران و رۆشنبیرانی کورد،

هەرچییەکیان لەو بوارەدا پێکرا، کردیان و ئەرکی خۆیان وەکو ئینسانی کورد نەك (روناکبیر)ی کورد، جێبەجێ کرد. واتە بۆ داکۆکی کردن لە سەرکردەی حیزبێکی سیاسی، کە قیتاری بزووتنەوەی چەکداری وەك هەمیشە لە وێستگایەکی هەڵەدا داییەزاند، خۆپیشاندانیان ئەنجامدا، نامەی پرۆتێستیان ئیمزا کرد و لە مێدیای جیهانییەوە، هەوڵی بردنەسەری کێشەکەیان دا و پشتگیرییان لێ کرد!. من ئێستاش پێم وایە، کە ئەرکی رۆشنبیر زۆر لەوە واوەترە کە حیزب و سەرکردە سیاسییەکان توێرڕێژەی دەکەن و لەقاڵبی (شۆڕشگێڕ) و (دژەشۆڕش)دا دەیجەڕێنن!. داواکردن لە نووسەر و رووناکبیر، تا چاکی مەردانە و کوردانەی لێ بەلادا بکات و (بەرنامەی رادیکاڵ و شۆڕشگێڕانە) بۆ جەماوەر و بزووتنەوەکەی دابڕێژێت، جێگۆڕکێ پێکردنی نێوان کادر و نووسەرە!. ئەگەر ئەرکی نووسەر، داڕژتنی بەرنامە و (ئامۆژگاریکردنی بە ویقار و فەیلەسووفانەی!) سەرکردە سیاسییەکان بێت، ئەدی سەرکردە و سیاسەتکاران، وەعز و دەرسی کێ دابدەن و بەرنامەی(رادیکاڵ) بۆ کام مەسەلە دابڕێژن؟!.

داخۆ نووسەر، بەهیوای ئەوەیە کە سەرکردە سیاسییەکان گوێی لێ بگرن و حیساب لەسەر را و بۆچوونەکانی بکەن؟!. هەندێ را هەن دەڵێن: (هەرسات رووناکبیر بەو قەناعەتە گەیشت و بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ نووسیندا مامەڵەی کرد، چەمك و پێناسەی خۆی وەك رووناکبیر، ون دەکات!).

نووسەر، نە ئەلتەرناتیڤی رادیکالی لا دەست دەکەوێت و نە ئەرکی ئەویشە سووکایێتی بە میللەت بکات و (بەرنامەی کاری شۆڕشگێڕانە)ی بۆ دابڕێژێت. نووسەر دەتوانێت لە میانەی کاری نووسین و لێکۆڵینەوەی بابەت و کێشە ئاڵۆزەکانەوە، ختووکەی زەین خوێنەر بدات و زەمینەیەکی بەهاتی بۆ بیرکردنەوە بۆ بخوڵقێنێت. مارکس، بە قورسایی فەلسەفەکەی دنیای هەژاند، نەك بە داڕژتنی پرۆگرام و دروشمەکانی خەباتی کرێکارانی جیهان!.

فەلسەفەی مارکس، ساتێك بوویە ئایدۆلۆژیا بەرنامەی کاری حیزب (لینینیزم)، ئەوەی لێ کەوتەوە کە لە واقیعدا بینیمان!.

## <u>بەدییقەت تێگەشتن و بەدرشت ئەنجاموەرگرتن!:</u>

((ناشێ لە شا شاپەرستتر بین!))**

سیاسەت،مەسەلەیەك نییە بە خواست و ئارەزوو مامەڵەی لەتەکدا بکرێت!.

سیاسەت، ئەگەرچی (زانست)ە، وەلێ زانستێکی سەربەخۆ و دابڕاو نییە و بەهەزار ویەك هەودا، بە دیاردە و دەرکەوتەکانی دیکەوە شەتەك دراوە و بە ناچاری ملکەچیان دەبێت. لەخۆڕا نەگوتراوە:(سیاسەت، هونەری ئەو کارانەیە کە ئیمکانیان هەیە!). ئێمە لە تێڕوانینماندا بۆ سیاسەتی کوردی و بزووتنەوە چەکدارییەکەی و ئەو دۆخەی ئیستا (پ ك ك) و (ئۆجەلان) و بزووتنەوەی کورد بە گشتی و هی کوردستانی باکوور بە تایبەتی تێی کەوتوون، هەوڵماندابوو، خوێندنەوەیەکمان بۆ سیستەمی نوێی جیهان و شوێن و جێگای ئەو پرۆسەیە لەو سیستەمەدا و کارکرد و پەرچەکرداریان بۆ یەکدی و لەسەر یەکدی، هەبێت. وتارەکەی ئێمە، تەنیا هەوڵ وتێڕامانە نەك بڕیار، بەرنامە، وەعز، و دەرسدادان. خوێندنەوەی ئێمە بۆ (سیستەم)، بەپێی تێگەیشتنی خودی وتاری (.... ملکەچی)یش ، ورد و بە دیقەتە و نا سەرکەوتوو نییە!... ((ئەوان لە بەشی سەرەتای وتارەکەدا (وەسف)ێکی سیستەمی نوێی جیهانیان کردووە، کە رەنگە کەم کەس توانیبێتی تاکو ئێستا وەسفی ئاوا واقیعیی، بۆ ئەو سیستەمە کردبێت ... چەند پێناسێکی دروست و هەمەلایەنە!... ملکەچی .... پەیام ، ژ 16)).

کەوایە ، ئێمە، لە پرسی (سیستەم) گەیشتووین و بەو پێیەش دەبێ لانیکەم، نیوەی وەڵامەکانمان دەست کەوتبێت!. پێمان وایە کە: سیستەمێکی یەکجەمسەری بە تانوپۆی زەبر چنراو، نە بواری گەمەی چەکدارانەی نێوچەیی و نێودەوڵەتی تێدا ماوە و نەشوێنی (زاباتا) و (جیڤارا)یاخییە شۆڕشگێڕەکانی گروپە چکۆلە و بێهێزەکان!.((بێهێز، بە مانای لاوازیی ئابووری و سیاسی و تەکنیکی)). لێکۆڵینەوە و شیتەڵکاریی لەمەڕ مەسەلە و رووداوە سیاسییەکانی سەردەم، بەڵگە ونمونەی دەساڵی پێش ئێستاش لەخۆ ناگرن، چ جای نمونەهێنانەوەی سەرەتای سەدەکانی رابردوو!. کێ بوو گوتی:((هەموو هەلومەرج و بارودۆخێکی دیاریکراو ، لێکدانەوە و شیکردنەوەی تایبەت بە خۆیان گەرەکە!)).

ئەگەر چاوێك لە نەخشەی کێشە گرگرتووەکانی جیهان بکەین، نە تەنها لەسەر ئاستی گروپ و نەتەوە بێماف و زوڵملێکراوەکان، بگرە میللەتانی خاوەندەوڵەتی بە تۆڕی (سیستەم) جەڕێنراویش،((ئێران، سوریا، یۆگۆسلافیا... هتد))، بەرایی سیاسەتی خۆگونجاندن و (کشاندن)ی زنجیرەکانی (سیستەم) دەبینین. ( شکاندن ) و ( کشاندن )، لە نێوەرۆك و مانا سیاسییەکەیاندا یەك

**مەبەست لە خۆ دەگرن، ئەوویش فراوانکردنی دیوارەکانی زیندان و فەراهەمکردنی بواری هەناسەدان و جموجوڵ و چالاکیی سیاسی، بەمەبەستی وەلانانی لەمپەرەکان .. یەکەمیان بە زەبری شۆڕشگێڕانە (کە بواری لێ تەنراوە) و دووهەمیشیان بە خەبات و تێکۆشانی سیاسی و (ئەقڵ) ی شۆڕشگێڕانە، کە هەم پشووی درێژی پێ دەوێت و هەمیش خستنەگەڕ و ئاکتیڤکردنی (هێزی لەبننەهاتووی جەماوەر) و بەشداریکردنیان لە داڕژتنی پلان و بەرنامەی چارەنووسی خۆیاندا!.**

**ئۆجەلان، وەکو رێبەر و ئەقڵی بیرکەرەوەی (پ ک ک) و بزووتنەوەی چەکداری لە باکووردا، دەکرێت لە میانەی تێگەیشتنییەوە لە حەقیقەتی (سیستەم)، لە تێز و بەرنامە و داخوازییەکانی (چ لە سەردەمی رۆما و چ لە زیندان)دا، لێی بڕوانین. ئۆجەلان، پاشی وەدەرخستنی لە (شام) و هاتنی بۆ ئەوروپا، بەسەرلەبەری تێز، بەرنامە و دیدی خۆی و (پ ک ک)دا، لەمەڕ چارەسەری کێشەی کورد لە تورکیادا چوویەوە!. ئەو، بەپێی پێویستییەکانی سەردەم، لە هەوڵی خۆگونجاندن لەگەڵ(سیستەم)دا بووا!. پێچانەوەی بەرنامەی رزگاریی سەرتاسەری و دامەزراندنی دەوڵەت و جیاکردنەوەی کوردستان لە تورکیا، لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی ئاشتیانەدا کە کۆمەڵێك خواستی کەمتر لە (ئۆتۆنۆمی) لەخۆگرتبوو، جگە لە بیرۆکەی (خۆگونجاندن) و هەوڵدان بۆ سیڤیلیزەکردنی بزووتنەوەکە، شتێکی دیکە نەبووا!. لە قۆناغی (زیندان)یشدا، کێرڤی هەڵوێست و خواست و داواکارییەکان، لە داچوونێکی سەیردان و تەفسیر و تێڕوانینی جیاوازیان لە دید و مەرامی جیاوازەوە، لەسەر کراوە!. ئۆجەلان، یەکەم سەرکردەی بەدیلگیراوی کوردە لە تورکیادا، کە بە شێوازێکی نیمچە ئاشکرا، دادگایی بکرێت و لە قەفەزی دادگای کەمالیستەکاندا بەشێك لە ئاخاوتن و داکۆکی لەخۆکردنی، هەمان کات و بەو خێراییە، لە رێگای مێدییای ئەلیکترۆنییەوە، بە هەموو دنیا بگات.**

**تەرزی بیرکردنەوە و بەرگری لەخۆکردنی ئۆجەلان، نەك هەر بۆ دنیای گوێقوڵاغ و لەسەر پشکۆی بێئارامی چاوەنواڕ، بگرە بۆ کورد و بەشێك لە ئەندامانی حیزبەکەشی، جۆرێك لە راچەنین (شۆك)ی درووست کردا.**

**مرۆڤ ناتوانێت یەکلایەنە و بە موتڵەقی لە ناواخنی هەڵوێست و پەیڤینەکانی ئۆجەلان لەمەڕ داکۆکیکردن لە خۆی، حیزبەکەی و کێشەی کورد بڕوانێت!. بەڵام بە وردی خوێندنەوەیان، زەوینەیەکمان بۆ تێرامان و بەخۆداچوونەوە بۆ دەخوڵقێنێت!....**

**((ئێمە هەڵەی زۆر قورسمان کردوون. بەداخەوەم کە خەڵك زۆر کوژراون!. من داوای لێبوردن دەکەم. من دەمەوێ خزمەتی ئاشتی و کۆمارێکی دیموکراتی، لە تورکیادا بکەم ...(ئۆجەلان بۆ ژیانی خۆی دەپاڕێتەوە!.). رۆژنامەی ئێکسپرێسی سویدی،** 1 **ی یونیی** 1999)).

**((ئەوانەی کە زەبریان نواندووە و خەڵکی بێتاوانیان کوشتوون، چەکدارانێکی جلەوپساو بوونە و لەم ساڵانەدا کەسانی سیڤیلیان کوشتووە!... ( ئۆجەلان، زەبر لە ئەستۆی پێشمەرگەکانی پ ک ک دەنێت) رۆژنامەی میترۆ،** 3**ی یونیی** 1999)) .

**((ئەگەر بواری ژیانم هەبێت، دەمەوێت هەڵەیەکی مێژوویی راست بکەمەوە!... لە کەسوکاری شەهیدانی تورك لە شەڕدا، داوای لێبووردن دەکەم!... وڵاتانی نێوچەکە و دنیاش، دەستیان لە قوڵکردنەوەی کێشەی نێوان کورد و تورکدا هەیە، دەنا کورد و تورك، دەتوانن پێکڕا بە ئاشتی بژین.. من دژی هەموو رەشەکوژییەکم لە تورکیادا ئەنجام دەدرێت ....هتد (هەمان رۆژنامەی پێشوو)....)).**

**دیارە ئەم قسانە، بەشێکی کەمن لە پرۆژەیەکی درێژی ئامادەکراوی ئۆجەلان بۆ داکۆکیکردن لە خۆ!. لێرەدا، هەموو شێوازێکی لەخۆداکۆکیکردن دەبینرێت، جگە لە داکۆکی لە بەرهەقبوونی جیابوونەوە، دەوڵەتی کوردی و (ئیدەی رزگاری ئینسانەکان) نەبێت!. دەشێت و هیچ گومانیشی تێدا نییە کە دڕندانەترین شێوازی ئەشکەنجەی دەروونی لەگەڵ ئۆجەلاندا بەکار هێنرابێت. ئەگەرچی ئەو خۆی جەختی لەسەر ئەوە کرد کە لە (زینداندا، دووچاری هیچ ئازاردانێکی رۆحی و جەستەیی نەهاتووە!)، کە نەدەبوو ئەمە بڵێت و رووی موخابەراتی تورك، سپی بکات!. ئێستا، ئێمە، دەبێ چۆن چاو لەم گفتارانە بکەین و چۆنیان راڤە بکەین؟!. دەبێ ئەم گفتار و رەفتارەی ئۆجەلان بە بێهەڵوێستییان لە قەڵەم بدەین و بێژین: شێری زنجیرکراوی کورد لە قەفەزی ئەتاتورکدا، ئەو شێرە بەنەڕەیە نەبوو کە چاوەڕێی بووین؟!. داخۆ ئەمە جۆرێکە لە تاکتیکی شۆڕشگێڕانە و هەوڵدانێکە و بۆ سەردەربازکردن؟!. یاخود تێگەیشتنێکی واقیعییە بۆ شێوازی چارەسەرکردنی کۆنفلیکتی کورد/ تورك لە تورکیادا و هەستکردنە بەوەی ((بەرپەرچدانەوەی زەبر، بەزەبری شۆڕشگێڕانە))، لە دنیای ئەمڕۆدا، بە هەوارێکی خوازراومان ناگەیەنێ!.**

**من بەشبەحاڵی خۆم ئەمەی دواییان دەبینم. ئۆجەلان، هەم داکۆکی لە ژیانی خۆی دەکات، ((ئەویش وەکو هەر ئینسانێك، کە مەرگ ئێخەی گرتووە، مافی تەواوی خۆیەتی)) و هەم لە هەوڵی کشاندنی شیشەکانی زیندانی ( ئیمرالی ) و زیندانە گەورەکەشدایە !!.**

ئێستە، ئەگەر دەوڵەتی تورك، ئامادەیی تێدابێت کەگەلی کورد وەکو میللەتێکی جیا لە تورك، لە تورکیادا بناسێت و مافە کولتووری و ئینسانییەکان بسەلمێنێت، ئۆجەلان، وەك خۆی دەڵێت:((ئامادەیە لە سێ مانگدا، چەکدارێك بە سەر چیاوە نەهێڵێت!)).

لە میانەی ئەو دیاردە و دەرکەوت و ئاڵوگۆڕانەی لە ماوەی ئەمساڵدا، لە هەڵوێست و فیکر و ڕێبازی ئۆجەلاندا هاتنە گۆڕێ، بەو خاڵە دەگەین کە ((ناکرێت لە شا شا پەرستتربین!)).

دادگاییکردنی ناڕەوای ئۆجەلان، لێکۆڵینەوەی وردتری گەرەکە و زۆر تەوەری گرنگی تێدا هەن، کە باسوخواسی جیبیدی هەڵدەگرن و ئێرە جێگایان نییە.

بەشێکی وتاری (ملکەچی....)، کەم و زۆر لە دەرگای بابەتەکەی ئێمەی نەداوە و بۆ لایەکی دی ڕۆیشتووە، بۆیە بەسەرکرنەوەیان بە زێدەڕۆیی دەزانم!.

پەراوێز و تێبینییەکان:

# ئەگەر چ* بەکاربردن* وشە* (ئێمە) و بەکۆ ئاخاوتن و دەربڕین، لەبر* بە راناو* تاک* بگۆ هاتنە دەنگ، لە سەردەم* دروستبوون* (تاك)* هۆشمەند* یاخ* و لە گروپ تەوەلابوو، جۆرێك لەترس و وابەستەیی* تێدایە و نیشانە* جەسوورنەبوون* (تاك)ە لە رووبەڕووبونەوە و دەربڕین* بۆ چوونەکان* لە ئاست (گروپ)دا و هەوڵدانێکیشە بۆ درووستکردنی وەهمێك لە دڵنیایی و هەق بەخۆدان و نوێنەرایێتیکردنی گروپ و خۆ بە ریشسپی زانینیان!. وشەی (ئێمە) بۆ من، جگە لە (قەرەنی) و (من) مانایەکی دیکەی نییە و لە زۆر شوێنیشدا وتاری (ملکەچکردن ....) بەسەرمدا دەیسەپێنێ.

دەنا ئەوی من دەینووسم، بێ لەبەرچاوگرتنی یار و نەیاری بینینەکانم، تەنیا بۆخۆم دەگەڕێتەوە!.

# # لە رۆژی 2 / 8 / 1999 دا، مێدیاکانی جیهان رایانگەیاند: ((ئۆجەلان، لە دورگەی (ئیمرالی) یەوە داوای لە هێزە چەکدارەکانی پ ك ك کرد، تا واز لە خەباتی چەکدارانە بهێنن و لە پێناوی ئاشتیدا، لە سنوورەکانی تورکیا دوور بکەونەوە!)).

((رۆژی 4 / 8 / 1999، سەرکردایێتی پ ك ك، راگەیاندنێکی دایە ئاژانسە جیهانییەکانی دەنگوباس و پشتگیری خۆی بۆ بڕیارەکەی ئۆجەلان راگەیاند!)). ئێستا، ئۆجەلان و ئێمە و (پ پ ك)، ئالای (ملکەچی)مان هەڵکردووە و ریزبەندیمان دژی بزووتنەوەی چەکداری کردووە!. ئەگەر سەنار و لایەنگرانی بزووتنەوەی چەکداری، (ماندوو)نین و لایان وایە کە خەباتی زەبر و چەك، خێرێکی بۆ کورد تێدا ماوە، با بفەرمون!.

1 ــ کاری هەرەوەزی لە نووسیندا کە ئێمەی پێ تاوانبار کراوە ، داهێنانی ئێمە و دیاردەیەکی نوێ نییە. لە بواری ئەدەبدا، بە دووقۆڵی (رۆمان نووسین) زۆر لەمێژە و لە بواری شیعریشدا، پۆستمۆدیرنیستەکانی کورد، هەشتقۆڵی دەنووسن!. لە بواری لێکۆڵینەوە و کاری رۆژنامە نووسیندا، نووسەران و رۆژنامە نووسانی سویدی، گەلێکجار ئەو کارە دەکەن و کەسیش بە (( ریزبەندی دژی شۆڕش و بزووتنەوەی باکووری سوید، تاوانباران ناکات!)).

2 ــ سەنار و من، سالآنێکە هاوڕێ و دۆستین. هەردووکمان و کەسانی دیش، لە دید و بۆچوونماندا ئازادین. دەبوو هەم پرەنسیپی دۆستایێتی و هەمیش پرەنسیپەکانی نووسین، رێگایان بە سەنار نەدابا کە بەو زمانە لەگەڵ ئێمە بێتە پەیڤین!. سەنار، نەدەبا وشەگەلی لە نێو کەوانەنراوی (("نووسەران "، " نووسەرانی ئەقلآنی"، پێشنیاری " ئاقلآنە"، "نموونە"، "ئەقلآنییەت" و هتد ...))، کە هێمای تەوسئامێز و بەکەمگرتنی کەسانی دیکەن، نووسیبان و پرەنسیپەکانی (پەیام)یان وەکو بلآوکراوەیەکی سەنگین، بەزاندبا!. دیارە، من دژی هەر جۆرە سانسۆرێکی کاری نووسین و رۆژنامەنووسیم، وەلێ نووسینیش، یاسا و رێسا و پرەنسیپی خۆی هەن!.

ئاگۆستی 1999

**رەنگی شمشێر لە دەنگی پەیڤەکاندا!**

**((دەنووسم .. چونکە دەمەوێت عەدالەت، مینا خەونێکی زیندووی لەمردن نەهاتوو، بمێنێتەوە. دەنووسم، چونکە دەخوازم ئەم کەونەزەوینەی لەسەری دەژیم، سێبەری زوڵم و تاریکیی لێ ئاوا بێت.**
**داخۆ شتی وا دەبێ؟!.. ئەگەر بەرسڤێکیش نەبێ، نووسین تەنیا بەرسڤێکە کە دەیزانم.))***

**ـ 1 ـ**

**پەیڤەکانی تۆ نا .. نە هی ئەو و نە ئەویدیش!.. رەنگە پەیڤەکانی خۆم بن .. لەوانەشە نەبن!.. کێ دەزانێ؟. گرنگ نییە.. بەلأنەکی دەیانبیستم و دەیانبینم. لەسەر رووپەری رۆژنامەو گۆڤارەکان، لە کوردستان و هەندەران ، لە چاوی سایتەکانی ئینتەرنێتدا، رووخساری ژەنگاوی شمشێرەکان دەبینم و گوێم لە تەپەی پێیانە، کە بە جەستەی پەیڤەکاندا غار دەدەن. من هەستیان دەکەم و بەسەر پردەکانی هۆشمەندییمدا بۆ ماڵەکانی زەینم دەپەڕنەوە.. دڵنیام تۆش هەروەسا. دەنگی وێککەوتنی شمشێرەکان تۆزقاڵێکیش دڵم نالەرزێنن، وەلێ نیگەرانم دەکەن و دەمشەمزێنن!.**
**رووداوەکان، ناچار بە تێرامان و بیرکردنەوەمان دەکەن. تۆ بیر دەکەیەوە، ئەو بیر دەکاتەوە و منیش .. ئێمە لە هەوڵی نووسینەوەی وێنەکانی زەینی خۆماندان. رووپەرە بە پەیڤ نەخشاوەکان، جگە لە بەرەواژکردنەوەی وێنەکانی زەینی ئێمە، شتێکمان پێ ناڵێن. ئێمە بیر لە چی دەکەینەوە و چۆن دەهزرین؟!. دیارە لەشتگەلێکی فرە و بە میتۆد و شێوازی جیا. دەشێ ئێمە لە یەك ساتدا، بیر لە دیاردەیەکی تایبەت و دیاریکراو بکەینەوە، بەلأم وەختێك من بخوازم کتومت وەکو تۆ، بە شێوازی تۆ، بیر بکەمەوە و بە دەنگی تۆ بپەیڤم، گەرەکە پردی هەستەکانی خۆم بڕوخێنم و بۆ تێهزرین، هانا بۆ پردەکانی هەستی تۆ ببەم. گەرەك من ببم بە تۆ و خودی خۆم بسڕمەوە!. ئەمە رێك لە حاڵەتێکی وەهادایە کە ئێمە یەك رەنگ و یەك دەنگ دەپەیڤین، دەنووسین و هەڵوێست دەگرین.**
**یەکدەنگی و یەکهەڵوێستی لە کایەکانی فیکر و رۆشنبیریدا جێگایەکیان نییە، ئەوە کەمەندەکانی سیاسەتن، گەرەکیانە لە گەوەی تەنگی هەڵوێستدا شەتەکمان بدەن و تەنیا چاویلکەیەك بۆ بینینەکانی زەینی ئێمە، بە رادان بدەن .. چاویلکەیەك بە رەنگی رەش، سوور، سەوز یانژی زەرد، گرنگ نییە.**
**سیاسەت، سیاسەتزانان و سیاسەتکاران دایدەڕێژن و پراکتیزەکردنی بە خەڵك دەسپێرن، کەچی ئێمە سیاسەت دەبینین، لە نسێیدا دەهزرین و دەیکۆڵین و دەیتۆژین.**
**سیاسەت، کاری سیاسەتمەدارانە و خەمی ئێمە!. سیاسەت کە لە بەرایی مێژووی خۆیەوە، دنیایەکی خوێنلێتکاوی پڕستەمی بۆ مرۆڤەکان خوڵقاندووە، دەشێ لە هەوڵی بەئینسانیکردنیدا بین. رۆشنبیر، دەشێ نە دژ بە سیاسەت بێت و نە هاوشانیشی، وەلـ* دەکر* لە کوڵانەکانـ* زەینیدا، دەستەو یەخە ئامباز* ببێت.**
**قسە لەسەر هاودەنگبوون یان نەبوونـ* من و تۆ، ئێمە و دەسەلأت نییە، هیچ کۆنتراکت و رێککەوتنێکیش بۆ یەکدید*، یەکڕەنگیی تێفکرین و هەڵوێستەکانـ* ئێمە و دەسەلأت لە گۆڕێدا نییە. زۆر سرووشتیە و تەواو ماف* خۆشییەت*، گەر نووسەرێك هاوڕا و هاودەنگ* دەسەلأت، بینینەکانـ* خۆ* بنووسێتەوە، بەلأم ناڕەوا و ناسرووشت* ئەوەیە، کە هەمان نووسەر ماف* دەربڕین* دژەڕا* خۆ* بە نووسەرێک* دیکە رەوا نەبینـ* و لەژێر پێست* هەر پەیڤێکدا، شمشێرێك حەشار بدات و مەفرەزەیەك بۆ شاربەدەرکردنـ* پەیڤەکانـ* ئەوید*، بۆ دنیا* ئەودیو* کوردستانـ* فیدراڵ دەنگ بدات.**

تۆ دەکر*ٚ لەگەڵ دەسەڵاتدا هاوڕا بیت و منیش هەروەها، بەڵام داخۆ ئێمە تا کو*ٚ پێویستمان بە هاودەنگ* دەسەڵات هەیە و دەسەڵات تا کو*ٚ کار* بە هاودەنگ* ئێمە هەیە؟!.. ئەو هەمیشە گەرەکییەت*، وەل*ٚ بۆ خۆمان، بەگومانم.
من و تۆ ماف* ئەوەمان هەیە کە بەو پەڕ* یەکدڵ* و یەقینەوە روانینەکەنمان بنووسینەوە، وەل*ٚ خود* ئەو مافە ناتواز*ٚ نووسینەکانمان لە دنیا* نوسیندا ناونووس بکات، بەڵکە بۆ ماڵ* بەرنامە، ئایدۆلۆژیا و مەزهەب* حیزبیان دەگوێزێتەوە و لە وێدا تەقەتیان دەکات.
خەم* ئێمە، خەم* بە ئازاد* دەربڕین* بۆچوونەکانمانە، خەم* شکاندن* ئەو مەقەستەیە کە هەندێجار لە زەین* خۆماندا لەبەر هەر هۆیەك و هەمیشەش لەدەرەوە* خۆماندا لەبەر هەموو هۆیەکان، خەریکە چڵوپۆپ* بیرکردنەوەمان هەڵدەپاچ*ٚ و پەیکەر* ترسێك لەهزرماندا رۆدەن*ٚ!. ئێمە لەخەم* شکاندن* ئەو پەیکەرەداین.
ئێستا (گوڵان) دەرکە* لەسەر تەوەرەیەك بۆ هێنانەزمان* بینینەکانمان کردووەتەوە و (مەقەست)ەکە* لە سندوق* (ئەشتەرخان) ناوە. ئەمە رەچە شکاندنێک* پیرۆز و کەم وێنەیە لە مێدیا* دەسەڵات* کوردیدا، وەل*ٚ ئەو* جێگا* سەرنجە و گومان لەسەر خود* (ئەها* قەڵەم) نەك (دەسەڵات) دروست دەکات، ئەوەیە کە (هەندەك روونکبیر* لە ئازاد* و دیموکراس* داکۆکیکەر، لە ئاست هاوڕ*ٚ رووناکبیرەکانیان کەمتر لە خود* دەسەڵات چەپێنەر و دەسەڵاتخوازتر نین).
وبە زمانێك دێنە پەیڤین کە نەك هیچ مەعریفە و قوڵییەکی تێدا نییە، بگرە مەودای هەڵبژاردنی رەنگەکانیش تا ئاستی رەش / سپی، چەپ / راست، لەگەڵ دەسەڵاتبوون یان نەبوون / لەگەڵ کورد یان دژ بە کورد، تەنگ دەکەنەوە. واتە رێك ئەو ئەرکە لە ئەستۆ دەگرن کە ساڵانێك بوو حیزب و دەسەڵاتی کوردی لە رەوەندی بزووتنەوەی سیاسی ــ چەکدارییەکەدا، کردبوویانە سوونەتێکی بیرکوژ :((ئەگەر پێچەوانەی من بیر بکەیتەوە، دژ بە خواستەکانی کورد دەهزریت!)).
ــ 2 ــ
قسە لەسەر (سین)ەکان، سیاسەت و سەروبنکردنی، نووسین و نووسەر و سێپتەمبەر !.. ئەمان بوونە خرکە بەردی شڵەقاندنی گۆمەکە و کلیلەکانی کردنەوەی دەرگای زەینی ئێمە بۆ دیالۆگ و لێکتر گەیشتن، نەك بۆ رەتکردنەوە و دەمکوتکردن.
سێپتەمبەر، ئەگەر بەهەڵەدا نەچوبێتم کارەسات، تیرۆر، یان رووداوێکی خوێناویی سیاسی بوو، یاخود هەر نەبێ سەروکاری لەگەڵ سیاسەتی ئەم دنیایە هەبوو و ئێستاش هەیەتی. مەبەستم کارەساتی 11ی سێپتەمبەرە کە لە مێژوودا وێنەکانی زۆرن، ناشێ تەنیا وەك دیاردەی تیرۆر و سەرەرۆیی بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسیی توندڕۆی جیهانگیر لێی بڕوانرێت و شرۆڤە بکرێت، ئاڵۆزترین هاوکێشە و دەرهاوێژتەی سیاسیی هێناوەتە گۆڕێ، ناکرێ تەنیا وەك پرۆسەیەکی دژەتیرۆر ببینرێت و دادوەری لەسەر بکرێت.
رووداوی سێپتامبەر، رەهەند و ماناکانی قووڵ و فرەئاراستەن و دەشێ لە ئاست پرسیاری زۆر جددی و پڕماناداا رامانبگرێت و تێڕوانینی سەرپێیی قەبوڵ نەکات.
تێرمەکانی خۆراوا / خۆرهەڵات، ئیسلام / مەسیحییەت، گلوبالیزم / دژە گلوبالیزم، عەلمانیبوون / سەلەفیبوون، عەدالەتی خودایی / عەدالەتی ئەبەدیی سیستەمی نوێ ... و زۆر چەمکی دیکەش، دەشێ لە پێچەڵپێچی دووکەڵی سەرئاسۆکانی نیۆیۆرك و واشینتۆندا و لە ململانێیەکی خوێناویدا، ببینرێن. لە بەردەم رووداوی سێپتامبەردا، پرسیارێك لە تێرامانەکانی مندا لە هەمووان لە پێشتر بوو: ئەویش پرسی ئەو زەوین و هەلومەرجە کۆمەڵایەتی ، فەرهەنگی، ئابووری و سیاسییە ناوچەیی و جیهانییەی، باسکی بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسیی توندڕۆ تا ئەو جێگایە خورت دەکات کە شمشێرە خوێنلێتکاوەکانی، لە دڵی قایمترین قەڵای سیستەمی نوێ و چاوگەکانی گلوبالیزم بچەقن.
بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی، ئەگەر چی بزووتنەوەیەکی نێوچەییە و خیتابی سیاسیی خۆی ئاراستەی میللەتانی دنیای ئیسلام دەکات، وەلێ بەشێك لە رەگەزەکانی خیتابی سیاسیی ئەو بزووتنەوەیە، دژ بە کۆلۆنیالیزمی نوێ و سیستەمی نوێی جیهانە. خیتابی بزووتنەوەی ئیسلامی سیاسی لە هەزارەی سێدا، خەریکە جێگای بزووتنەوە عەلمانییە رادیکاڵەکانی دژ بە ئیمپریالیزمی سەدەی پێشوو دەگرێتەوە. قەیرانی کۆمۆنیزم و پاشەکشێی هێزە رادیکاڵەکان لە ململانێ و دژایەتیکردنی سیاسەتی ئیمپریالیستانەی خۆراوا، زەمینەی بۆ ئیسلامی سیاسی خۆش کردووە تا وەکو هەڵگری شووناسی ناسیۆنالیزم خۆی بناسێنێت و وەك گەورەترین رکەبەری بەها مەعریفییەکانی خۆراوا و پارێزەری کولتوری خۆرهەڵاتی ئیسلامی خۆی بنوێنێ.
دژایەتیکردنی ئیسلامی سیاسیی توندڕەو، لە شێوازە تیرۆریستییەکەیدا، لەسەر دەستی ئەمەریکادا، بە جێگایەکی دڵخۆشکەر ناگات و پەیوەندی بە جددیەتی پەیامی هێزە عەلمانییەکانی وڵاتانی ئیسلامەوە هەیە. بەلاداخستنی ئەم کێشەیە وپوچەڵکردنەوەی

خیتابی ئیسلامی سیاسی، ئەرکی هێزە عەلمانییە ناوچەییەکانە. ئەمەش بەندە بە چەمك و تێگەیشتنی ئەم هێزانە بۆ عەلمانیبوونی دەوڵەت و مۆدێرنەکردنی کۆمەڵگا.
ئەوەی کە عەلمانییەکان هەتا کوێ عەلمانین و چۆن مامەڵە لەگەڵ ئیسلامی سیاسی و تیرۆریزمی ئیسلامیدا دەکەن، پێگەی بنچینەیی و چارەنووسسازی دیاریکردنی پاشەڕۆژی دەسەلات و چارەنووسی کۆمەڵگایە.
ئەوەش لەبیر نەکەین کە تیرۆر هیچ خەسڵەتێکی مەزهەبی لەخۆ ناگرێت. تیرۆر، تەنیا کردەیەکی شەڕانییە کە پەیڕەوان و ئیماندارانی هەر فیکر و مەزهەبێك لە راستەوە بۆ چەپ، لە مەزهەبییەوە بۆ عەلمانی، لە ناسیۆنالیستەوە بۆ کۆمۆنیستان، تێیدا هاوبەشن.
ـ 3 ـ
ڕووداوەکانی سێپتامبەر بوونە بەهانە و کێشەیەکی سیاسییان لە جیهاندا تەقاندەوە کە نێوەندەکەی ڕۆژهەلاتی ناوینە. ئەم قەیرانە سیاسی ــ سەربازییە خوێناوییە لە جیهان و نێوچەکەدا، بە ناچاری ریزبەندییەکی سیاسی و سەربازی درووست کردووە و مەسەلەی هەڵوێستوەرگرتن یان نەگرتن، قەستی سەرە. کوردستانی ئێمەش بەشێکە لە ناوچەکە و بارودۆخێکی تایبەت و جیاهەڵکەوتووی سیاسی هەیە و ئەم قەیرانە جێکەوتووەش کارکرد لەسەر چارەنووسی سیاسییمان دادەنێ. واتە هەڵوێستوەرگرتن بۆ کورد و دەسەلاتە سیاسییەکەی، مەسەلەیەکی بێ ئەملاولایە و بێلایەنی، کاری نەکردەیە. دیارە بۆ گەلێکی تیرۆرزەدەی ئەنفال لەسەر جەستە جێبەجێکراوی وەکو کورد، ناکرێت دژ بە تیرۆر و تیرۆریستان نەوەستێت، بەلام قسەکە لێرەدایە: کێ دەبێ هەڵوێستی سیاسی وەربگرێت؟!. سیاسەتمەدار و سیاسەتکاران، یاخود نووسەر و رووناکبیران؟!. ..
مەبەستیشم لە هەڵوێستوەرگرتن، دەربڕینی هەڵوێستی سیاسی و بەرزکردنەوەی درووشمەهەڵوێستە.
ئەوی ئێمە لە هەوڵی تێکەلاوکردن و شێواندنیداین، چۆنییەتی پۆلێنکردنی ئەرك و فەرمانەکان و مامەڵەکردنمانە لەگەڵ دیاردە و کێشەکاندا.
ئەگەر من سیاسەتمەدارێکی بەدەسەلاتی نێو دەسەلاتی کوردی بام، دیارە هەمان هەڵوێستی سیاسییم جەخت دەکرد کە دەسەلاتی کوردی دەیکات.ئەرکی دەسەلاتداران و سیاسەتمەدارانی نێوەندی بڕیاری سیاسی، گونجاندنی هەڵوێستە سیاسییەکانییانە لەگەڵ بەرژەوەندی نەتەوە و نیشتمان و چارەنووسیان، لە گێژەنی قەیرانێکدا کە خۆلێدەرهاوێژتنی نامومکینە، ئەم ئەرکە بۆ نووسەر و رووناکبیر، وێرای مافی تەواوی خۆی بە چاك یان خراپ هەڵسەنگاندنی هەڵوێستی دەسەلاتی کوردی، کۆڵینەوە و ریشاژۆکردنی دەرکەوتەکەیە لە ئاست و ئاقارە جیاکانیدا.

+ ئیدوارت خەرات
2001 /11 / 29

**مێژوویەك لە تیرۆر ... دنیایەك لە خوێن!**

هەر ساتێك وشەی تیرۆر بێنین و لەسەر مێزی نووسین داینیشێنین و پارچەپارچە پۆشاکی لێ رووتکەینەوە، لە ئەندامانی جەستە و ریشەکانی رۆحی رامێنین، هەوڵی پێناسەکردن و ناسینی بدەین، هێشتا هەر وەختیەتی و درەنگ نەکەوتووین! بەڵام داخۆ (تیرۆر) وەکو وشەگەلی (نانخواردن)، (خەوتن)، (دەستلەملان و ئاوێزان و ئەشقکردن) تەنیا مانایەکی فەرهەنگی و رەهەندێکی زمانەوانی هەیە؟!، یاخود (تیرۆر) کردەیەکی فرەڕەهەندی خوێنلێتکاوی لەسەر مێژوو راوەستاوی سیستەمی دنیایەکە کە دۆڵپایەکی ناخ لە دۆلار ئاخنراوی کەللەکۆمپیوتەر، حوکمی دەکات؟.

تیرۆر، کە هاوزای مێژووی دەسەڵاتە و ئێمە دەسەڵاتێکی بێ تیرۆر لە چ سەردەم و قۆناغێکی مێژوودا نابینینەوە، وا خەریکە دەستبەرداری مێژووی لە مێژینەی خۆی دەبێت و 11ی سێپتامبەر دەکاتە ساڵرۆژی لەدایکبوونی!.

یانزەی سێپتامبەر، خەریکە سەرپاکی مێژووی کارەسات و گەلەکوژی و ریشەکێشکردنی رەنگ و رەگەزە (چەپەڵ) و (نەخوازراو) و (بەربەری) و (ناشارستانی)یەکانی ئەم دنیایە دەسڕێتەوە و دەبێتە تخوبی نێوان دوو دنیا، دنیای پڕ ئاسایش و جوانییەکانی پێش یانزەی سێپتامبەر و دنیایەکی دی، کە دنیای هۆلۆکۆست، ئەنفال، کیمیارێژکردنی پێنتاگۆن و سەنتەری بازرگانیی جیهانیی نیۆیۆرکە!.

کوشتنی شەشهەزار (بەران)یش نەك ئینسانی سیڤیل و بێتاوان، سەر بە هەر رەنگ و رەگەز و ئایین و مەزهەبێك بن، دڵی مرۆڤ دادەخورپێنێ، فرمێسکی پێ دەڕێژێ، لە ناخەوەی دەهەژێنێ و لە ئاست سیستەمێکی بیرکردنەوەدا کە سنوورەکانی نێوان ئینسان و ئاژەڵ دەسڕێتەوە، تورەی دەکات!.

کێ لەبەردەم تیرۆردا بەرپرسیارە؟.. دەسەڵاتی سیستەمی جهانیی جیهانڕووخێن، یان بەرهەڵستکارانی توندڕۆی دەسەڵات؟.، ئیسلام و رۆژهەڵاتی بەربەری و دواکەوتوو یان خۆرئاوای مۆدێرنێتە و سیستەمی نوێی گلوبالیسێرەکردنی هەموو دیاردە و چالاکییە ئابووری، سیاسی، کولتووری و ئینفۆرماشونییەکانی جیهانی بە ئابووری و چەك داگیرکراو؟!!.

ئەمەریکا، وەك بەهێزترین دەسەڵاتی ئابووری، سەربازی و کوێخای ئەتۆمبەدەستی ئەم جیهانە یەکگوندییە، لەسەر گۆڤەکێك تیرۆر رۆنیشتووە و ئێستا وەکو ریشەکێشکاری تیرۆریزم و تیرۆری جیهانی، دێتە مەیدان و لەهەوڵی کێشکردنی خۆرئاواشە بەدوی خۆیدا!.

ئەمریکا، جیهان بەرەو کوێ دەئاژووێ؟!.

بەشێکی بەرچاوی ئەو هێزانەی ئێستا لە دەرەوەی خۆرئاوادا بە تیرۆریست و چاوگی تیرۆریزم ناسراون و تەواوی رژێمە دیکتاتۆر و سەرکوتکارەکانیش، دەستنێژی سیاسەتی دنیای جەنگی ساردی نێوان ئەمەریکا و کۆنەسۆڤییەتن. ئێستا ئیدی هاوکێشەکان بەرەواژ دەبنەوە و دۆست و دوژمن لە گەمەیەکی شێتانەی خوێناوییدا جێگۆڕکێ دەکەن.

دەشێ ئیسلامی سیاسی، لە مێژوودا و لە پانتایی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی خۆیدا، سەرچاوەی درێژترین رووباری خوێن بێت و ژمارەی ئەو کەس و گروپانەی قوربانیی تیرۆری ئیسلامی سیاسیین لە ئەژمار نایەن. ئیسلام کە بازنەی پەیوەندییە رۆحییەکانی نێوان تاك و خودای بەزاند، کە دامودەسگای سیاسی و سەربازی دروست کرد، کە شمشێری بۆ بەزاندنی سنورەکانی دورگەی عەرەب بەرز کردەوە، کە ئیمپراتۆریەتی خۆی لە سێبەشی سێ کیشۆردا دامەزراند، ئیدی هەموو پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئاسمان و خودا پساند و

قەواڵەی لەگەڵ زەمیندا مۆر کرد. کە ئەمەریکا دۆزرایەوە و داگیرکرا، خوێناوییترین پرۆسەی تیرۆری ریشاژۆکردن لەسەر جەستەی خەڵکە رەسەنەکەی جێبەجێ کرا.. ئەمەریکا بوویە لانك و ئامانجی بەدناوترین بازرگانی لە مێژوودا، راوکردن و رفاندن، گوازتنەوەی تیرۆریستانەی چەندین ملیۆن ئافریکایی لەسەر دەستی بازرگانە تیرۆریستە ئەوروپییەکان، یەکێك لە فاکتۆرە هەرە سەرەکییەکانی دەرکەوتنی ئەم هێزە دنیالووشەیە کە بە سیمبۆلی ئازادی و داهێنەری (عەدالەتی ئەبەددی) لەسەر زەوین، خۆی دەناسێنێ!.

ئەمەریکا، بەرهەمهێنی ناعەدالەتترین سیستەمی سیاسییە، هاوکار لەگەڵ شەش زلدەوڵەتە پیشەسازییەکەی جیهان، چنگی مەرگیان لە بینی ئابووریی جیهان گیر کردووە و لەرووی سیاسیشەوە، هەموو میللەتانی دەرەوەی خۆیانیان لە تۆڕی زەلیلی و سوکایێتیپێکردن، هاوێژتووە!.

ئیسلامی سیاسی، خەونەکانی سەروەری و شکۆمەندیی خۆی لە مێژوودا دۆڕاندووە و مێژوویەکە لە نێو چاڵپاوی سوککردن و ئەتککردنی بەها سیاسی و رۆحییەکانیدا، لەلایەن خۆرئاواوە دەتلێتەوە، کە ئێستا و لەم سەردەمەدا وەکو گەورەترین رکبەر و جدیترین مەترسی بۆ ئەمەریکا هاتوەتە مەیدان. ئیسلامی سیاسی، بۆ یەکەمجار لە مێژووی کەڵەگایی ئەمەریکادا، سیمبۆلەکانی سەروەریی ئەو دەسەڵاتەی لە قەڵایەکی بە ئەتۆم پارێزراودا ئەتك کرد، کە دژدارانی ئەو قەڵایە پێیانوابوو هیچ رۆکێتێکی ئۆقیانوسبەزێنیش نایانگاتێ!.

ئەم شەڕەی ئێستا بانگەشەی بۆ دەکرێ، دەشێ شەڕی نێوان تیرۆریستێکی زاڵم و تیرۆریستێکی زوڵملێکراو بێت!.

ئامانجی ئەم شەڕە، نەك هەر بنبڕکردنی دیاردەی تیرۆر و تیرۆریزم نییە، بگرە هەوڵدانە بۆ گۆڕینی رەوتی ململانێی شارستانییەتەکان، کولتورەکان و ئایینەکان بە ئاراستەیەکی ترسناکدا و تەنیا بەرژەوەندیش لە پشتییەوە، کۆنترۆڵکردنەوەی جیهانە بە شێوازێك کە دەریچەیەك بۆ ئاستەنگی و قەیرانە ئابوورییەکانی خۆراوا ببینێتەوە!.

2001 / 10/ 1

وێنەی جەنگ، تامی جەنگ، بۆنی جەنگ، جوڵە و سەما و گێڕانەوەی جەنگ، سەراپا سۆمای یادەوەرییمیان تەنیوە!. دەمەوێ لە ئاشتی بدوێم و پەیڤێك نییە!.

دەخوازم لە ئاشتی رامێنم، نایبینم!. گەرەکمە بە (ئاشتی) بنووسم، پیتەکانی (ئا..ش.. ت..ی)م پێ دەستەمۆ نابن. ئاخر ئێمە نەوەی یەقینێك لە جەنگ و گومانێك لە ئاشتیین!. جەنگەکان هەمیشە دۆستی بە وەفا و (ئاشتی)یەکانیش هاوڕێ خیانەتکارەکانمان بوون!.

جەنگەکان، تا ترۆپکی پیریی لەگەڵمان هاتن و (ئاشتی)یەکان، شیوێکیان لەگەڵ نەکردین، پێکێکیان لەتەکدا هەڵنەداین، سەمایەکیان لەگەڵ نەکردین!، لە فڕگەیەکدا بە چەپکێ گوڵەوە، چاوەنۆڕمان نەبوون!. جەنگە بەئەمەکەکان، دڵیان لە ئاشتی کرمێ کردین و لەخۆیانیان مارە بڕین!.

تەمەنێك لە جەنگ و عومرێك لە خوێن، دەهرێك لە ئەنفال و کوردقڕان و خۆکوشتن، ماڵێکیان بۆ پێکەنین و پەنجەرەیەکیان بۆ خۆر و ئینجانەیەکیان بۆ وەنەوشە و بارینێکیان بۆ باران نەهێشتەوە!.

جەنگ ... جەنگ ... جەنگ!

جەنگی نێوان:

ــ بەعس و کورد.. ئەنفال و کورد.. تەعریب و کورد.. تەبعیس و کورد.. راگوێزان و کورد!.

ــ ئێراق و ئێران.. ئێراق و کوێت.. ئێراق و دنیا!.

ــ کورد و کورد، پێشمەرگە و جاش.. مەلایی و جەلالی.. یەکێتی و قیادەی موەقەت.. یەکێتی و پارتی .. یەکێتی و سۆسیالیست.. یەکێتی و پاسۆك.. یەکێتی و حیزبی شیوعی.. یەکێتی و ئیسلامی.. پارتی و سۆسیالیست.. پارتی و ئیسلامی.. پارتی و دیموکراتی کوردستانی ئێران.. یەکێتی و کۆمۆنیست، یەکێتی و پەرلەمان.. پارتی و پەرلەمان.. ( پ ك ك ) و پارتی.. ( پ ك ك ) و یەکێتی، یاخود ئەمانە هەمووی بە پێچەوانەوە!!.

وای کە جەنگەکان تەمەنی (نوح)یان هەبوو و ئاشتییەکانیش تەمەنی گوڵ.. ئای کە شەڕەکانمان باڵابەرز و ئاشتیەکانیشمان کورتەبنە!.. وای کە رووبارەکانی جەنگ بەلرفە و چەمە زستانەکانی ئاشتی، چککردووا!..

چیرۆکەکانی جەنگ درێژن.. درێژ!..

کە زارمان بە دۆشاوی ئاشتی شیرین نابێ، بین بە تاڵاوی جەنگەوە دەنێین!. کە ئاشتی لە ژووری خەوتنماندا رووت نابێتەوە، لەگەڵ جەنگدا جووت دەبین!..ئێمە ئەو هەتیوانەین کە لە کۆڵانەکانی مناڵییدا، جەنگ هەڵیگرتینەوە!.

دەهرێکە لە جەنگ دەپەیڤین.. عومرێکە لە ئەنفال رادەمێنین.. تەمەنێکە شاپەڕی وشەکانمان لە شەڕی براکاندا شەلاڵن!..

زۆربەمان لەسەر جەنگی براکانمان نووسی و زۆر کەم بووین ئەوانەی حەقیقەتی جەنگەکانمان ناسی و قەڵەممان تا مۆخی براکان داچەقاند!. زۆر بوون ئەو قەڵەمانەی پاساویان بۆ جەنگ دەهێنایەوە و لە پشتی (بەرە)کاندا، شەرابی سەرکەوتنی (حیزب)یان نۆشی!. کەم نەبوون ئەو (رۆژنامەنووس )انەی وێنەی سەرکەوتنەکانی بەرەی (برادوژمن)ەکانیان بۆ هەندەران دەگواستەوە!.. لەگەڵ شەپۆلی (ئێف ئێم)دا، ماڵەکانیان پڕ دەکردین لە سروودی جەنگ!.

لە شەڕدا، فرمێسکمان بۆ پەرلەمانی دووجاران ئەتککراو هەڵڕژت و لە ئاشتیدا بەهیوا بووین سەر و سیمای (ئەتککاران)، لە هۆڵی پەرلەمانی یەکگرتووی ئاشتیدا نەبینین!. با ژەنراڵەکانی جەنگی کوردکوشتن، شەرم بکەن، لە پەرلەمانێکدا دانیشن کە دووجاران لەشکرکێشییان بۆ کردووە!.

سەرکردەکانی کورد.. خوداکانی ئێمە!.. ئەو دوو سەرۆکەی کلیلی گیانی ئێمەو شەڕو ئاشتییان* لە گیرفاندایە و (دارعەسا)ی زیندووکردنەوەی پەرلەمانیان بە دەستەوەیە، ئەگەر بانگەشەی(بێتاوان)یی خۆیان دەکەن، ئەگەر داوای (لێبوردن) لە خەڵك دەکەن، با تاوانبارانی جەنگ، من ناڵێم سزا بدەن، (ئەمەیان هەر نابێ!!)، بەڵکو دەرکەی پەرلەمانیان لەروو دابخەن!.

ئاشتیی پاش شەڕێك کە دەشیا و دەکرا نەکرابا، یەکێك لە خواستەکانی کوردە، وەلێ پیرۆزبایی و چەپڵەڕێزانی هەرزانی ناوێ، مەگەر بۆ ئەو نووسەرانەی کە لە پەرێزی بەرەکانی شەڕدا، پشکی دەسکەوتەکانیان پێ دەبڕا!.

نووسەرانێك کە لە جەنگدا دژەجەنگ و لای حیزبەکان خوێنتاڵ و پەیڤێکیان بەهەند لێ وەرنەدەگیرا، خوا بکات لە ئاشتیدا پیتێکیان لێ هەڵبگرنەوە!.

* بڕوانە نووسینێکی ئاراستەکراوی من بۆ سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لەژێر ناوی (تەپەی پێی شەڕ دەبیستم.. کلیلەکان لەگیرفانی ئێوەدان.. تکایە دەرگاکان دابخەن!)، مانگنامەی پەیام، ژمارە 27 ی ساڵی 2000 ، لەندەن.

چەخماخەی پێش تۆفان!

((هەفتەنامەی هاوڵاتی))

عەدنان عوسمان:

وەك دەزانین جموجوڵێکی زۆر لە ئارادایە، ئەمریکا گوشار و هەڕەشەی بۆسەر ڕژێم زیاد دەکات، باسی لێدان و گۆڕینی دەسەڵاتیش لەئارادایە، ئۆپۆزسیۆنی ئێراقیش لە هاتوچۆ و خۆئامادەکردندان، باسی کۆبوونەوەو خۆئامادەکردن دەکرێت، باسی کۆبوونەوەی فراوانی ئۆپۆزسیۆن دەکرێت. ڕۆژنامەو کەناڵەکانی جیهانی، بە وردی بە دوای ئەم وەزعەدان و قسەو باسی لەسەر دەکەن. کەدێنە سەر کوردستان، هەندێجار وا هەست دەکەیت، بڕیار وایە ئەم ڕووداوانە لە وڵاتێکی زۆر دوور لە کوردستان، ڕوو بدەن.. سستی و خامۆشی و کەمتەرخەمی، نیشانەی ڕاگەیاندنی ئێمەن لە پەیوەست بەم مەسەلەیە!!!. بەڕێزتان هۆکاری ئەم مەسەلەیە لە چیدا دەبینن؟. ئایا ئەمە بەگوێرەی دەستگرتن بەکڵاوی خۆوەیە، یان نیشانەی بێئاسۆیی، یان سادەییە لە خوێندنەوەی ڕووداوەکاندا؟.. چۆن ئەم ووتارە ڕەسمییە هەڵدەسەنگێنن؟!.

پشکۆ نەجمەدین:

ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەگشتی، بووەتە مەکۆی گرگرتووی کێشە مەزهەبی، ئیتنیکی، ئابووری و سیاسییەکان. لەوێدا، ململانێی بەرژەوەندییە جیاواز و دژەکان، لە هەڵچوونێکی خێرا و کەموێنەدایە. ئەم دۆخەش وای کردووە کە هەموو گریمان و پێشبینییەکان بۆ ئەوە بچن، ئەگەری لێدانی ئێراق لەلایەن ئەمەریکا و هاوبەرژەوەندەکانییەوە، ببێتە کوچکەیەکی دیکەی گڕگرتوو و لەگەڵ ئەفغانستان / تالیبان، فەلەستین / ئیسرائیلدا، سێکوچکەی تەنگژەیەك تەواو بکەن کە ببێتە چەقی تەقینەوەیەکی ترسناك لە نێوچەکەدا و کۆمەڵێك گۆڕانکاریی پێشبینی نەکراو بخولقێنێت.

سیاسەتی ئەمەریکا و میکانیزمی کارکردنی سیستەمی نوێی جیهان، لە هەوڵی بەزەبر تێکشکاندنی هەر لەمپەر و کۆسپێکدان کە لە ئاوەڕۆی کەناڵی بەرژەوەندییەکانیاندا وەستابێت و بووبێتە مایەی نیگەرانیی گەیشتن بە ئامانجەکانیان.

ئەوی بەڕێوەیە و دەشێ لە ئێراقدا ڕووبدات، ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە کوردستان، گەلی کورد، هێزە سیاسییەکانی، چارەنوسی بزاڤە ڕزگاریخوازییەکەی و ئەم قەوارە و دەسەڵاتە سیاسییەوە هەیە کە یانزە ساڵە وەکو دەوڵەتێکی سەربەخۆی دانپیانەنراو، وجودی هەیە و کۆمەڵێك کێشەی سیاسی و جوگرافیشی لە نێوچەکەدا هێناوەتە گۆڕێ و دەوڵەتانی کوردستان بەسەردا دابەشکراویش، وەکو(ئەمری واقیع) مامەڵەی لەتەکدا دەکەن و سیاسەتی دژکارانەی خۆشیانی بۆ دادەڕێژن. بە واتایەکی دیکە، لێدانی ئێراق و ڕووخاندنی دەسەڵاتی فاشییانەی بەعس و هاتنەسەرکاری هەر یەکێك لەو ئەلتەرناتیڤانەی دەشێ جێی دەسەڵاتی سیاسیی ئێستای ئێراق بگرنەوە، دەبنە خاڵی وەرچەرخان لە چارەنوسی تەمەندرێژترین دەسەڵاتی کوردی، لە مێژووی بزووتنەوەکەدا.

دەسەڵاتی کوردی ((یان درووستتر، دوو دەسەڵاتە کوردییەکە)) و حیزبە سیاسییەکانی، (بەتایبەت یەکێتی و پارتی)، تا چەند لە ئاستی ڕووداوێکی وەها چارەنوسسازدان؟..چۆن دەتوانن سیناریۆی ئەو دیوی ڕووداوەکان ببینن؟، هەڵوێست و مامەڵەیان لەگەڵ فاکتەرەکانی نێوخۆ، دەوڵەتە داگیرکارەکان، نێوچەکە، ئەمەریکا و خۆرئاوا، لە چ ئاستێکدان و تاکوێ دەتوانن وەڵامدەرەوەی خواستەکانی گەلی کورد و ئامانجەکانی ئەم قۆناغەی بزووتنەوەکە بن، کۆمەڵە پرسێکی زۆر گرنگن و هەر کەمایسی و ناڵۆژیکییەك لە بینین، گوفتار و ڕەفتاری ئەواندا، دەشێ ئەم بارودۆخە لەناڕابووەی کوردستان بەرەو بازنەیەکی ترسناك بئاژووێت کە خەڵکی کوردستان وەك هەمیشە باجە سەختەکانی دەدەن. زۆر هەڵەیە کە بێ هیچ بەرنامەیەکی ڕۆشن و خیتابێکی سیاسیی یەکگرتووی کاڵابەقەدباڵای ئەم سەردەمەی بزووتنەوەکە و درووستکردنی ڕای گشتیی خەڵك لەسەریان، چاوەڕوانی دەسکەوتێکی ئەوتۆی دڵخواز لە ئەگەری لێدانی ئێراق، بۆ خەڵکی کورد و دەسەڵاتە سیاسییەکەی بکرێت. خیتابی سیاسیی یەکگرتوو، بە دید و خوێندنەوەی چوونیەك بۆ سرووشتی بزووتنەوەکە، تاکتیك و ستراتیژ و پێداویستییەکانی سەرکەوتنی، لە ڕێگای دەسەڵاتێکی سیاسیی یەکگرتووەوە، دەشێ کێشەی کورد و کێشی بزاڤەکەی بکاتە فاکتەرێکی حیساببۆکراو لە ئێستای تەنگژەکەدا و لە حیساباتی دەسەڵاتی سیاسیی وەسەرکارکەوتووی پاشی ڕووخانی ڕژێمیشدا!. نە پێشتر و نە لە سەردەمی پاش ڕاپەڕین و نە ئێستاش، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە هەوڵی درووستکردن و خەملاندنی خیتابێکی سیاسیی نەتەوەیدا نەبوونە و نین و ئەم مەسەلەیان بە هەند وەرنەگرتووە.

یەکنەگرتنەوەی ئەم دوو هێزە، لە کایەکانی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتدا، بووەتە مایەی جێگۆڕکێی پرۆژەی خیتابی سیاسیی نەتەوەیی لەگەڵ خیتابی سیاسیی حیزبدا!.

ئەم دیاردە ترسناکە، بێئاسۆترین پرۆسەی دیپلۆماسیی لە سیاسەتی کوردیدا دەرهەق بە هەلومەرجی ئێستای ئێراق و جیهان پیادەکردووە و کەناڵەکانی چوونە پێشەوەی پرسی کوردی بەرتەسك کردووەتەوە.

خیتابی سیاسیی حیزب، بەناچاری خیتابی سیاسیی نەتەوە دەپێچێتەوە. خیتابی سەرۆك و سەرکردە، لە هەڵسوکەوت و مامەڵە سیاسییەکاندا جێگای ئەو خیتابە دەگرنەوە. ئیدی خیتاب و بڕیار و پرۆتۆکۆڵ و کارنامە سیاسییەکان ڕەوایی دامودەسگایی خۆیان (پەرلەمان و حکومەت) لەدەست دەدەن و دەبنە بەرهەمی بینین و ڕاڤە تایبەتییەکانی سەرکردە و دیپلۆماتەکانی حیزبی کوردی. ئەم دیاردەیە، سەرچاوەی خوڵقاندنی تراژیدیای سیاسەتی کوردییە، وەکو لە ڕۆژگاری ئێستادا و لە گفتاری بەپێی شوێن و وڵات جیاوازی سەرکردەو دیپلۆماتەکانی حیزبدا، دەیبینین!.

ئاژاوەی خیتابی سیاسیی حیزبی کوردی، لە هەمبەر وەزعی ئێستا و خواستەکانی کورد، لە ئەگەری لێدانی ئێراقدا، ناڕۆشنییەکی وەهای درووست کردووە، نەك هەر ویستەکانمان، بگرە خودی شوناسی ئێمەشی لە مژی گومان گرتووە و بەرەو نادیاریان دەبات.

ئێستا، وەختێتی کە دیپلۆماسییەتی کوردی و خیتابی حیزب ((ساتێك خیتابی گەلیی بەرجەستە بوو لە پەرلەمان و دەوڵەتدا وجودی نیە!))، جەخت لەسەر بەجیا هەڵکەوتوویی گەل و وڵاتی کوردستان لە ئێراقدا بکات و هەموو کونجێکی ئەم دنیایە بۆ پەیداکردنی پشتیوان و کۆمەك بۆ دۆزی سیاسی(نەك ئینسانی)ی کورد بپشکنێت. ئێستا دەبینین، خیتابی سیاسیی حیزبی کوردی، بە قورئانێکەوە، دەوڵەتاودەوڵەت دەڕوات و سوێندی جیانەبوونەوە و پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێراق دەخوات. ئەم خیتابە، ناسنامەی (ئێراقیبوون) پێش (کوردبوون) بە ئێمە دەدات و بە (ئێراقییەکوردەکان)مان دەناسێنێ!!.

قسەی من لەسەر ئەوە نییە، کە دەبێ حیزبە کوردییەکان یان دەسەڵاتی سیاسیی کوردی، ئاڵا هەڵگری جیابوونەوەو دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد بن. دیارە ئەم مەسەلەیە، پابەندی فاکتەر و هاوکێشەی نێوچەیی و نێودەوڵەتییە، وەلێ جاڕدان بۆ

دەستبەجێ پراکتیزەکردنی ئەم درووشمە شتێکە و جەختکردن لەسەر بەجیاهەڵکەوتوویی دۆزی کورد و کارکردنی دیپلۆماسییانە، بۆ زەوینەسازاندنی بەدەستهێنانی ئەم مافە، شتێکی دیکەیە. ئەمە، ئەو دیاردەیەیە کە لەکاری دیپلۆماسیی کوردیدا، نادیارە و ئامادە نییە. واوەتریش غیابی خیتابی یەکگرتوو، وای کردووە کە ڕەنگ و سیمای خستنەڕووی خواستەکان لە هەر پێتەخت و وڵاتێکدا، رووخسارێکیان هەبێت و ئاوازەکان بە پێی سرووشتی پەیوەندییەکان بگۆڕدرێن.

پێم وانییە مەسەلەکە سیاسەتی ((دەستبەکڵاوی خۆوەگرتن))بێت، بەڵکو من وای بۆ دەچم کە سەردەرنەکردن بێ لە هاوکێشە سیاسییە ئاڵۆزەکانی خۆراوا و ئەمەریکا، لە نێوچەکەدا و باش نەخوێندنەوەی ئەگەری پێشهاتەکانی ئایندە بێت لە ئێراقدا.

دەسەڵاتی کوردی، بەبیانووی ناڕوونیی ئەڵتەرناتیڤی پاش رژێم، جورئەتی پیشاندانی لایەنگریی خۆی لە پرۆسەی رووخاندنی رژێم ناکات!، کەچی گورجوگۆڵترین پەیوەندی و هاتوچۆی لەگەڵ ئەمەریکادا هەیە کە مژووڵی سازکردنی سیناریۆی رووخاندنی رژێمە. دەسەڵاتی کوردی، لەم قۆناغەدا، دەیەوێت بە چەند کارت یاریی بکات. ئەم لەسەر چەندپەت یارییکردنە، دەشێ لە دنیای سیاسەتدا کارێکی ئاسایی بێت، بەڵام بێئەوەی مەسەلە سەرەکییەکان لە نێو تەمومژی خۆیدا، ون بکات.

ئەم دیپلۆماسییەتە، مەترسیی ئەوەی لێ دەکرێت کە ڕەگەزە ناکۆك و دژەکانی هەناوی خۆی تێکی بشکێنن و هەرەسی پێ بهێنن!.

ئەگەر بزووتنەوەی سیاسیی کورد لەم قۆناغەی ئێستایدا، خیتابی یەکگرتووی سیاسی هەبا، دەبوو ئێستا لە نێوەندە نێوچەیی و نێودەوڵەتییەکاندا، چەند هەنگاوی دیار و بەرچاوی بۆ هێنانە ئارای دیالۆگ بۆ زەوینەسازیی جێبەجێکردنی مافی چارەی خۆنووسین ((نەك فیدرالیزمی یەکلایەنەی خۆڵەمێشیی لەسەرێڕا بڕیاردراو)) بۆ گەلی کورد، لەو بەشەی کوردستاندا بهاوێژتبا.

فیدراڵیزم، ئەگەرچی شێوازێکی دەستورییە بۆ سەرلەنوێ داڕشتنەوەی پەیوەندییەکانی پێکەوەژیانی دوو گەل و دوو نیشتمان و لە زۆر جێگای جیهانیشدا نموونەیەکی سەرکەوتووی بەلاداخستنی کێشەی نەتەوایێتی و ئیدارییە، بەڵام ئەم کێشە ئاڵۆز و چارەنووسسازە، پێشئەوەی کێشەی حیزبەکان و ئۆرگانە دەسەڵاتدارەکان بێت، کێشەی خودی میللەتێکە، کە خۆی مافی هەڵبژاردنی پشکەکان و بڕیاردانی هەیە. پەرلەمان ئەگەر لەسەداسەدی دەنگەکانیشی وەرگرتبێت، پارچە نەبووبێت و یانزە ساڵانیش بەسەر تەمەنیدا تێپەڕ نەبووبێت، دیسان لە بەلاداخستنی کێشەیەکی وەها گرنگدا، دەبێت بۆ را پرسیی گشتیی خەڵك بگەڕێتەوە!. لە هیچ وڵاتێکی ئەورووپادا، پەرلەمان مافی وەرگرتنی بڕیاری چوونە ناو ئەورووپا، یان دراوی یەکگرتووی ئەورووپای بەخۆی ڕەوا نەبینی و بۆ را پرسی گشتیی گەڕایەوە. پەرلەمانی کوردستان، نە دەساڵ پێش ئێستا بە تازەکورەیی و نە ئێستاش پاش تەریککەوتنی یەکێك لە لایەنە سەرەکییەکانی، مافی وەرگرتنی ئەو بڕیارەی نییە، زۆرجاران، لە گفتاری سەرۆك و سەرکردەکانی کورد دا، مەسەلەی (ئەلتەرناتیڤ)دێتە پێشێ و دەکرێتە پێشمەرجی هەڵوێستگرتن لە رووخاندنی رژێمی سەدام.

ئەلتەرناتیڤی پاش سەدام، هەرچییەك و هەرکەسێك بێت، (سەدام)نابێت. بەڵام داخۆ ئەگەری هاتنەسەرکاری (شارۆن)ێکی ئێراقی ((هەرنەبێت لە هەمبەر کورد و مەسەلەکەی))، ئەگەرێك لە ئەگەرەکان نییە؟!.

ئەم قۆناغەی کێشەی فەلەستین و پشتگیریی دژەئینسانییانەی ئەمەریکا لە سیاسەتی شارۆن، دەکرێت ئەزموونێکی زیندوو بێت و کورد و سەرکردە سیاسییەکانی بە ئەقڵەوە لێی بڕوانن!.

وێڕای ئەو ئەگەرە و هەموو ئەگەرەکانی دیکەش، بەردەبازی دەربازبوونی بزووتنەوەی کورد لەم قەیران و تەنگژەیەی تێی کەوتووە، رووخاندنی رژێمی ئێستای ئێراقە!. من، پێموایە، مەحاڵ نییە، وەلێ ئەستەمە مێژووی ئەو وڵاتە، دەسەڵاتێکی وەها دڵڕەش و کوردقڕکەری وەکو بەعس بەرهەم بهێنێتەوە!.

بۆ ئەڵتەرناتیڤیش، دەشێ حیزب و هێزە سیاسییە کوردییەکان، بەوپێیەی کە گەورەترین و بەسەنگترین لایەنی ئۆپۆزسیۆنن، ئەوەشیان بڕیوەتەوە کە سیستەمی فیدراڵی لە ((ئێراقێکی دیموکراتدا جێبەجێ دەکرێ)) و دیموکراتێتی ئێراق، (دەرمانی هەموو دەردەکانە)، دەشێ ئەوان هێزی بڕیاردەر بن لە پێکهاتەی ئەڵتەرناتیڤی رژێمدا، نەك سواڵی ئەڵتەرناتیڤ لە کەس و لایەنی دیکە بکەن!.

ئەم بارودۆخەی یانزەساڵە لە کوردستاندا خوڵقاوە، ناکرێت چەند ساڵێکی دیکەبەردەوام بێت. بزووتنەوەی کورد لەو بەشەی کوردستاندا، پاش یانزەساڵ کارکردنی دەسەڵاتی کوردی، ئیدی لە دووڕییانی چارەنووسی خۆیدا وەستاوە. لە کاتێکدا، لە کوردستاندا، بزووتنەوەیەکی جەماوەریی سەربەخۆی دوور لەتاپۆی حیزب لەو بوارەدا نابینرێت و کۆمەڵانی خەڵك، بۆ دیاریکردنی چارەنووسی سیاسیی خۆیان. چاویان لە رەوتاری و گفتاری دەسەڵات و حیزب بڕیوە، دەبێ بڵێین: باڵادەستیی خیتابی سیاسیی حیزب، لە رابردووی خۆیدا، شەڕی نێوخۆ، ماڵوێرانی و کەرتبوونی دەسەڵاتی لێکەوتەوە و ئێستاش کۆمەڵێك فاکتەری نائارامیی لە

کوردستاندا خولْقاندووه، ((ئیسلامی سیاسیی توندڕۆ، تورکمانی سیاسی ، میلیشیای حیزب و دەستتێوەردانی تورکیا، ئێران)) کە بۆ ئاییندەش مەترسیی جیدی بۆ بزاڤی کوردی دروست دەکەن. خیتابی حیزب، لە هەر شێوازێکدا خۆی بنوێنێ و سەنگی هەرچییەك بێ، ناتوانێت جێگای خیتابی سیاسیی نەتەوە بگرێتەوە و خواستە سیاسییەکانی لە نێوەندە نێودەوڵەتییەکاندا، بخاتە روو!.

عەدنان عوسمان:

وابزانم لەگەڵمدایت، لەم کاتەدا ((دیارە لە هەموو کاتەکانیشدا))، زۆر پێویستمان بە (شەفافییەت) و راستگۆیی هەیە لە پەیوەندیی نێوان خەڵك و دەسەڵاتداراندا. هەست دەکەن ئەو جۆرە بێپەردەیی و شەفافییەتە لە ئارادا هەبێت؟!. هەست دەکەن هێزە دەسەڵاتدارەکان، رای گشتیی خەڵکی کوردستانیان بۆ ئەو رووداو و گۆرانکارییانە، ئامادەکردبێت؟!!.

پشکۆ نەجمەدین:

شەفافیەت، یەکێکە لە خەسڵەتە دیارەکانی هەر دەسەڵاتێکی دیموکراتی و کراوە. واتە حکومەتێك کە پلانی بەڕێوەبردنی دامودەسگاکانی، لە هەموو بوار و کەناڵەکانی بەڕێوەبردندا، تا ئەو جێگایەی ئیمکانی دەبێت، لەبەردەم خەڵك و ئۆرگانەکانی رێکخراو کۆمەڵە دیموکراتی و نادەوڵەتییەکاندا ئاوەلا بێت. وەك دەزانین، دەسەڵاتی کوردیی پاش راپەرین، هێشتا نەیتوانیوە قۆناغی (حوکمکردن) بۆ (حکومەتکردن) بگوێزێتەوە!. ئەمەش بەو مانایەی کە هێشتا حکومەتی دامودەسگایی بە چەمکە زانستی و حقوقییەکەی، لە کوردستاندا وجودی نییە. تۆ لە بڕیارە سیاسییە گرنگەکان بڕوانە و سەرنج بدە کە داخۆ سەرچاوە و نێوەندی بڕیارلێدانیان ((پەرلەمان ـ حکومەت))، یاخود سەرۆك و سەرکردەی حیزبەکانن؟!. دەسەڵاتی کوردی، هێشتا وێنەیەکی گەورەکراوی دەسەڵاتی حیزبە و سیستەمی حیزبی رۆژهەلاتیش، چەند بڵێی داخراو و پۆلاڕێژە!. زۆرینەیەك لە پرۆتۆکۆل و پەیوەندیی نێوان حیزبەکان و هێزەکانی دەرەوەی خۆیان ، نەك خەڵك، بگرە ئەندامانی حیزب و بەشێك لە سەرکردەکانیشیان، لێیان بێئاگان!.

هەر ئێستا، سەرۆکی هەردوو حیزبە گەورەکەی کوردستان لە دەرەوەی وڵاتن و راگەیاندنی حیزب و دەوڵەتیش، بچوکترین هەواڵ لەسەر شوێن و جۆری چالاکی و ئامانجی سەفەری ئەوان، راناگەیەنێت!!. واپێدەچێت، ئەم مەسەلانە پەیوەندییان بەخەڵکەوە نەبێت!.

لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا، بەدرێژی باسم لەوە کرد کە هیچ گرنگییەك بە سازکردنی رای گشتیی لەسەر مەسەلە و کێشە گرنگەکان نەدراوە و ئەم مەسەلەیە لای دەسەڵاتی کوردی، بە هەند نەگیراوە!!.

فیبریوەری 2003

## بێدەنگی لە وەرزی دەنگەکاندا

ئێراقی بەعس، ئێراقی یەکدەنگی و یەکڕەنگی بوو! کۆمەڵگەیەك بە پەیڤ و سیمای بەعسەوە، بەعسێکی بەرجەستە بوو لە گفتار، هەناسە، رووخسار، و وێنەی سەدامدا!!.
زیندانەوڵاتێك: هەوای: بەعس، خۆری: بەعس، نانی: بەعس، ئاوی: بەعس و سەدامیش سەرچاوەی پیرۆزی ژیانی بەعس بوو!.
کۆمەڵگە، هەموو خەسڵەت و ماناکانی خۆی لە بەعسدا ون کردبوو، بەعسیش بێ سەدام هیچ مانایەکی نەبوو!.
سەدام، لە بیرکردنەوەو تێرامانەدا. سەدام، لە دید و روانیندا. سەدام، لەسەرشەقام و کۆڵاندا، لە باخچەی گشتی و بۆنی گوڵاندا، بەسەرپۆپەی دارخورما و لە چریکەی خورماخۆرەکاندا، لەنێو پاسی هاتوچۆدا، لەسەر عەرەبانەی سەوزەفرۆش و لەنێو پیاڵە چای پڕڕەنگی (اشرب شای وانت ماشی)دا!. سەدام، لە چاوانی هێشتا نەترووکاوی تازەساوادا، لە بووکەشووشە و یارییەکانی باخچەی مناڵاندا، لەکتێبی ماتماتیك و مێژوودا، لەژێر پێستی هەر پیتێکدا کە هێشتا نەنوسرابوو!، لەداری دەستی مامۆستا و کێبڵی دەستی جەللاد و دوا هەناسەی سەرەمەرگی قوربانیدا!. سەدام، لە ژووری خەوتن و شڵپەی ماچ و توانەوەی لەززەتی جووتبووندا!!.... سەدام لەنێو زمانی جەنگ و بۆنی ژەهر و چاوی تۆقێنەری ئەنفالدا!.
لە وڵاتی ئەنفالدا، دەنگێك هەبوو!. ئەوە دەنگی خوێنلێتکاوی (نا)یەك بوو، بۆ سەدام!، رەنگێك هەبوو، ئەوە رەنگێکی یاخی بوو لە رەنگی بەعس!.
بەعس هەرەسی هێنا!. سەدام ون بوو!. خەڵکی ئێراق شتێکیان لەدەست دا کە نەك هەر بەشێك بوو لە ژیانیان، بگرە هەموو ژیانیان بوو!. ئەرێ ئێستا دەبێ خەڵکی ئێراق لە هێسترياى ژيانی بێ سەدامیدا چلۆن بژین؟!.
هاتوهاوارەکان، جۆشوخرۆشی سەر شەقامەکان، رەنگی درووشمەکان و دەنگی (بژی و بڕووخێ)کان، لەگەڵ هەموو شتەکان، پێمان دەڵێن: ئەو خەڵکە هێشتا لە خەوندا دەژین و بۆ ئەوەی خەونەکەیان نەبێتە واقیع، ساتێك پشوو نادەن!.
لە کوردستاندا، دوانزە ساڵە، دەنگ و رەنگی سەدام، بە جۆرێك لە جۆرەکان پێچراونەتەوە!. لە کوردستاندا نەتەوەیەك فراژی بووە، نە بەعس دەناسێ و نەسەدام، نەتامی جینۆسایدی چێشتووە و نە رەنگی ئەنفالی بینیوە!.
ئەم نەوەیە، لە مەترسیی یەکپارچەیی خاکی ئێراق و بەئێراقیبوونەوە ناگا!، نازانێ جیاوازی نێوان ئۆتۆنۆمی و فیدراڵی، وەك جیاوازی نێوان کاڵەك و خوربزەیە!. ئەم نەوەیە، نەئێراقی بەیەکپارچەیی بینیوە و نە لە سێبەری فیدراڵیشدا خەوتووە!.. ئەم نەوەیە، تەنیا بە دەوڵەتی نیمچە سەربەخۆی کوردستان ئاشنایە!.

که حیزبەکان بەرەنگی سەوز و زەردەوە، بارگەی کۆچیان بۆ بەغدای پێتەخت تێک دەنێن، کەسێك چاوێکی پڕ مانایان تێ نابڕێت!.
که گەورە حیزبێك ( 10) بارەگا لەشارەکەی (هارون) دەکاتەوە، کەسێك هەڵوەستەیەك ناکات!.
که دەسەلأتی سیاسیی ئێمە، خۆی بە بەرپرسیاری پاراستنی ژیانی بەعسیان و نابەعسیانی بەغدا دەزانێ، کەسێك نالێ بۆچی؟!.
که کوردە کوردئەنفالکەرەکان، کێکی ساڵرۆژی لەدایکبوونی (سەرکردە) جێدەهێڵن و له کوردستاندا داڵدە دەدرێن، پەرلەمانی کوردستان زۆر گوناحانە، داوا لە حیزبەکان دەکات تا لێیان نەبوورن!!.
کەسێك بۆ پشتیوانیی لە خواستی پەرلەمانتارەکان، دەنگ بلند ناکات!!.
که شێعەکان، بۆ کۆماری ئیسلامی و پاشاییخوازەکان بۆ رژێمی پاشایێتی و لیبراڵەکان بۆ دەوڵەتی لیبراڵ و بەعسییەکان بۆ گەڕانەوەی (علوج)ەکان، خرۆشاون، لە کوردستاندا جگە لە دەنگی فیدراڵخوازی حیزبەکان، دەنگێك نییە!.
هیچ شتێك لەوە کارەساتتر نییە کە میللەتێك هەموو دەنگەکانی، خواستەکانی، پرۆژەکانی بە حیزب بسپێرێت!.
هیچ کۆمەڵگەیەك لەو کۆمەڵگەیە نا دیموکرات و داخراوتر نابێ کە خەڵك لە رۆژگاری فەوزای سیاسیدا، لە پەراوێزی سیاسەتدا دەستەوئەژنۆ دابنیشێت!.
گەلی ئێمە، چەندسالأن شەڕی نێوخۆی کردە ئەمری واقیع و ملی بۆ دا!. میللەتێك ئێستاش دوو ئیدارە و دوو دەسەلأتی سیاسیی قەبوڵە و گروپەکانی فشار بۆ یەکخستنەوەی ئەم دوو دەسەلأتە، دەنگ و رەنگیان نییە و ناتوانن دەیانهەزار کەس لەسەر شەقامان، بۆ ئەم مەبەستە بخرۆشێنن!.
دەبوو ئێستا لە دەرەوەی خواستی یەکێتی و پارتی، بە پشتگیریی ئەو حیزبانەی پێیان دەڵێن(چکۆلە)، هەزاران کەس رۆژانە و بە پرۆژەیەکی کوردیی تایبەتەوە، لەسەر شەقامانی هەولێر و سلێمانی خرۆشابان و هاواریان ویژدانی مردووی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەمەریکای (دۆست)ی کوردی هەژاندبا!.
که (گارنەر) هاتە سلێمانی، چاوەڕێ بووم لەسەر پەڕەی هەر گوڵێکی پێشکەشیان کرد، لێی نووسرابا:(ئێوە قەرزاربارى کوردن!.. ئێمە هەموو شتێکمان بۆ ئێوە کرد، ئەدی ئێوە چیمان بۆ دەکەن؟!).
شینبوونی گوڵی فیدرالیزم لە زەوینەی بە زەبر و خوێن ئاودراوی کۆمەڵگەی ئێراقدا، ئاسان نایەتە پێشچاو!.
تۆوی ئەو زوڵمە مێژوویيەی لە کورد کراوە، لە بنچینەی دەوڵەتی ئێراقدا چێنراوە!. داخۆ ئێمە وەکو میللەتێك نەك (حیزبەکان)، بیرۆکەی هەڵوەشاندنەوەی ئەو دەوڵەتەمان بە دڵدا ختوور دەکا؟!.
ئەرێ دەوێرین بە (تاك) بیربکەینەوە و بپرسین: بۆ دەبێ ئێراق یەکپارچە بێت؟!.
لە سەردەمی هاتوهوریای دەنگەکاندا، چ بێدەنگین!!.
2003 / 4 / 30

لە جەنگەی جەنگدا!

**هه پەیڤین: گۆران هەڵه بجەیی / ڕێگای کوردستان.**

**گۆران : ئاکامی ئەم جەنگە بەکوێ دەگات؟!.**

**ـــ هۆکارەکانی خستنەگەڕی ئەم جەنگە و مەرام و ئامانجەکانی لەلایەك و میکانیزمی بەرەوپێشەوەچوونی ڕەوتی ڕۆژانەی ئۆپراسیۆنەکان و جەختکردن و سووربوونی (بۆش و بلیەر)، لەسەر بەردەوامبوونی جەنگ تا دوا هەواری مەبەست، ئەوەمان پێدەڵێن: ئاکامی جەنگ، شکستی هێزەکانی دەوڵەتی ئێراق، هەرەسهێنانی دیکاتۆری، لەبەریەکهەڵوەشاندنی سیستەمێکی تۆتالیتار و پۆلیسییە کە سی و پێنج ساڵە کۆمەڵگەی ئێراقی کردوەتە کۆمەڵگەیەکی میلیتاریست. کۆتایی ئەم جەنگە، دەبێتە کۆدی دەستپێکردنی دەورانێکی نوێ بە هەردوو مانا ((پۆزەتیف و نەگێتیڤ))ەکەی لە ئێراق و نێوچەکە و جیهاندا!.**

**گۆران: سەدام، دەکوژرێت.. هەڵدێت.. یان وەك بەن لادن، خۆی دەشێرێتەوە؟!.**

**ـــ هەموو ئەگەرەکان لە گۆڕێدان!.. پێشبینییەکی تایبەت، ئەستەمە!.**

**گۆران: کورد، لە کوێی ئەم جەنگەدا خۆی دەبینێتەوە؟!.**

**ـــ پرسەکە، کەمێك ناڕوونە!... ئەگەر مەبەست لە ڕۆڵ و جێگا و هەڵوێستی کورد، وەکو قەوارە و دەسەڵاتی سیاسی بێت لە کوردستانی باشووردا، لە پەیوەند لەگەڵ جەنگ و هێزەکانی بەڕێوەبردنی جەنگەکە، ئەوا ئێمە تابلۆیەکی ڕوون و بێ تەمومژمان لە بەردەستە کە ڕۆڵ و پێگە و هەڵسورانی کورد و دەسەڵاتەکەیمان، لە پرۆسەی ئەم جەنگەدا، نیشان دەدات.**

**پێداویستی سەرکەوتنی جەنگەکە بۆ ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی، گرنگی کورد چ وەك هێزی سیاسیی و کارکرد و چ وەك کارتێکی سیاسی و سەربازی لە کوردستان و ئێراقدا، هەروەها گرنگی جیۆپۆلۆتیکی کوردستان، وایان کردووە کە ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی نەتوانن نە لە ئێستا و نە لە داهاتووشدا، دەستبەرداری بن و حیسابی بۆ نەکەن.**

**هێزی کورد، ئێستا بەشێکە لە هێزی هاوپەیمانان و لە ڕۆژانی داهاتووشدا، ڕۆڵی گرنگ لە ((بەرەی باکوور))دا دەگێڕێ!. پێموایە، دەسەڵاتی کوردی، لە ئاستی دیپلۆماتیکدا و لە ڕەوەندی مامەڵەکردنی لەگەڵ ڕووداوەکانی جەنگدا، تا ئاستێکی باش و بەرچاو، بابەتییانە مامەڵەی کردووە و ئاگایانە هەنگاو دەهاوێ!.**

**لە ڕوودانی جەنگێکی وەهادا، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە چارەنووسی کورد و بزووتنەوەکەیەوە هەیە، نەدەکرا کورد هێزێکی ((پەسیڤ)) و نەبزواو بێت و لە دەرەوەی ڕووداوەکاندا بمێنێتەوە. ئێستا کورد لە نێو جەنگەی جەنگدا وەستاوە!، وەلێ لەوە گرنگتر، ئەوەیە: کورد، لە پاش بڕانەوەی جەنگ لە کوێدا دەوەستێت؟!.**

**بەرسڤی ئەم پرسە، پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵێك فاکتەردا هەیە کە جەنگ و دەرئەنجامەکانی جەنگ، لە پانتایی کوردستان و نێوچەکەدا دەیانخولقێنن و ئەمانیش خوێندنەوە و مامەڵەکردنێکی ورد و جدی لە کورد و دەسەڵاتەکەی دەخوازن!.**

**گۆران: کەرکوك، قودس و دڵی کوردستانە!!. بەڕای ئێوە، هێزە کوردییەکان، لە ترسی هێزە هەرێمییەکان، چاو لەو شارە پیرۆزە دەپۆشن، یان نا؟!. ئایا دۆخەکە لەبار نییە، کە هێزە کوردییەکان، کەرکوك بگرن و وەکو (ئەمری واقیع) فەرزی بکەن؟!.. لە کاتێکدا، ئاشکرایە کە هێزەکانی هاوپەیمانان، پێویستیان بە هێزی چەکداری لایەنە کوردییەکان هەیە بۆ کردنەوەی بەرەیەکی دیکە و گرتنی کەرکوك و موسڵ؟!.**

**ـــ بەپێی پرەنسیپەکانی خیتابی سیاسیی کورد بە گشتی و هەڵوێستی ڕاگەیەنراوی سەرکردە و دەسەڵاتدارانی کورد لە گەرمە ڕووداوەکانی جەنگ و ئەو کێشە هەرێمییانەی کە ئەم خیتابە سیاسییە، ((دەرهەق بە کەرکوك)) هێناونێتیە گۆڕێ ، هەستێکی وامان لا درووست ناکات کە هێزە کوردییەکان، لەژێر فشاری هێزە هەرێمییەکاندا ((بەتایبەت تورکیا))، بیر لە چاوپۆشیکردن لە کەرکوك بکەنەوە!.**

**ئەوی جێگای نیگەرانییە و جۆرێك لە دڵەڕاوکێ درووست دەکات، ئەوەیە: کە دەسەڵاتی کوردی، جارێ دەسەڵاتێکی هاوبەشە، نەك یەکگرتوو، بەو پێیەش، خیتابی سیاسیی کوردی لەمەڕ کەرکوك و چارەنووسی، خورت و یەکگرکتوو نییە و لە نێوان ((شارێکی کوردستانی، شارێکی کوردی، شاری براێتی، شاری ئێراقی دیموکراتی !!))، هاتوچۆ دەکات.**

**کورد، کە سەرکردایەتییەکی یەکگرتوی نەبێت، ئەوا قسەکەرانی دەسەڵاتەکەشی ناتوانن بە یەکگرتوویی و یەکزمانی، لەسەر مەسەلە گرنگەکان قسە بکەن و مرۆڤ، کەم و زۆر، لێرە و لەوێ، قسە و بۆچوونی جیاوازیان لێ دەبیستێت.**

مامەڵەکردن لەتەك دۆزی کەرکوك، مەسەلەیەکی ئەخلاقی، سیاسی، نەتەوەیی و مێژووییە. هیچ هێزێکی کوردی و لەژێر فشاری هەر هێز و فاکتەرێکدا، مافی چاوپۆشیلێکردنی نییە. دەستبەرداربوونی کەرکوك، لەلایەن هەر هێز و سەرکردەیەکەوە، دەچێتە خانەی خیانەتی نەتەوەیی و بەرپرسیاربوون لە بەردەم مێژوودا!.

ئەوی کە داخۆ هەقە هێزە کوردییەکان، هێرش بۆ کەرکوك بکەن و رزگارکردنی کەرکوك بکەنە((ئەمری واقیع))، مەسەلەیەکی زۆر حەساس و پێچەڵپێچە و دەشێ زۆر بە وریاییەوە مامەڵەی لەتەکدا بکرێت. وەکو (هەق) دیارە هەقە!. بەڵام زۆر جاران، بارودۆخ و هاوکێشە سیاسییە تایبەتەکان، لە هەلومەرجی تایبەت و دیاریکراودا، (هەق) ناخوێننەوە، یاخود (هەق) جێگایەکی لەوێدا نییە!.

من پێموایە، هێزە کوردییەکان، لە چوارچێوەی هێزەکانی هاوپەیمانان‌دا، دەشێ ئەو کارە بکەن و درێژە کێشانی جەنگەکەش لە خودی ((بەغداد))دا، ئەم کارە بۆ هێزەکانی هاوپەیمانان دەکاتە کردەیەکی ناچاری و جددی!. واتە، بە کردنەوەی (بەرەی باکوور)، کورد دەبێتە هێزی بەکار و بڕیاردەر لە رزگارکردنی کەرکوك و موسڵیشدا. دەستپێشخەریی کورد و هەوڵدانی بە تەنیا بۆ رزگارکردنی کەرکوك، بیانو بۆ ئەگەری دەستتێوەردانی تورکەکان لە کوردستاندا، مسەوگەر دەکات و هەموو هاوکێشەکان دەشێوێنێت.

گۆران: گریمان پاش جەنگ، بارودۆخی کوردستان لە ئێستا باشتر بوو. ئایا ئەو دوو ئیدارەیە یەك دەگرن؟!.، یان وەکو ئێستا بە دوو پارچەیی دەمێننەوە؟!.

ــ جەنگ، وێرای هەموو کارکردە دزێوەکانی لە کوشتن و خوێنرێژتن، وێرانکردن و روخاندنی ژێرخانی ئابووریی ئێراق، بەڵام جەنگ، سیستەمی بەعس و رژێمی ئەنفال و جینۆساید لەناو دەبات. ئیدی دیارە بارودۆخی کوردستانی پاش جەنگ باشتر دەبێت.

دوو ئیدارە کوردییەکە و مانەوەیان لەم حاڵەتەی ئێستایاندا، لاوازترین خاڵی خیتاب و هەڵوێستی سیاسیی کوردییە، دەرهەق بە رووداوەکانی ئێستا و چارەنووسی ئایندەی کورد. دەبا ئەم دوو ئیدارەیە و ئەم دوو دەسەڵاتە سیاسییە، هەر نەبێ چەند مانگان پێش روودانی جەنگەکە، یەکیان گرتبا!. بوونی یەك دەسەڵات، یەك دەوڵەت و یەك ئیدارە لە کوردستاندا، هەڵوێست و پێگەی بزووتنەوەی کوردی لە رەوەندی رووداوەکاندا، بەهێزتر دەکرد!.

بەپێی پیلان و نەخشەی داڕێژراوی ئەمەریکا و هاوپەیمانانی بۆ سیستەمی سیاسی و ئیداریی چاوەڕوانکراوی ئێراق ((سیستەمێکی دیموکرات، پلۆرالیست و فیدرالی)) لە چوارچێوەی ئێراقێکی ((یەکگرتوو!!))دا، ئیدی دیارە جێگا و مانایەك بۆ دوو دەسەڵاتی و دووئیدارەیی لە کوردستاندا نییە!. ئەوە تەنیا هاتنەکایەی کەشێکی نائارام و ئەگەری خوڵقاندنی هەندێك فاکتەری خۆجێی و هەرێمییە پاش کۆتاییهاتنی جەنگەکە لە ئێراق ونێوچەکەدا، کە دەبنە مایەی بەردەوامبوونی دووئیدارەیی لە کوردستاندا و لە ئەگەری حاڵەتێکی وەهاشدا، کورد و بزووتنەوە سیاسییەکەی لە تەنگژە و گێژاو دەکەون.

پێوەری راستگۆیی دوو ئیدارە سیاسییەکە، لەمەڕ پەرۆشییان بۆ چارەنووسی کورد وەکو گەلێك و کوردستان وەك وڵاتێکی بەجیاهەڵکەوتوو لە ئێراقدا، لە گرەوی سازدانی زەوینەی یەکگرتنەوەی دوو ئیدارە و دوو دەسەڵاتی سیاسیدایە.

پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، دەشێ لەم هەل و هەڵکەوتەی ئێستای ئێراقدا، بەجددی بیر لە بەزاندنی سنووری (حیزب) بکەنەوە و لە کایەکانی ستراتیژی نەتەوەییی کورد دا کار بکەن.

5 / **ئاپریل** / 2003

**کـــــــــورد و نیگەرانییەکانی چـــــــارەنووس!**

**پێم باش بوو کۆبەندی دید و تێڕوانینەکانم لەمەڕ پرسە جددیەکانی (گولان) کە دەبنە کرۆکی کێشە و ئاستەنگییەکانی بزووتنی پرۆسەی دیاریکردنی مافی چارەنووسی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و داساکانی لە هەوارێکی دڵخوازدا، لە ژێر ئەو ناونیشانەی سەرێدا کۆوەکەم. بەو هیوایەی دەنگێك بخەمە نێو گوڵدانی لێوانلێو لە دەنگ و بیر و بۆچونی جیاواز و ، پێکڕا بتوانین زەمینەی رەخساندنی (رای گشتی)ی خەڵك لەسەر مەسەلە گرنگ و چارەنووسسازەکان بخوڵقێنن!...**

**# دیارە کە داهێنانی بیرۆکەی سیستەمی فیدراڵ بۆ ئێراقی ئاییندە و دیاریکردنی خواستی سیاسیی کورد و بڕیاردان لەسەر شێوازی پەیوەندیی خۆی لەگەڵ دەوڵەتی نێوەندی، لە چوارچێوەی وڵاتێکی فیدراڵدا کە مافە نەتەوەییەکانی مسەوگەر بکات و شوێنەوارەکانی ئەو زوڵمە مێژووییە بسڕێتەوە، کاری پەرلەمانی تازەهەڵبژێدراوی کوردستان بوو. بێئەوەی ئێستا بچمە سەر ئەوەی کە داخۆ بڕیارێکی وا گرنگ و چارەنووسساز، کاری پەرلەمانە و چ پەرلەمانێك شەرعییەتی ئەوەی هەیە کە بێ گەڕانەوە بۆ رای خودی میللەت، وەها خواستێك بکاتە خیتابی سیاسیی بزووتنەوەیەکی نەتەوایێتی؟!.**

**دەبێ ئەوە بڵێم کە هێز و نێوەندە سیاسییەکانی ئێستای ئێراق و (ئەوێ رۆژێی ئۆپۆزسیۆن) لە ژێر کارکردی کۆمەڵێك فاکتەری نێوەکی و دەرەکیدا (گرنگترینیان لاوازیی خودی ئۆپۆزسیۆنی ئێراق و ناهاوسنگی نێوان هێزی سیاسیی کورد و ئەوان بوو)، بە ناچاری و لە سەرجەمی کۆبوونەوە و کۆنگرەکانی ئۆپۆزسیۆندا، ملیان بە قەبوڵکردنی وەها چارەنووسێك بۆ سیستەمی سیاسی و ئیداریی ئێراق دا و، وردینەی تایبەتمەندییەکانی ئەو سیستەمەشیان بە زەمەنی داهاتوو و ئەگەرەکانی ئێراقی پاش سەدام سپارد!. ئەگەرچی لە دیدی کورد و هێزە سیاسییەکانی کورد، لە کۆڕ و کۆنگرەکاندا، زیاتر وەکوهێزی بزێو و ئاکتیڤی ئێراقی دەبزووان و رووخاندنی رژێمی سەدام و دابینکردنی ئێراقێکی دیموکرات و (فیدراڵ)یان مەبەست بوو و جەختیان لەسەر دەکرد، ئیدی بۆشاییەکی باشیان بۆ شیکردنەوە و راڤەکردنی سیستەمی فیدراڵ بەجێ هێشت!.**

**ئێستا بەشی زۆری (ئەگەر نەڵێین سەرپاکی) هێزە سیاسییەکانی ئێراق، لە ئێراقی ئازادی پاش سەدامدا، بانگەشە بۆ سیستەمێکی فیدراڵی ئیداری دەکەن کە لەوێدا ئێراق دەبێتە. چەند هەرێمێکی ئیداریی پێکەوەبەستراو لەسەر بنچینەی پرەنسیپەکانی بەڕێوەبردنی فیدراڵی و ناناوەندییەتی دەسەڵات. ئەم سیستەمە، کەمتر خەسڵەتە ئیتنیکی و مەزهەبییەکان لەبەرچاو دەگرێ و زێتر شێوازێك دەبێت بۆ ئاسانکردنەوەی میکانیزمی بەڕێوەبردنی دەسەڵات و وەلانانی گرفتی سێنترالیزم لە پرۆسەی پراکتیزەکردنی دەسەڵاتدا. ئەم جۆرە سیستەمە نزیکایێتیی لەگەڵ سیستەمی فیدراڵیی ئەو وڵاتانەدا هەیە کە زیاتر کێشە و ئیشکالیاتی بەڕێوەبردنیان هەبووە نەك کێشەی نەتەوایێتی. هەڵگرانی ئەم خواستە، هەر گروپ و لایەنێك بن، بیر و تێڕوانینەکانیان بۆنی فاشیزمی لێدێت و نەك هەر بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد بەکەم دەگرن، بگرە سووکایێتیشی پێ دەکەن!.**

**ئەگەر بڕیار بێت سیستەمێکی فیدراڵ لە ئێراقدا چێ ببێت وسەرمایەکانی درووست بوون و خۆڕاگرتن و بەردەوامبوونی هەبێت (کە من بەگومانم!)، دەبێت خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی ئەو سیستەمە (لە ئێراق و کوردستاندا) بە روونی و بێ تەمومژ، لە دەستووری هەمیشەیی ئاییندەی ئێراقدا بنەخشێنرێن:**

+ له ئێراقدا دوو نەتەوەی سەرەکی (عەرەب و کورد) و چەند کەمینەی نەتەوەیی دەژین.

+ وڵاتی ئێراق له یەکگرتنی ئارەزوومەندانەی دوو نیشتمان (کوردستان و عەرەبستان) پێك دێت..(پاشتر دەگەڕێمەوه سەر مەفهومی تێرمی "ئارەزوومەندانه").

+ ناوی ئێراق، چ وەکو وڵات و چ وەکو دەوڵەت بگۆڕدرێت و لەگەڵ پێکهاتەی نوێیدا گونجاو بێت.

+ ئێراق، بەشێك نابێت له وڵاتانی عەرەب و ناشکرێت وەکو وڵاتێکی عەرەبی، ئەندامی (جامیعەی عەرەبی)بێت. دەشێ فۆرمێکی نوێ بۆ هاوکاری و مامەڵەکردن لەتەك جامیعەی عەرەبیدا ببینرێتەوه!.

+ سنووری کوردستان دیاری بکرێت و له دەستوردا بنەخشێنرێت!.

+ تێرمی بێزراوی (پاراستنی خاکی ئێراق!!) لەکن (فیدراڵ) بکرێتەوه و ئەوه بچەسپێنرێت کە(یەکگرتنی ئارەزوومەندانه)، به مانای (هەڵوەشاندنەوەی ئارەزوومەندانه)ش دێت!.

ئەمانه سەرخەته ئەسڵی و گرنگەکانن و وردەکاری دیکەش زۆرن که باسکردنیان لێرەدا دەبێته زێدەڕۆیی!.

# تێرمی فیدراڵیزم و ئەزمونی سیستەمی فیدراڵ، له داهێنانی رۆژاوان و نموونه سەرکەوتووەکانی ئەم سیستەمه ئیداری و سیاسییه لەوێدان!. له رۆژهەڵاتدا سیستەمی فیدراڵی ئیداریی سەرکەوتووم پێ شك دێت، وەلێ بۆ وڵاتانی فره نەتەوه و فره نیشتمان، دەگمەنه!.

ئێراق، نەك هەر مێژوویەکی یەکسەدەیی له ناوەندییەتی حوکمکردندا هەیه، بگره 35 ساڵ ئەزموونی لەگەڵ دڕندەترین سیستەمی سیاسی و فیکری سیاسیدا که بەعسیزمه، هەیه. ئێراق، پیش هاتنی بەعسیش بۆ سەر حوکم، ئەزموونێکی دیموکراسی و ناسێنتراڵیستی له حوکم و بەڕێوەبردندا نەبووه!.

ساڵانی نێوان حوکمی بەعس، (کەریم) و (براکانی عارف)یش، له ئێراقدا فەزایەکی نیمچەکراوەی سیاسی هەبووه، نەك ئەزموونی دیموکراتی و دەسەڵاتی دامودەسگایی!. سیستەمی فیدراڵ، دەشێ دەرهاویژتەی پرۆسەی دیموکراتی بێت و ئەمیش لەسەر بنەما ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و کلتورییەکان دەوەستێت. کۆمەڵگەی ئێراقی، کۆمەڵگەیەکی میلیتاریزەکراوی شێوێندراوی به زەبر و توندوتیژی بارگاوی کراوه و جێکەوتنی وەها سیستەمێك له ئیستادا و بۆ ئایندەیەکی نه چەندان نزیکیش، جگه له خۆشباوەڕیی، هیچی دیکه نییه!.

پەرلەمانی کوردستان، 11 ساڵ پێش ئێستا و له بارودۆخێکی تەواو جیادا، ئەم شێوه پەیوەندییەخوازراوەی نێوان کوردستان و ئێراقی کرده خیتابی سیاسیی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد!. بەرای من ئەم بڕیاره، نه ئەوسات لەو هەلومەرجەدا و نەئێستاش لەم سەردەمی گۆڕانکارییانەدا، چ رەواییەکی گشتگری نییه!.

دیموکراتیترین پەرلەمانی هەڵبژێردراوی زۆرینەی خەڵکی چ وڵاتێکی دنیا، مافی وەرگرتنی وەها بڕیارێکی چارەنووسسازی نییه و دەبێت له پرس و کێشه گرنگه سیاسی و ئابووریەکاندا بۆ خەڵك و رای خەڵك بگەڕێتەوه!. بۆ ئەمەش نموونەی راپرسییەکانی وڵاتانی ئەوروپا بۆ چوونه نێو (یەکێتیی ئەوروپا و دراوی یەکگرتوو)، زیندوون و هێشتا پرۆسەکەیان بەردەوامه!.

کەواته، ئەو پێ له مافی خەڵکنانەی پەرلەمانی کوردستان پێش 11 ساڵ ئەنجامی دا، ناشێ دووباره بکرێتەوه و ئەگەر ئێمه به بێهوودەیی سیستەمی فیدراڵ له ئێراقدا گەیشتبین، دەشێ له رێگای(راپرس)ەوه، بۆ شێوازێکی گونجاوتر بگەڕێین. دەمەوێت بڵێم: که دەبێ خەڵکی کوردستان، مافی ئەوەی هەبێت له داڕژتن و گەڵاڵەکردنی خیتابی سیاسیی خۆیدا، ئاکتیڤانه بەشدار بێت!.

فیدراڵ، کۆنفیدراڵ، دەوڵەتی سەربەخۆ دەشێ ئەو ئەڵتەرناتیڤانەبن راپرسیان لەسەر بکرێن.

# ئەگەر پێمان وابێت که دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ، له هەلومەرجی ئێستادا و له رووی مەوزوعییەوه ئەستەم بێت (که من پێم وایه ئەگەری ئیمکانبوونی زیاتره)، دیسانیش ئەنجامدانی ریفراندۆم، با به ئاقاری ( سەربەخۆیی و دەوڵەت ) یش ببزوێت، هیچ ناکۆکییەکی یاسایی و حقوقی ناخوڵقێنێت. چونکه داواکردنی (ماف) شتێکه و ئیمکانی جێبەجێکردنی له پراکتیکدا شتێکی دیکەیه!. با زۆرینەی خەڵکی کوردستان داوای جیابوونەوه و تەڵاقدانی ئێراق بکەن و نێوەنده نێودەوڵەتییەکان و نەتەوەیەکگرتووەکان به دەنگییەوه نەیەن و بۆی جێبەجێ نەکەن!!.

بەدەرفەتی دەزانم چەند سەرنجێکی تیژپەڕ لەسەر میکانیزمی کارکردنی پرۆسەی هەنوکه وەگەڕکەوتووی (بەرەو ریفراندۆم!)، بهاوم.

**ریفراندۆم، پرسێکە بێ لەبەرچاوگرتنی رەگەز، نەتەوە و شوێنی ژیان، پەیوەندی بە تاکە تاکە کۆمەڵگەی کوردستانەوە هەیە!. ئەم پرسە، خواستێکی لەمێژینەی خەڵکی کوردستانە کە دەشێ لەم هەلومەرجە نوێ و بەگۆڕان ئاوسەی کوردستان و ئێراقدا وەگەڕ بخرێ و ناکرێ لەبەر هیچ هۆکار و مەبەستێك تاقە گوندێکیشی لێ وەدەرنرێ!. ئەوەی کە (بەرەو ریفراندۆم)، وەکو بزووتنەوەیەکی رۆشنبیری ــ سیاسی، لە شاری سلێمانیدا رەوتی گرتووە و شار و شارۆچکەکانی ئەو دەڤەرەی گرتووەتەوە و فڕیوەتە پایتەختەکانی وڵاتانی ئەوروپاش، کەچی لە شارەکانی هەولێر، دهۆك، کەرکوك، ئاکرێ و دەڤەرەکانی دیکە، کۆمیتەیەکی درووست نەکردووە، مایەی نیگەرانییە!. وا پێدەچێ کورد بە رۆشنبیر و سیاسەتکارانیەوە بە پەرتبوون مەحکوم بێت!.**

**ئێمە، دوانزە ساڵمان لە ئەزموونی کەرتبوون و پەراگەندەیی خیتابی سیاسی، گوزەراند. ئەگەر سەرکردەکانی کورد بە پلەی یەکەم و رووناکبیرانی حیزب لە پلەی دووەمدا، لە سەردەمی خۆکوشتن، کوردکوشتن و کەرت و پەرتبوونی خیتابی سیاسی بەرپرسیاربن، ئەوا لە هەلومەرجی نوێی ئێستادا، هاوێژتنی هەر گاڤێك بۆ درێژکردنەوەی ئەو پەرتبوونە لە پرۆسەی (بەرەو ریفراندۆم)دا،(مار)ی مەسئولییەتێکە لە ئەستۆی نووسەران و رووناکبیران دەئاڵێت. هەڵسووڕاوانی (بەرەو ریفراندۆم)، هەمیشە جەخت لەسەر نا ئامادەیی (حیزب) لەپشت و لە نێو پرۆسەکەدا دەکەن!. چما دەشێ حیزب لەپشت چارەنووسسازترین پرۆسەوە، نائامادە بێت؟. داخۆ پرۆسەیەکی وەها، بەبێ پشتگیریی حیزب و هێزە سیاسییەکانی کوردستان، دەکرێت سەرکەوتنی بۆ بنووسرێت؟!.**

**داخۆ پرۆسەی (بەرەو ریفراندۆم!)، پرۆسەیەکی جددیە بۆ پراکتیزەکردن یان هەوڵێکە بۆ خۆخەریککردن؟!.. ئەگەر پرۆسەیەکی جددی بێت بۆ دیاریکردنی چارەنووسی میللەتێك، ئەی هێزە سیاسییەکانی ئەو میللەتە، حکومەتەکانی و پەرلەمانەکەی لە کوێی ئەو پرۆسەیەدا دەوەستن؟!.**

**پرۆسەی (بەرەو ریفراندۆم)، وەکو هەر پرۆسەیەکی دیکەی کوردی، کارێکی پەلەیە و پێشمەرجی زەمینەسازییەکانی خۆی نەخوڵقاندووە، کە دابین کردنیان پێویستن:**

**+ سازدانی بزووتنەوەیەکی جەماوەریی ئەکتیڤ، لە پێناوی هەرچی زووتر یەکگرتنەوەی دوولایەنی لێکترازاوی دەسەڵاتی کوردی!.**

**+ پەلەکردن لە سازدانی زەمینەی هەڵبژاردنی نوێ لە کوردساندا و هەڵبژاردنەوەی پەرلەمانێکی نوێی خوێنتێزاو کە رەوایی خۆی لە دەنگدانی گشتییەوە وەربگرێت و نوێنەرەوەی خواستەکانی نەوەیەك بێت کە لە ساڵی 1992 دا مافی دەنگدانی نەبووە!!.**

**+ کارکردن بۆ دیاریکردنی سنوری کوردستان.. (ریفراندۆم لە کوێ؟؟!!).**

**هەوڵدان بۆ ریفراندۆم، یانی هەوڵدان بۆ گۆڕینی خیتابی سیاسیی کوردی!. خیتابی سیاسیی کورد لای پەرلەمان و دەسەڵاتی کوردییە!.. چما دەکرێ بەبێ فشاربۆهێنان و قەناعەت پێهێنانی حیزبەکان، خیتابی سیاسیی کوردی (کە خیتابی سیاسیی دەسەڵاتی کوردییە)، بگۆڕدرێت!. جەختکردن لەسەر سەربەخۆبوونی (بەرەو ریفراندۆم) و وەلانانی حیزب، جگە لەوەی کارێکی هەڵەیە، چ مانایەکی دیکە دەبەخشێ؟!. باشە ئەگەر پێتانوایە کە حیزب لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، بوونەوەرێکی زێدەبێزراو و نەویستراوە و بەکەڵکی کارێك نایەت کە پەیوەندی بە چارەنووسی خودی حیزبیشەوە هەیە، ئەدی بۆچی لە رۆژگاری پراکتیزەکردنی ناڕەواترین سیاسەتی کوردکوشتندا، نەك هەر دەستبەرداری حیزب و سیاسەتەکانی نەبوون، بگرە بەشێکی ئەو تاوانانەی حیزبیشتان لە ئەستۆی خۆتان نا!!.**

**# پێشتر قسەیەکم لەسەر بیرۆکەی (یەکێتیی ئارەزومەندانەی کورد و عەرەب) کرد و پێم وایە ئەگەر خیتابی سیاسیی کوردی لە چوارچێوەی (فیدراڵ)دا تەکان نەخوات و لەوێدا سەوز ببێت، ئەوا جێگیرکردنی ئەم بەندە لە دەستووردا مانایەکی دیکە و زەمانەتێکی فرەترمان دەداتێ و دەشێت وا بخوێنرێتەوە: ئەوە خەڵکی کوردستانە کە لە ئەنجامی راپرسێکی ئازاد و دڵخوازدا و لە هەلومەرجی ئێستادا بڕیاری پێکەوە ژیانی لەگەڵ گەلی عەرەب لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵدا داوە کە سەرجەمی مافە نەتەوەیی و ئینسانییەکانی بۆ مسۆگەر بکات و هەرکاتێکیش بخوازێت و پێی وابێت کە درێژەدان بەو پێکەوە ژیان و یەکگرتنە، دەبێتە لەمپەر لەبەردەم گەشەکردنی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا، ئەوا دڵخوازانە و لە راپرسێکی دیکەدا، بە زۆربەی دەنگ، دەشێ شێوازێکی دیکەی پەیوەندی هەڵببژێرێت!.**

2003 / 8 / 28

## دەسەڵاتی کوردی لەسەرەڕێی (رووداو)دا

رووداوێك هاتوو هەنوکەش دەبزوێ!. رووداوێك کەسەردەمێك لە مێژوو دەبەزێنێت و سەردەمێکی دیکە دەگەڕێنێ!. دوو قۆناغی مێژوو کەبەچەندین ئەڵقەی بینراو و نەبینراو لێك هەڵپێکراون و لێکترازاندنیان ئاسان نایەتە بەرچاو.

رووداوێك کە لەهەوڵی گۆڕکردنی رۆژگارێك و والاکردنی دەرگاکاندایە بەڕووی رۆژگارێکی دیکەدا!.

رووداوێك، نەلەئەنجامی تەقینەوەی ناکۆکیەکانی نێوان کۆمەڵگەو دەسەڵاتی تۆتالیتاری بەعسدا هاتۆتە گۆڕێ و نە سەرئەنجامی بە بنبەست گەیشتنی گرفت و کێشەی نێوان رژێمی بەعس و هاوپەیمانەکان (یاخود وردتر بڵێین ئەمەریکا) بوو. ئاخر ئەمریکا چ کێشەیەکی لەگەڵ رژێمی ئێراقدا نەبوو، بەڵکو بیانوەکان بۆ خەست کردنەوەی ناکۆکیەکان و خوڵقاندنی پاساوەکان بۆ رەوایی دان بەجەنگ، خۆشدەست و فرەبوون!.

ئێراق، سالانێك بوو لەسایەی بەعسدا:

- سەربازگەیەکی سیخناخ لەچەکی کۆکوژبوو!.
- گۆمەڵگەیەکی ئێراقی، کۆمەڵگەیەکی میلیتاریزەکراو بوو!.
- رۆژگارێك بوو چەکەکان لەسەرجەستەی کورد تاقیکرابوونەوە و پرۆسەی ئەنفال و جینۆساید وە گەڕخرابوو!.
- نەك هەر (تاك) ی ئاسایی لەهەرمافێکی ئینسانی و هاووڵاتیبوون داماڵرابوو، بگرە ژیان و مردنی خودی ئەندامانی بەعسیش لەدەست سەدام و بنەماڵەی ویدابوون.

بۆ من، چ گرنگ نییە کەخودی بیانوەکانی جەنگ، ماکی راستەقینەو فاکتەرە کاربڕەکانی داگیرکردنی ئێراق رووخاندنی بەعس نەبوون!. گرنگ هەرەسی بەعس و پێچەوانەی دەورانێك و دەستپێکی وەگەڕکەوتنی میکانزمی کاری (رووداو) ێکە کەدێت لەئاست و بوارەکانی سیاسەت و کاری سیاسی، ئازادی و ئازادی سیاسی، بارودۆخی کۆمەلایەتی، کلتوری و رۆشنبیریدا کارکردی خۆی دادەنێت زەمینەی خوڵقاندنی گۆڕانکارییەکان ساز دەکات!.

لەکوردستانی باشووردا، کەتا هەنوکەش بەپێی بەڵگەنامەو دیکۆمێنتە نێودەوڵەتییەکان، بەرنامەی کاری ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی، خیتابی سیاسی پارتی دیوکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بەشێکی لەدابڕاننەهاتووی خاکی(پیرۆز)ی ئێراقە ولەوێدا دەسەلاتێکی سیاسی و ئیداریی تەمەن دوانزەسالان هەیەو (رووداو)یش هێدی هێدی بەرەو قەڵەمرەوی ئەم قەوارەو دەسەلاتە سیاسییە بەڕێوەیە!.

ئەگەر(رووداو) وەکو پرۆسەیەکی گشتگری بزاوو و بەگۆڕان بارگاوی ببینین، داخۆ چ کارکردێکی لەسەردەسەڵاتی سیاسی کوردی(پەرلەمان و حوکمەتەکانی هەرێم) دەبێت؟!. یاخوود دەشێ پرسەکە بەشێوەیەکی دیکە دابڕێژین و بڵێین: داخۆ حوکمەتەکانی هەرێم و ئەزمونەکانی باشووری کوردستان، چ پێویستییەکیان بەگۆڕان، کشان، کردنەوەو( شەفافیەت ) ێك هەیە؟!.

ئەزمونێك کەوەکو (نمونەی بالای پرۆسەی دیموکراتی و سەرمەشقێك بۆ ئێراقی ئاینده!!) چاو لێ دەکری، چلۆن دەکرێ خەڵکی کوردستان رێگە بەهێزێکی ئیمپریالیستی داکیرکەر بدەن تا زەمینەی شێواندنی ئەو بسازێنێت؟!.

ئێمە، بۆ ئەوەی لەهەوڵی نەفیکردن یان چاکسازیکردنی پرۆسەیەکدا بین، دەبێ خودی پرۆسەکە، هێزەبزوێنەرەکانی، سروشت و خەسڵەتەکانی، ئاکار و میکانیزمی کارکردنی لەکایە جیاوازەکاندا بناسین!.

دەستپێکی ئیشکردنی دەسەڵاتی کوردی لەباشووری کوردستاندا، دەرهاوێژتەی پرۆسەی راپەڕینی خەڵکی کوردستان بوو کەلەفۆرمی بەرەی کوردستانیدا وەدەرکەوت.

بەرەی کوردستانی، کەپارتی و یەکێتی دووهێزی بالادەست و بزووێنەری بوو، بەبێ هیچ رەوایەکی یاسای و لەسەر پرەنسیپەکان خەباتی شاخ و( سەروەری ) یەکانی ئەو بزووتنەوە چەکدارییە، بۆ ماوەی ساڵێك پراکتیزەی دەسەڵاتێکی سیاسییان لەکوردستاندا کرد کەلەهەر رەگەزێکی ئەقلانی و مۆدرن خالی بوو!.

ئەم دەسەڵاتە چوونکە بەرهەمێکی سرووشتی سەرکەوتنی خەباتی درێژخایەنی چەکداری (نمونەی خەباتی رزگاریخوازانەی وولاتانی وەکو چین، ڤێتنام، کوبا و ...هتد) نەبوو، هیچ ئامادەییەکی بۆ خولقاندنی پرۆسەی حوکمرانیی شارستانیانە لەخۆنەگرتبوو.

بەرەی کوردستانی، لەسەرووبەندی جەنگی دووەمی کەنداو و راپەڕیندا، لەگەوەی قەیرانەکانی بزووتنەوەی چەکداریدا گیری خواردبوو، هەرکەرا پەڕینیش روویدا، ئەم ( بەرە) بەزەبروو توونگو تیژی بارگاویە کە هێشتا بۆنی خوێنی شەڕی براکانی لێ دەهات و بەکولتوری ئەودی کوشتن، ئەویدی سڕینەوەو دەنگ و رەنگی جیاواز قەبوڵنەکردن سیخناخ بوو، لەماوەیەکی زۆر کورتدا، هەر ئۆرگان و رێکخراوێك کەدەرهاوێژتەی را پەڕین بوو، پاکتاوی کردن و بۆ دنیای نەبوونی فڕێ دان!.

بەرە، بەحوکمی ئەزمونی خەباتی شاخ کەبەناچاری، سرووشتی تێکدان و هەڵوەشاندنەوەی دەسگاکانی دەوڵەتی بەعسی لەکوردستاندا لەخۆگرتبوو، هێزێکی رووخێنەربوو، نەك بنیاتنەر! ئەم هێزە لەماوەی یەك ساڵی دیفاکتۆ و نارەوای خۆیدا، بەشێکی زۆری ئەو دەسگاو دامەزراوانەی کەبەعس بۆ بەرژەوەندیەکانی خۆی لەکوردستاندا و لەماوەی چەندسالاندا بنیاتی نابوون، دارو پەردوی لێك ترازاندن و ئاودیوی سنووری کردن!. بەرە، پاشی کوڕەو و چێکردنی (زۆنی ئاساییش) یش بەهیوای ئەوەبوو کەلەگەڵ بەعسدا دەسەڵات دابەش بکات و وێك ڕا حوکمی کوردستان بکەن. راپەڕینی دووەمی خەڵکی کوردستان کەلەسەروبەندی گفتوگۆی نێوان بەرە و بەعسدا بالای کرد، هێزی چەکداری بەرەی راکێشایە نێو سەکۆی ململانێی خوێناوییەکەو هەمان کاتیش (سەرۆکی ئەوی رۆژی بەرە) لەبەغداوە دژی را پەڕیوان هاتەگۆ و خەڵکی ڕا پەڕیوی بە(تێکدەر و ئاژاوەگێر) نێوزەد کرد!. ساتێ بەعس بەناچاری دام و دەگاکانی خۆی لەکوردستان کێشایەوە، بەرە چ بەرنامەیەکی بۆ بەڕیوەبردنی کۆمەڵگەی کوردستان پێ نەبوو!.

بەرە، یەك ساڵ لەسەر رەوای سێکوچکەی (سەروەری شاخ، گومرگ و میلیشیا) حوکمی کوردستانی کرد و پاشان بیرۆکەی گەمەی هەڵبژاردن و پەرلەمانی دۆزییەوە!.

هەڵبژاردن و پەرلەمان، پراکتیزەکردنی سەرەتاییترین سەرەتاکانی پرۆسەی دیموکراتی بوو لەکوردستاندا کەلەماوەی دوانزەساڵدا نەیتوانی بازنەی سەرەتاکان ببەزێنێ!. هەڵبژاردن و بەخشینی زۆرینەی دەنگەکان بە یەکێتی و پارتی، ئەگەر وەکو (نا)ی سەرپاکی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان بۆ بەعس چاو لێ بکەین (جگە لەوەش هیچ مانایەکی دیکەی بۆ نابینینەوە)، ئەوا(یەکێتی و پارتی) هەرگیز رێزیان لەو(نا) یە نەگرت و هەتا دووا ساتەکانی ژیانی بەعسیش، ئەوان نەك هەر پەیوەندییەکانی خۆیان لەگەڵ رژێمدا نەپساند، بگرە سەدامیش لەکن ئەوان و مێدیاکانیان جگە لە(سەرۆکی ئێراق) شتێکی دیکە نەبوو!.

با لە شێوازی بەرێوەچوونی هەڵبژاردن و چۆنێتی دابەشکردنی رێژەی پەرلەمانتارەکان گەرێین و تەنیا هێند بڵێین کە ماکی گرفت و کێشە خوێناویەکانی پاشترو ئەتککردنی پەرلەمان و سوکایەتیکردن بە بەهاو پیرۆزییەکانی میللەتی ئێمە، لەرێژەی دابەش کردنی کورسیەکان و سیستەمی پە نجا بە پە نجادا نەبوو!.

هەڵبژاردن وەك پرۆسەیەكی دیموكراتی و پەرلەمان وەكو دامەزراوەیەكی شەرعی و ئازادانە هەڵبژێردراو، دوو فۆرم بوون كە بەهێزە بزووێنەرەكانی ناخی خۆیان( یەكێتی وپارتی ) نامۆ ودژ بوون!.
دیموكراتی، پرۆسەیەكی ئابووری، كۆمەلایەتی، فەرهەنگییە و بەو حیزب و رێكخراوە پریمێتیڤانەی كەبە تێكەڵەیەك لەئەقڵییەتی خێڵ و كەرەسەكانی كاركردنی ستالینیزم لەنێو خودی خۆیان و دەرەوەی خۆیاندا ئیش دەكەن، نایەتە ئەنجام!. یەكێتی و پارتی، لەمێژووی 30 ساڵی لە بزووتنەوەی سیاسی ـ چەكداریی كوردستاندا(961-991)، شانزە ساڵان سەرگەرمی شەڕی كوردكوشتن بوون. هەر بۆیە نەیانویست و نەیانتوانی لەپاش راپەڕین و هەڵبژاردن، ئەو كلتورە سیاسییەی هەڵگری بوون، لەبارگەی زەبر و خوێنرژتن خاڵی بكەنەوە!. پەرلەمان، وەكو دامەزراوەیەكی شەرعی تەندرووست تەنیا دوو ساڵ ژیا!.
ساڵی یەكێتی بەزەبری چەك پەرلەمانی داگیر كرد و پەرلەمانتارە زەردەكانی لێ وەدەرنا!... كاتێك پارتی بۆ كرینەوەی ( پەرلەمان!! )، هانای بۆ بەعس برد و پەرلەمانتارە سەوزەكانی ئاودیوی سنوور كرد، گەورەترین سووكایێتییان لەمێژووی كورد دا بەكورد و لەمێژووی پەرلەماندا بەپەرلەمان كرد پاش ئەو مێژووە ئیدی كورد نەپەرلەمانی هەبووە و نەحوكمەت!. لەوساوە تا ئێستا، ئیدی دوو ئیدارەو دوو حوكمەت هەن كەهیچ رەوایەتیەكیان نییە و چ تاكێكی كوردیش دەنگی پێ نەداون. ئەوان تەنیا نوێنەر و حكومەتی حیزبی خۆیانن نەك میللەت!..
شەڕی نێوخۆ، لەقۆناغی پاش راپەڕین و دەورانی نیمچە ئازادیدا، كوشندەترین بەرهەمی دەسەلاتی كوردییە كەناكرێت بەئاسانی لە لۆچی مێژوودا بپێچرێتەوە!.
شەڕی نێوخۆ، جگە لە كوشتنی هەموو خەونەكان، ئەتككردنی هەموو پیرۆزییەكان، بێماناكردنی هەموو مانا و بەهاكان، بەفیڕۆدانی سامانی كۆمەڵگە، دابەشكردنی كوردستان، زاڵكردنی چەك و لەخوێنهەڵكێشانی وڵات، ئەوا دوو ئیمارەتی حیزبیی تەمەن حەوت ساڵەی بەرهەم هێناوە كە بەردەوامیی و تەمەن درێژییان خواست و ویستی حیزب و لێپرسراوانی حیزبن نەك خەڵكی كوردستان!.
رێككەوتننامەی واشینتۆن، وەكو پرۆژەیەك بۆ یەكگرتنەوەی دوو ئیدارەكە و بنبڕكردنی شەڕی نێوخۆ، وە پاشی پێنج ساڵان دەبینین كە بەزەبری پۆستاڵی(ماریتر) جێبەجێ دەكرێت. لە رۆژی واژۆكردنی ئەم رێككەوتننامەیەدا من نووسی بووم ( هیچ زەمینەیەك بۆ جێبەجێ كردنی ئەم پرۆژەیە لەگۆڕێدا نییە!. تەنیا رێگەچارەیەك بۆ ئاشتیی نێوان پارتی و یەكێتی، هاتنی هێزێكی نێودەوڵەتییە بۆ كوردستان كە ( گومرگ ) كۆنترۆڵ و میلیشیاش داماڵەخاس بكات!). ئاخر ئەو رۆژە من بیرم بۆ هاتنی خودی (ماریتر) نە دەچوو!.
ئاراستەكانی كاركردنی دوو دەسەلاتی نێو ئەم ئیمبراتۆریایە، دەشێ بەچەند باردا بخوێنرێنەوە:
+ لەكایەكانی ئابووری و سەرمایەداری (دەوڵەت!)دا كە دەكاتەوە ئابووریی حیزب، دەسەلات هەموو چالاكییەكانی ژیانی بازرگانی و بیناكردنەوە و پرۆژە خزمەتگوزارییەكانی قۆرخ كردووە و بەمەش حیزب و زللێپرسراوەكان بوونەتە گەورەترین سەرمایەداری كوردستان!. سەركردەكان، لەهیچەوە و لەرێگای بەكارهێنانی دەسەلاتەوە، بەشێكی زۆری سامانی خەڵكی كوردستانیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان خستووەتە گەڕ!. بەدەگمەن سەركردەیەك یان لێپرسراوێكی دیار دەبینی كەچەند كۆشكێك، كێڵگەیەك، كۆمپانیایەكی بازرگانی، پۆلێك ئۆتۆمبێلی دوا مۆدیل ئەبن و ملیۆنان دۆلار پاشەكەوت نەكردبێت و لەكۆمپانیایەكی كەرتی گشتیشدا بەشێك یان چەند بەشێكی نەبێت. حیزبی كوردی لەم بوارەدا، ئەگەر شانازییەكی هەبێت، ئەوەیە كەیەكێك لەئەسڵە بنچینەییەكانی تیۆری ئابووری سیاسی بە درۆخستوەتەوە كەپێی وایە: ( بورژوازی لەپێناوی پاراستنی بەرژەوەندییەكانی سەرمایەدا، خۆی لەرێكخراو و حیزبی خۆیدا رێك دەخات. واتە ئەوە گەشەكردنی سەرمایەدارییە كە بەناچاری حیزبی سەرمایەداران دەخوڵقێنێت!). كەچی حیزبی كوردی، تەواو پێچەوانە، بوویە كارگەی بەرهەمهێنانی سەرمایە و سەرمایەداران!. ئەمە رێك هەمان رێچكەی گەشەكردنی بەعسە بۆ بەرهەمهێنانی سیستەمی سەرمایەداری حیزب و سەرۆك و بنەماڵەی حوكمڕان!. ئەمە ئەو ئاراستە تابووەیە كە لەنێو حیزب و دەرەوەی حیزبدا، قسە لێكردنی بقەیە!. من لەبەشێكی نووسینەوەی ( ئەزموون و یاد ) دا، باسم لەژیان و گوزەرانی زێدەدژواری رۆژانی سەختی خەباتی شاخ كردووە و لەوێدا گووتومە: (پاش سێ رۆژان ئابلۆقەی هێزەكانی دەوڵەت، ئێمە بە(پیاڵە) نانەوردەمان لەنێوان خۆماندا دابەش دەكرد!. بەشێك لەو هاوخەباتانەی من كەقەدەر ژیانی بۆ نووسین و شەهید نەبوون، ئێستا بەشێكیان سەركردە و لێپرسراون. ئەوانەی لەو رۆژگارانەدا بەپیاڵەیەك نانەرەقە قەناعەتیان دەكرد، ئێستا بە هیچ تێرنابن!!).

+ حیزبی دەسەڵاتداری کوردی، هەمیشە لەهەوڵی ئەوەدایە کە خواست و بەرژەوەندییەکانی، تێروانین و دنیابینینەکانی، بەهاو پیرۆزییەکانی نەتەوە، بە حیزب یەکسان بکات و نەتەوە لەنێو حیزبدا بتوێنێتەوە!. هەربۆیە قسەکردن لەسەر حیزب و مەسەلەکانی دەوروبەری، لەروانگەی حیزبەوە، قسەکردنە لەسەر نەتەوەو میللەت و مانای سوکایێتی پێکردنی نەتەوە دەگەیەنێت!. ئەم خەسڵەتە پرسیارکوژ و بیرکوێرکارەی حیزب، لەساڵانی شەری نێوخۆدا، لەرێگای مێدیای حیزب و نووسەر و رۆشنبیرەکانییەوە (کە بێ بەرهەمی بیری شەرەنگێزانەی ئەوان، ئاشی شەر نەدەگەرا)، دەهات خۆی بەسەر پانتایی باری رۆشنبیریی کوردیدا بسەپێنێت!. رۆشنبیرانی حیزب، شەرەکانی نێوان حیزبی کوردییان بەجەنگی پیرۆزی نەتەوە پێ دەناساندین و (ئاشتی)یەکانیشیان هەر وەسا!. ئەگەر سەرۆك و سەرکردەکانی حیزب لەهەمبەر کارەساتی شەری نێوخۆدا، بەرپرسیاری پلەیەك بن، ئەوا رۆشنبیرەکانییان کەمتر بەرپرسیار نین!. ساتێ هەردوو سەرکردە داوای لێبوردنیان لەکەسوکاری قوربانیانی شەری نێوخۆ کرد،دەبوو (روناکبیر)ەکانیشیان ئەو کارە بکەن!.

+ حیزبی دەسەڵاتداری کورد، لە پرۆسەی شەری نێوخۆدا، دوو لەشکری پرچەك و هەمیشە ئامادەی بەرهەم هێنا کە لەرۆژگاری شەردا، بەهەڵە ناوی (هێزی پێشمەرگەی کوردستان)یان لێ نرابوو!. هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لەسەرسنوورەکانی راپەرین، شکۆ و سەروەرییەکانی خۆی بەخشییە دەسەڵات. زۆرێك لەتێکۆشەران و پێشمەرگە دێرینەکان، ئێستا بێناز و بێماڵ و گیرفانبەتاڵ، لەکۆشی بڵندی حیزب دەرانن!. ئەم دوو لەشکرەی پاش راپەرین، هێزی پاراستنی حیزب و کوشتنی خەونەکانی نەتەوە و تێکشکاندنی ئەزموونی دیموکراتیی کوردستان بوون!.

+ حکومەتی حیزب، لەکایەی پاراستن و کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگادا، دەزگاکانی ئاسایش و پاراستن و زانیاری هەیە!. زانیاری و پاراستن، ئەو دوو دەزگا هەواڵگرەن کەراستەوخۆ لەرێگای (کور، برا، برازا) ی سەرۆکی حیزبەوە بەرێوە دەچن و لەبان هەموو دەزگاکانی ( قەزا ) وە وەستاون!. ئەم شێوازەی رێکخستنی دەزگا هەواڵگر و کۆنترۆڵکارەکان، کۆپییەکە لە میکانیزمی کارکردنی سیستەمی بەعس!. بەعس، تەنیا سیستەمێك نەبوو بۆ کارکردنی توندو تیژی لەنێو کۆمەڵگادا، بەڵکو بەرهەمهێنی کلتورێك بوو کە تا ئایندەیەکی دووریش لە نێو پانتاییەکانی ئەقڵ و فیکری حیزبی ئێراقیدا بەکورد و عەرەبییەوە کار دەکات!.

+ حکومەتی حیزب، سوورە لەسەر درێژەپێدانی دەسەڵاتێك کە رەوایی لەسەرچاوەی رووباری درێژی خوێنی شەهیدانەوە وەر دەگرێت!. شەهیدە سەروەر و خۆ بەختکارەکان، لە پێناوی خەڵك و دەسەڵاتی خەڵك و کۆمەڵگەیەکی ئازاد کەجۆرێك لەبەرانبەری و دادوەریی کۆمەڵایەتی تێدا سەروەر بێت، شەهید بوون!. حیزبی دەسەڵاتدار، بۆ بەردەوامیی دەسەڵاتی خۆی دەست بەسەروەریی شەهیدانەوە دەگرێت و لەئاست جەللادەکانیاندا، نەك هەرخەم سارد و کەمتەرخەمە، بگرە داڵدەدەر و پارێزەریشیانە!.

+ حیزب و رۆشنبیرانی، لەماوەی دووانزە ساڵاندا و لەئاست سیستەمی بەعس و لەشکرە(وڵاتپارێزەکەیدا!!) گەلێك دلۆڤان دڵنەرم بوون، کەچی لەئاست رۆژنامەیەکی لیبرال و نوسەرانیدا، چ تۆلێرانسێکیان نییە، رەخنەیەکی جدی قەبووڵ ناکەن و دنیایان ژێراوژوور کردووە!.

+ خەڵکی کوردستان، لەماوەی دوانزەساڵدا و لەئامادەبوونی درندەیی بەعسدا، لەئاست حوکمی نایاسایی حیزب و گەندەڵیی ئیداریدا بێدەنگ بوون و حکومەتی دیفاکتۆیان وەکو ئەمری واقیع قەبوڵکرد. ئید لە قۆناغی پاش بەعسدا چ پاساوێك بۆ بێدەنگیی خەڵك و وروژاندنی پرسە جددییەکان نەماوە!. ئید خەڵك مافی خۆیەتی لە پێناوی وەگەرخستنی پرۆسەیەکی چاکسازیی هەمەلایەنەدا کەراستەو خۆ پەیوەندی بە ژیانی ئێستاو پاشەرۆژییەوە هەیە، خەبات بکات.

حیزب و حکومەتەکانی، لەبەردەم زریانی رووداوێکدا وەستاون و گۆرانکارییەکانیش ناکرێ تەنیا لەرووی فیزیکییەوە ببینین، بەڵکو دەشێ بواری ئەقڵ و رۆشنبیریش بگرنەوە!.

+ بەرزکردنەوەی درووشمی (رووخانی حکومەت) چ لەکوردستان و چ لە هەر وڵاتێکی ئەم دنیایەدا، بەمانای رووخانی ( نەتەوە! ) نایەت!. ئاخر حیزب یەکسان نییە بە نەتەوە!. رووخانی حکومەت مانای دەست لەکارکێشانەوەی کابینەی حکومەتە لەئیدارەی

بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەو هاتنە سەرکاری کابینەیەکی دیکە پاش وەرگرتنی متمانەی پەرلەمان!. لەحاڵەتی هەڵبژاردنی نوێدا، دەشێ هەم ڕێژەی حیزبەکان لە پەرلەماندا و هەم درووستکردنی کابینەی حکەمەت گۆڕانکاریان بەسەردابێت. ئەمەیە رووخاندنی حکومەت و دەستاودەستکردنی دەسەڵات!. ئەمە ئەو ئەسڵە بنچینەییەی دیموکراتییەتە کە حیزبی کوردی ئامادە نییە بیسەلمێنێ و لەهەوڵی شێواندنیدایە!.

ئێستا خەڵکی کورد لەبەردەم ئیدارەیەکی ناخ گەندەڵدا، دەبێ بڵێ: نا بۆ ئەم ئیدارەیە!... بەڵێ بۆ پەرلەمان و حکومەتێکی یەکگرتووی کوردستان کەرەوایی خۆیان لەسندوقی دەنگدانەوە وەربگرن و هەر بە سندوقی دەنگدانیش بڕووخێن!. هەڵبژاردنی پەرلەمانێك، کە نەتوانێ تەنیا کورسیەك بە ژەنرالانی چنگبەخوێنی شەڕی نێو خۆ ببەخشێت!. ئاخر ئەوە ئەرکی سەرۆکانی پارتی و یەکێتی بوو کە لە پراکتیزەکردنی (داوای لێبوردن)دا، پەرلەمان لە دیلکوژەکان پاك بکەنەوە!.

سەرنج:

دڵنیام پاشی بڵاوبوونەوەی ئەم وتارە، کەسانێك بە کەمویژدانم نێوزەد دەکەن و پێیان وایە ڕەشبینانە لەئەزموونی کوردستان دەڕوانم و لایەنەگەش و درەوشاوەکانی نابیم!. بەڵێ دەیانبینم، وە لێ پێداهەڵگوتن و شانازیپێوەکردن و بەنێو چاوانی خەڵکدا دانەوەیان، بۆ نووسەران و مێدیاکانی حیزب بەجێ دێڵم!.

ئاخر من 13 ساڵە لەم وڵاتە دەژیم و لانی کەم 10 ساڵیشە ڕۆژنامەکانیان دەخوێنمەوە تەنیا جارێکیش نەمدیتووە کە نووسەرێك یان ڕۆشنبیرێك بێت و بەشان وباڵی پرۆژەکانی دەوڵەتدا هەڵبدات!. لەکۆمەڵگەی مەدەنیدا، ڕۆژنامەی تایبەتی دەسگاکان و بڵاوکراوەی کۆمپانیاکان باس لە پرۆژە ئابووری، کۆمەڵایەتی، کلتوورییەکانیان دەکەن و ڕووناکبیران، دێیاتیۆر و چاودێرانیش، لەژێر میکرۆسکۆبی لێکۆڵینەوە و راڤەکردندا، پرۆسەی ڕەخنەسازی دەخوڵقێنن!.

2003/6/29

**ئێراقی فیدراڵ، ئێستای ئاڵۆزو ئاییندەی نادیار!**

(هەشتا ساڵ لەمێژووی پێکەوەژیانی بەشێکی نەتەوەی کورد و بەشێکی نەتەوەی عەرەب، لەچوارچێوەی دەوڵەتی داتاشراوی ئێراقدا، جگە لە درۆیەکی گەورە هیچی دیکەی بەرهەم نەهێنا، ئەویش: برایەتی درۆینەی کورد و عەرەب بوو!).

باشووری کوردستان، لەدوورپیانی چارەنووسدا چاوەڕێیە. ئەم بەشەی کوردستان، پاش تێپەڕاندنی دوانزە ساڵ لە حوکمی خۆجێیی و دەسەڵاتی نیمچە سەربەخۆی کوردی، بەهەموو ناکۆکی و ملانێ و ئیشکالاتی دەروونی و دەرەکیی خۆیەوە، ئێستا، پاشی رووخاندنی رژێمی ئێراق، هەڵوەشاندنەوەی دامودەسگاکانی دەوڵەتی ناوەند و لە پرۆسەی لەنوێژەن بنیاتنانەوەی ئێراقدا، لە بەردەم کۆمەڵێك ئەگەری چارەنووسساز دا وەستاوە. پردی (ئەگەر)ە کانی ئێستا، بۆ پەڕینەوە و چێکردنی ماڵێك لەئاییندەدا، لەسەر دنگەکانی رابوردوو رۆنراوە و ئەقڵی سیاسیی کورد و هێزە بزووێنەرەکانی ئەم ئەقڵە، کەمتر توانیویانە جۆرێك لە جێگۆڕکێ و نوێکاری بەو رەگەزانە بکەن کەدەشێ فاکتەری بڕیاردەر بن لە ئاژوتنی ئەم بزاڤەدا بەرەو هەوارێکی کورد خوازی ئەو تۆ کە هاوتا و شیاوی پشوودانی مێژوویەکی لەخوێنهەڵکێشراو بێت و کۆتایی بەزەمەنێك لە زوڵم و چەوساندنەوە بهێنێت!. دەربازبوونی هەر بزاڤێك لەگێژاو و پێچەڵپێچییەکانی ئەو بارودۆخ و هەلومەرجانەی تێیدا دەبزووێ، بەندە بەکۆمەڵێك فاکتەری نێوەکی و دەرەکییەوە کە گرنترینیان دید و روانینی هێزە کاریگەر و بزووێنەرەکانیەتی بۆ خودی بزاڤەکە، خەسڵەتەکانی، نێوەڕۆك و فۆرمی، تاکتیك و ستراتیژ و خیتابی سیاسیی گونجاو لەقۆناغ و سەردەمە جیاوازەکاندا!!.

**ئەفسانەی دەربازبوون!:**

بزاڤی رزگاریخوازیی نەتەوەی کورد، وەکو بزووتنەوەی رەوای نەتەوەیەکی نیشتمان داگیرو پارچە کراوی ماف لێزەوتکراو، لەسەرەتای چلەکانی سەدەی رابردووە وە، لەناکۆکی نێوان نێوەرۆك و دیسکۆرسی سیاسیی خۆیدا دەژی!. ئەم بزووتنەوەیە، پاشی شکستخواردنی ئەزموونی(حکومەتی کوردستانی جنوبی) و بەواقیعکردنی دەوڵەتی داتاشراوی ئێراق، ستراتیژی سیاسیی خۆی لەدەست دا و (درووشمی خۆگونجاندن) لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێراقدا و هەوڵدان بۆ وەدەستخستنی مافە دیموکراتییەکان،

پاراستنی خەسڵەت و سرووشتە نەتەوەییەکان، سازدانی زەمینەی پێکەوەژیانی (برایانە) لەگەڵ بەشێکی نەتەوەی عەرەب لەئێراقدا، جێگایان بەدروشمی رزگاری نەتەوەیی چۆڵکرد و مەسەلەی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی، لەپرۆگرام و پلاتفۆرمی خەباتی سیاسیی ئەم بزاڤەدا، بوونە سەرابی خەونێك کەئێستاش، پاش شەست و ئەوەندە ساڵ، دیتنەوەیان ئاسان نایەنە بەرچاو!. بەبارێکی تر دا دەشێ بڵێین: خیتابی واقیعبینانەی (دەربازبوون)، کرایە ئەفسانە و تێرمی (رزگاری) لە فەرهەنگی سیاسیی خەباتی کوردایێتیدا چەمکی ( مانەوە )ی لەخۆگرت!. ئیدی بزووتنەوەی ( مانەوە ) لەدروشمی ( ئۆتۆنۆمی ) و پاشتریش (فیدرالی) دا، بوویە میراتگری بزووتنەوەی رزگاریخوازی!.

بزاڤی بەنێوەڕۆك (مانەوە) و بەڕواڵەت رزگاریخوازی گەلی کورد لەباشووری کوردستاندا، لەمێژوویەکی تەمەن پتر لە نیو سەدەی هەڵژەنراو لە خوێن و ئەنفال و جینوساید، بەناچاری، خەباتی چەکداری کردە ئامرازی خەبات و پێناسەی خۆی، لەهەمبەر ئەوی دیدا!.

موقاوەمەت و خەباتی سیاسی و چەکدارانە، لەقۆناغەکانی دواتری ئەم بزاڤەدا و لەسۆنگەی شکست و گلان و بەهیچکوێ نەگەیشتنیدا، دەرکە لەسەر زەوینەیەك بۆ هەڵتۆقینی فیکر و ئایۆلۆژیا و دواتریش گروپ و حیزبی سیاسیی جیاواز دەکاتەوە و سەردەمی یەکدیدی و یەکحیزبی دەپێچێتەوە!. حیزبە جیاوازەکان، وێڕای ئایدیا، بەرنامە و رێبازی سیاسیی جیاوازیان، نەیانتوانی سنووری خیتابی سیاسی( مانەوە ) ببەزێنن و تەکانێك بەستراتیژی سیاسیی بزاڤەکە بدەن.

ئەگەر حیزبێك لەحیزبەکان، لە هەلومەرجێکی تایبەتی بزووتنەوەکەدا، لەچوارچێوەی تیوردا و لە زەفکردنەوەی دروشمەکانی خۆیدا، جێگۆڕکێی بە تێرمەکانی(مانەوە) و (دەربازبوون) کردبێت، نەیتوانیوە لەزەمینەی پراکتیزەکردنی سیاسەتدا، پردەکانی گەڕانەوە بۆ (مانەوە) هەڵتەکێنێت و بەردەبازەکانی (دەربازبوون) رۆبنێت!.

سەرهەڵدانی حیزبە جیاوازەکان بەئایدیا و فیکری جیاوازیانەوە، حەقیقەتی جیاوازی حیزبەکانیان پێ نەگوتین!. ئەم دیاردەیە، واتە دەرکەوتنی دیاردەی فرەئایدیایی و فرەحیزبی لەدەروونی بزاڤەکەدا، کە بە رواڵەت وێنەیەکی پۆزەتیڤ و نیشانەی بەدەرکەوتنی کەشێکی تەندرووستی دیموکراسیانەی پڕ بە پێستی پێداویستییەکانی بزاڤەکەیە، هەرگیز بۆی نەلوا سەرەتاکانی بزووتنەوەیەکی دیموکراتی، (لەسەر بنچینەی ئەوی تر قەبوڵکردن) بچەسپێنێت!.

کاتێك هێزە ئاکتیڤ و بزووێنەرەکانی بزاڤی سیاسیی ناسیۆنالیزمی کوردی، قەوارەی حیزب و نەتەوە، دەسەڵاتی حیزب و نەتەوە لەیەکدیدا دەتوێننەوە و دەیانکەنە یەك، زەوینە بۆ نوێکردنەوەی کەلتورێکی سیاسیی کوشندە، کە لە کەلتووری کۆمەڵگەی ئێمەدا ریشەی هەیە (حیزب/خێڵ/مەزهەب) خۆش دەکەن و کارەساتە نەتەوەییەکان روو دەدەن!.

نەدەکرێ و نەدەشتوانین لە کرۆکی کێشەکانی ئێستامان، بێ گەڕانەوە بۆ رابردووی نزیك، بدوێین.

رابردووی نزیك، رابردوویەکی رانەبردووە!. راپەڕین، رامالینی دەسەڵاتی رەشی بەعس، پرۆسەی هەڵبژاردن و پەرلەمان و دەوڵەت، پارچەبوونی دەسەلات، شەڕی نێوخۆ، پرۆسەکانی ئاشتی و یەکگرتنەوە، خیتابی سیاسیی یەکگرتووی بەجیا کارپێکراو، نائامادەیی سەرکردایێتییەکی یەکگرتوی کورد پێش هەڵکردنی زریانەکە و نغرۆکردنی دەوڵەتی ئێراق بە هەموو ماناو بونێکی خۆیەوە، رەگەزە دیارە نەگێتیڤ و پۆزێتیڤەکانی پێکهاتەی رابوردوویەکن کەئێستا کاریان لەسەر دەکەین و لێرەوە دەمانەوێت پردە رۆشنەکان بەرەو ئایندەیەکی رووناك، بنیات بنێین.

لە ئیستادان ئەرکە گرنگەکان و لێرەدان جەنگەکانی رووبەڕووبوونەوە کە بێ لێخوردبوونەوە و بەخۆداچونەوەی خۆمان و سیاسەتەکانمان، چ لەئاست خودی خۆمان و چ لەئاست ئەوی دیدا، مەحاڵە بەسەرکەوتن بگەین!.

ئەمووی دوانزەساڵەی دەسەڵاتی کورد و خۆحوکمکردن لە بەشێکی فراوانی کوردستاندا، بەهەموو گرفت و کێشەکانییەوە، دەشێ ببێتە چەقی کارکردن و خەباتی سەرکردایێتی سیاسی کورد و کۆمەلانی خەڵکی کوردستان بۆ دابینکردن و چەسپاندنی پرۆژەی فیدرالی ئیتنۆجوگرافی لەکوردستاندا، بێ خۆبەستنەوە بە ئەفسانەی (ئێراقێکی دیموکرات)ەوە!.

ئێستا کە ئەم پرۆژە لانیکەم دڵخوازەی کورد، لە ئێراقی هەڵوەشاوەی بێ دەوڵەت و دەستووردا، رووبەڕووی لەمپەرەکانی شۆڤێنیزمی عەرەبی لە ئێراق و نێوچەکە دا و سیاسەتی بەرژەوەندخوازی ئەمەریکا دەبێتەوە، دەشێ کورد و سەرکردایێتیەکەی لە ئاستە پراکتیکییەکانی سیاسەتدا، مامەڵەی لەتەکدا بکەن و ئەویش:

- یەکخستنەوەی دوو ئیدارەی کوردی لەکوردستاندا، سازاندنی زەوینەی هەڵبژاردنەوەی گشتی و رەوایی بەخشینەوە بە پەرلەمانی کوردستان.

- زیاتر ئاوەڵاکردنەوەی فەزای سیاسی و شەفافییەت لە سیاسەتی کوردیدا، چ لە ئاستی نێوخۆ و چ لە دەرەوەی کوردستاندا.
- بەزاندنی سنووری کارکردن لەسەر ئاستی حیزب و بەرژەوەندییەکانی حیزب و پەڕینەوە بەرەو پانتاییەکانی خەبات و تێکۆشان لەڕەهەندی کایە جیاوازەکانی نەتەوەدا.
- هەڵگرتنی ئەو لەمپەرانەی کە حیزب و دەسەڵاتی کوردی لەپراکتیکدا، لەسەر رێی پەیدابوون و گەشەکردنی بنەماکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا، دایاندەنێت!.
- وەگەڕخستنی پرۆسەیەکی ریفۆرمی ئیداری لە دامودەسگاکانی بەڕێوەبردندا، هەوڵدان بۆ بنبڕکردن یان هەر نەبێ کاڵکردنەوەی دیاردەی بەرچاوی (گەندەڵی بەڕێوەبردن).
- هەوڵدان بۆ خۆدەربازکردن لەگرێی خۆبەکەمزانین و پوچەڵکردنەوەی ئەفسانەی (برایێتیی کورد و عەرەب) لەئێراقی یەکگرتوودا...دروستکردنی(ئۆپنیۆن) رای گشتی لە نێو خەڵکی کوردستاندا (نەك ئێراق و دنیای عەرەب) لەسەر درۆی برایەتییەك کەلەماوەی 84 ساڵدا، جگە لەکارەسات هیچی دیکەی لێ نەکەوتووەتەوە.

کورد وەکو گەلێکی خاوەن شوناس و جیاهەڵکەوتوو لەسەر نیشتمانی خۆی، خاڵی هاوبەشی لەگەڵ گەلی عەرەبی ئێراقدا، هەمان ئەو خاڵەیە کە لەگەڵ گەلانی دیکەی نێوچەکەدا هەیەتی، ئەویش ئایینی هاوبەشە!.

کورد، دەتوانێ و مافی خۆیەتی، ئازادانە بڕیاری پێکەوە ژیانی خۆی لە چوارچێوەی دوو دەوڵەتی یەکگرتوودا و لەژێر چەتری یاسایی سیستەمێکی فیدراڵی ئێراقیدا لەگەڵ گەلی عەرەبدا بدات، بەمەرجێك هەردوو میللەت ئازادانە و بێ هیچ پێشمەرجێك ئەو شێوازەی پێکەوە ژیان بخوازن!.

ئەگەر ئەو راستیە قبوڵ بکەین کەسیستەمی فیدراڵ، سیستەمێکی سیاسی، ئیداری ئابووری و فەرهەنگی دەبێت بۆ ئێراق و لەسەر بنچینەی پراکتیزەکردنی مافی چارەنووسی هەردوو میللەتی کورد و عەرەب و نەتەوەکانی دیکەی ئێراق دادەمەزرێت، ئەوا دەبێت لەبەردەم پرس و ئەگەرەکانی چۆنییەتی مومارەسەکردنی ئەم مافە و بەدڵخوازانە بەکارهێنانی لەلایەن هەموو لایەکەوە هەڵوەستە بکەین.

واتە: ساتێك خیتابی سیاسیی کورد، لەم هەلومەرجەدا، راشکاوانە و بێ تەمومژ، یەکێتیی ئارەزوومەندانەی لەچوارچێوەی سیستەمێکی فیدراڵی ئێراقیدا، لەگەڵ گەلی عەرەبی ئێراقدا، کردووەتە بەرنامەی کاری سیاسیی خۆی و بەگونجاوترین رێگەچارەی کێشەی کورد لە ئێراقدا دەزانێت، دەبێت لایەنەکەی دیکەش(عەرەب)، لەبەرچاو بگریت کەچۆن ئەو مافەی خۆی بەکاردەهێنێت!. دوو کەس، دوو گروپ، دوو نەتەوە ساتێك دەتوانن لەسەر مەسەلەیەکی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی رێك بکەون، کەهەردوو لایان پێیان وابێت کەئەو (رێکەوتن)ە پێویستە!. کێشەکە لێرەوە دەست پێدەکات:

1 ــ زۆرینەی زۆری گەلی عەرەبی ئێراق، سەرپاکی هێزە سیاسییە عەرەبییە ئێراقییەکان لە راستیانەوە بۆ چەپیان، لە عەلمانییانەوە و بۆ مەزهەبی و ئۆسوڵییەکانیان، دەوڵەتانی عەرەبی لە ئۆقیانووسەوە بۆ کەنداو (لیبیای لێ دەرهاوێ!)، باشووری کوردستان بە بەشێکی لەجیابووە نەهاتووی خاکی ئێراق و نیشتمانی عەرەب دەزانن و گەلی کوردیش بە بەشێك لە گەلی ئێراق لە قەڵەم دەدەن!. ئەو هێزانەی کەمێك لوتف و روحمیان لەگەڵ کورد هەیە، جەخت لەسەر هەڵگرتنی ستەمێك دەکەن کە لە مێژوودا لە کورد کراوە، بەڵام نەك وەکو (کورد) بەڵکە وەك بەشێك لە میللەتی ئێراق!.

ئەوان پێیان وایە: ئێراقێکی دیموکرات، فرەحیزبی، عەلمانی و (فیدراڵ!)، دەشێت ئەو زوڵمە بسڕێتەوە و کورد مافی هاوڵاتیبوونی پلەیەکی پێ بدرێت!. ئەوان، نایانەوێت لە کرۆکی کێشەی کورد و بزووتنەوەکەی وەکو هەن، بگەن. ئەوان کێشەی کورد بە تەنگژەیەکی ئێراقی دەبینن کە سیستەمە تۆتالیتارەکانی ئێراق، خوڵقاندوویانە، هەر بۆیە چارەسەری کێشەکەش بە چارەسەرێکی ئێراقی دەزانن و پێیان وایە: ئەوە خەڵکی ئێراقە کە مافی وەرگرتنی بڕیارێکی گونجاوی بۆ چارەسەری کێشەی کورد هەیە و ئەم چارەسەرەش، هیچ رێککەوتنێکی کۆمەڵایەتی ــ سیاسیی گەرەك نییە کە ئەگەری دووپارچەکردنی ئێراق و جیابوونەوەی کوردستان بێنێتە گۆڕێ. کەوایە لایەنێك لەو دوو لایەنەی کە دەشێ ئارەزوومەندانە ئێراقێکی یەکگرتووی فیدراڵ لەگەڵ لایەنی دووەم بخوڵقێنێت، ئامادەیی بەشداریکردنی ئەو پرۆسەیەی تێدا نییە.

2 ــ خاوەنی کێشەکە (کورد، سەرکردایێتیی سیاسی، خیتابی سیاسی)

کورد، لە باشووری کوردستاندا، بڕیاری چارەنووسی سیاسیی خۆی داوەتە پەرلەمانێك کە دوانزەساڵ پێش ئێستا هەڵبژاردووە. پەرلەمانی کوردستان، خیتابی سیاسیی کوردی بۆ قۆناغی ئێستای بزووتنەوەکە دیاری کردووە و کاری لەسەر دەکات، ئەویش

دامەزراندنی ئێراقێکی فیدراڵە کە لەسەر بنەمای یەکگرتنی ئارەزوومەندانەی دوو نەتەوە و دوو هەرێم (کوردستان و هەرێمی عەرەبنشین) بێتە ئەنجام، کە هەریەکەیان خاوەنی ستاتووی جوگرافی و سیاسیی خۆی بێت.

پلاتفۆرمی خیتابی سیاسیی کورد، رۆشنە و چ تەم و مژێکی لەسەر نییە، بەڵام میکانیزمی کارکردن بۆ جێبەجێکردنی خیتابەکە، ناروون و شەرمن دێتە بەرچاو!.

سەرکردایەتیی کورد، لە هەڵسوکەوت و مامەڵەیدا لەگەڵ ئەم مەسەلە زێدەگرنگ و چارەنووسسازەدا و لە دواندنی ئەویدیدا (واتە جەمسەرەکەی دی)، بەرچاوڕوون نییە و نارۆشن و گوماناوی کێشەکە تاوتوێ دەکات و وەکو پێویست پنت لەسەر پیتەکان نانێت!.

هەندێك چەمك و زاراوەی جیۆپۆلیتیك و جیۆئیتنیك هەن کە پەیوەندییەکی گرنگیان لەگەڵ چارەنووسی پرۆسەکەدا هەیە، ناکرێت بە ناروونی بمێننەوە و دەبێت جەختیان لەسەر بکرێن:

+ گەلی کورد و گەلی ئێراق!

هێزە عەرەبییەکان، جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە گەلی کورد بەشێکە لە گەلی ئێراق، یاخود گەلی ئێراق لە دوو نەتەوەی سەرەکی کورد و عەرەب پێك دێت... و هتد.

من پێموایە، دەبێت چەمکی گەلی (ئێراق) پوچەڵ بکرێتەوە و گەلانی ئێراق لەشوێنی دابنرێت. گەلی کورد، لە باشووردا، بەشێکە لە گەلی کورد لە کوردساندا، نەك بەشێك بێت لە گەلی ئێراق. بەداخەوە سەرکردایەتیی کورد، تا ئێستا و لە گێژەنی ئەم دۆخە مژاوییەشدا، هاوڕای هێزە عەرەبییەکانە و جەخت لەسەر جێگیرکردنی هەمان چەمك دەکات.

+ سەرکردایەتی کورد، دەشێت لە دیالۆگ و دانووستاندنەکانی خۆیدا لەگەڵ جەمسەری دووەم، لە هەوڵی بەرجەستەکردنی ناهەڤانییەتی دەوڵەتی ئێراقدا بێت، چ وەکو دەوڵەت و چ وەکو سنووری جوگرافیاییش. ئێراق، کە لە هەلومەرجێکی تایبەت و لە بەرژەوەندی ئیمپریالیزمی بەریتانیا داتاشرا، وا ئێستا، لە بارودۆخێکی دیکەی ناوچەیی و جیهانیدا و لەبەرژەوەندی هەمان ئەو هێزە ئیمپریالیستییانەدا، هەڵوەشایەوە. کوردستان، دوانزەساڵە دەوڵەتێکی نیمچەسەربەخۆیە و ئەگەر گەلەکەی بخوازێت، ئێراق درووست بکاتەوە، ئەوا بە تەواوی مەرجەکانی خۆیەوە، لەم پرۆسەیەدا بەشداری دەکات. بەداخەوە، پێدەچێت تازە کەمێك درەنگ بێت و دەشیا پێش هەڵکردنی زریانەکە، سەرکردایەتیی کورد ئەم مەسەلەی بڕی باوە!.

ئێستاش:

ـــ ئەمەریکا، وەکو هێزێکی داگیر/رزگارکار لە ئێراقدا کە خەونێکی دێرینەی میللەتی ئێمەی بەدی هێنا و ئیستبدادترین دەوڵەتی لە نێوچەکەدا هەڵوەشاندەوە، ناکرێت وەکو فریشتەی بەواقیعکردنی خەونەکانی خۆمانی لێ بڕوانین و دنیای بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا نەبینین. دەمەوێت بڵێم: دەشێ لە هەوڵی ناسینی خۆمان و ئەمەریکادا بین.

ـــ سەرکردایەتیی کورد، بە پشتبەستن بە هێزی کۆمەڵانی کوردستان، دەکارێت کار لەپرۆژەی سیاسیی ئەمەریکا بکات و هەموو کارتێکی فشار بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەنییەکانی کورد لە گەمەی مامەڵەی سیاسیدا، لەگەڵ ئەمەریکا دا بەکاربهێنێت!.

ـــ وەختییەتی و درەنگیشە کە سەرکردایەتیی سیاسیی کورد، هەڵوەستەیەك لە ئاست سیاسەتی(ئێراقیبوون) و دامەزراندنەوەی (ئێراقی دیموکرات)دا بکات. بنیاتنانەوەی ئێراقێکی نوێی دیموکرات ، لە پلەی یەکەمدا، ئەرکی هێزە سیاسییە عەرەبییەکانە کە هاڵاوی شۆڤێنیزمیان لێ هەڵدەستێت!.

کورد دەتوانێت، فاکتەرێکی هاوکار بێت لە رەوینەوەی تەمومژی شۆڤێنیزم و رەگەزپەرستیی نێو ئەقڵی سیاسیی هێزە عەرەبییەکان و بەشێکی زۆر لە رۆشنبیرانیان. کەچی کورد و هێزە سیاسیەکانی، درکارن و پێشمەرج و زەمینەش رەخساوە کە لە کوردستاندا، دەوڵەتێکی(دامودەسگایی) و دیموکرات و کراوە رۆبنێن و چەند شەقاوان لە (بەغدا)ی تێپەڕێنن!.

ـــ فشارهێنان بۆ دەسەڵاتی هاوپەیمانان، لە کەناڵ و ئاستی جیاوازەوە و گرتنەبەری رێگای مۆدرن و شارستانیانە، بۆ دیاریکردنی سنووری هەرێمی کوردستان و یەکلاکردنەوەی کێشەی کەرکوك (لەسەر بنچینەکانی مێژوو، جوگرافیا، نەك سەرژمێری و رێژەی دانیشتووان!) و وەرگرتنی گەرەنتیی نووسراو و بە دیکۆمێنتکراو لەمەڕ بیرازکردنی پرۆتۆکۆڵی 15 ی نۆڤەمبەر و دەرهاوێژتنی (فیدراڵی پارێزگاکان)، پێش داڕژتنی دەستووری کاتی و هەڵبژاردنی ئەنجومونی کاتیی ئێراق.

ـــ جەختکردن نەك هەر لەسەر شوناسی تایبەتی کورد و نیشتمانەکەی لە چوارچێوەی دەوڵەتی فیدراڵی ئێراقدا، بگرە جەختکردن لەسەر سیما، رەنگ، خەسڵەتەکانی دەوڵەتی ئێراقیش، ئەویش بەو مانایەی: کە ئێراق چی دی دەوڵەتێکی عەرەبی نییە!. ئێراق وەکو خاك، بەشێك نییە لە نیشتمانی عەرەب و وەکو دەوڵەت، ئەندامی کۆمکاری عەرەب نابێت.

سەرکردایەتیی سیاسیی کورد، ئێستا لەبەردەم دژوارترین ئەزموون و تاقیکردنەوەدا وەستاوە کە چارەنووسی هەشتا ساڵ خەباتی ئەم میللەتەی لە ئەستۆی خۆی ناوە. هەر بۆیە گەڕانەوە بۆ خەڵك و هێزە بزووێنەرەکانی کۆمەڵانی کوردستان، ڕۆنانی پردی دیالۆگی بێرتووش لە نێوانی دەسەڵات، مێدیا و ڕۆشنبیرانی کوردستاندا، دەشێ زامنی سەرکەوتنی دوا پلەی چارەنووس بن.

2004 / 1 / 25

**نیگەرانیی لە سەرکەوتندا!**

پەیکەرەکان هەرەسیان هێنا. وێنەکان لەگەڵ بڵێسەی ئاگردا لولیان خوارد و بوونە زوخاڵ!. پەیکەرەکان تاپۆی دەسەڵاتی دیکتاتۆر نەبوون!. ئەوان پەیکەری سەدام بوون!. سەدام دیکتاتۆر نەبوو!. بەعس، سیستەمێکی تۆتالیتار نەبوو!. بەعسیزم، ئایدۆلۆژیایەکی فاشی یان نازی نەبوو!...

سەدام ، سەدام و بەعس، بەعس و بەعسیزم، بەعسیزم بوون!. هیچ تێرمێك بۆ پێناسەکردنی چەمکی ئەم ناوانە لە سیستەمی تێرمۆلۆژی سیاسیدا نابینینەوە.

سەدام و بەعس و بەعسیزم، دەبێ لە فەرهەنگی سیاسیدا ببنە سێ تێرم کە چەمك و شرۆڤەی نوێ لە خۆبگرن!.

سەدام و سیستەمەکەی بە جەنگ ڕووخان!. جەنگ کارێکی نەخوازراو و نەویستراوە، هەر بۆیە ملیۆنان ئینسان لەم جیهانەدا دژی جەنگ بوون. بە دوور لە هەڵوێستی دەوڵەتان و ڕێکخراوە سیاسییەکان کە هەر لایەنێك بە مەبەستێك لە رووی جەنگدا وەستانەوە، وەلێ ئینسانەکان لە ڕووانگەی ئینسانییەوە دەیانویست بەر بە جەنگ بگرن!. ئەم ئینسانانە، نە ئەوسا و نە ئێستا و نە لە داهاتوویەکی دووریشدا، نەیانتوانیوە و ناتوانن بەعس بناسن، هەر بۆیە دژ بەشەڕبونیان کارێکی ئاساییە!.

ئەوی لە دۆزەخی بەعسدا نەژیابێ، نازانێ دۆزەخ چییە!. قەڵاکانی دۆزەخ بە گورزی جەنگ ڕووخان و ئاگری سی و پێنج ساڵان کڵپە سەندووی دۆزەخ، بە ئاگری جەنگ خامۆش بوو!.

من دژ بە هەموو جەنگێکم، بەڵام ئەم جەنگەیان نا!... ئاخر ئەم جەنگە زەرووڕەت بوو نەك ڕێکەوت!. ئاخر ئەم جەنگە نەبایە، دەبوو ئۆپۆزسیۆنی ئێراقی، دژ بە دەسەڵاتی کوڕەکانی (عودەی)یش ئۆپۆزسیۆن بان!. ئەم جەنگە نەبا، پاشی دە ساڵانی تر، کەرکوك و خانەقین و گوند و شارۆچکەکانی دەوروبەری موسڵ تاقە کوردێکیان تێدا نەدەما!.

ئەم جەنگە، خەونی سی و پێنجساڵەی کوردی کردە حەقیقەت!.

ئەگەر بڕیاربێ جەنگ ببێتە کۆدی وەگەڕ خستنی دەورانێکی نوێ لە ئێراق و کوردستان و نێوچەکەدا، ئەوا دەبێ کورد خۆی بۆ ژیانێکی نوێ لە دنیایەکی نوێدا ئامادە بکات، یاخود ئامادە کردبێت!.

هەرەسهێنانی ڕژێم لە بەغدا، ئازادبوونی کەرکوك و خانەقین و ناوچە بەعەرەبکراوەکانی دیکەی کوردستان و هەڵسوکەوت و پراکتیزەکردنی خیتابی (یەکگرتوو)ی سیاسیی کورد، لەسەر زەوینەی واقیع و لە ڕەهەندەکانی ڕووبەڕووبونەوەی ئازادیدا، لەسەر دەستی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستاندا، کە دەسەڵاتی دووکەرتبووی سیاسیی کوردن، بەهەمان میتۆد و ئەقڵییەتی کۆنەوە لەتەك ڕووداوە نوێکاندا مامەڵە دەکەن!.

پارتی و یەکێتی، پێش ڕوودانی جەنگ، نەیانویست و نەیانتووانی دوو ئیدارەکە یەك بخەن، یەك لەشکر درووست بکەن و لەبری کۆمیتەی باڵای هاوبەش، سەرکردایەتییەکی یەکگرتوو دابمەزرێنن و هەر نەبێ لەم دۆخە ناسك و چارەنووسسازەدا ، بازنەی حیزبحیزبانێ ببەزێنن و هەر نەبێ و (بۆ تەنیا جارێك!) وەکو کورد، بە پیر ڕووداوەکانەوە بچن و مامەڵەیان لەتەکدا بکەن.

پەڕۆ سەوز و زەردە شەکاوەکانی نێو کەرکوك و خانەقین، سەوزبوونەوەی گوڵجاڕی وێنەی سەرکردەکان (لە سەردەمی هەرەسی پەیکەر و وێنەکاندا)، تووشی ڕەشبینی و نیگەرانییمان دەکەن!.

گفتار و خیتابە جیاوازەکان، بەکەمگرتنی کورد و زێدەڕۆیی لە پیاهەڵدانی ڕۆڵی کەمینە ئیتنیکەکانی دیکەی کەرکوك، زەقکردنەوەی خیتابی سیاسیی حیزب و سەرووەرییەکانی، درێژبوونەوەی دەسلاتی دووکەرتبووی کوردی بەرەو پانتایی نێوچە تازە

رزگارکراوەکان، پێمان دەڵێن: زۆر نزیکە دەسەڵاتی سیاسیی کورد و گەمەی نەفرەتلێکراوی حیزبحیزبانێ و شەڕە پەڕۆ، چارەنووسی کەرکوك لە گێژاو بخەن و ئەم دەرفەتەش لەدەست کورد بدەن!.

**سیاسەت و پرس... فیدراڵ و تیرۆر!**

**گوتەیەکی سوێدی هەیە دەڵێت:**
**(ناتوانایی ساتێك دەبێتە گەوجێتی، کە کۆتاییمان بە پرسیارکردن هێنا !).**
**سیاسەت، جگە لەوەی زانستە، پرۆسەیەکی ئاڵۆز و پێچەڵپێچیشە. سیاسەت، لە شێوەی تیور و زانستدا، جۆرێك دەخوێندرێتەوە و پراکتیزەکردنیشی لە کایە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەکانیشدا و لە زەوینە و زەمانی جیادا، بەجۆرێکی دیکە ڕەوت دەگرێت. وێستگەکانی لێوەستان یاخود لێدەرچوونی سیاسەت، کۆمەڵێك فاکتەر حوکمیان لەسەر دەکەن کە گرکنگترینیان درك و هۆشیاری، هێز و بەرژەوەندین!.**
**سیاسەت و پرۆسە سیاسییەکان، هەمیشە پرس دەهرووژێنن. گەورەیی و قوڵی پرسەکان، سەروکاریان لەگەڵ قوڵیی تێرامان و تێفکرینی ئێمەدا، بۆ پرسە دەرهاوێژراوەکانی نێو هەر پرۆسەیەکی گریمانی سیاسی هەیە. دەشێت ئێمە لە سیاسەتدا نا توانا بین، وەلێ بۆ ئەوەی ئاستی بێتواناییمان لە پانتایی (گەوجێتی) دا بارگە نەخات، گەرەکە لە پرسیارکردن نەکەوین!.**
**ـــ ئێراقێکی فیدراڵ، پرسێکی سیاسییە ئەوجا ئابووری، کۆمەڵایەتی و کلتوری. لە خیتابی سیاسیی کوردیدا، ئەمە پرۆسەیەکی ئارەزوومەندانەی نێوان دوو نەتەوە و دوو نیشتمانە. واتە یەکگرتنی باشووری کوردستان و ئێراقی عەرەبی، ئارەزوومەندانە و بەرەزامەندیی هەموو ئەو میللەتانەی کە لەم دوو هەرێمەدا دەژین!.**
**کە وایە: ئەمە ڕێککەوتنێکی سیاسییە لە نێوان دوو نەتەوەدا و دەشێت تەواو دڵخوازانە و بێ هیچ زۆرلێکردنێك بێتە ئەنجام. پرۆسەیەکی وەها گرنگی سیاسی، ساتێك پرۆسەیەکی دیموکراتیانە دەبێت و بە ئاکامێك دەگات، کە هەردوو لایەنی کێشەکە، ڕێککەوتنێکی وەها بە پێویست بزانن!. لێرەدا، پرسێکی ئیشکالئامێز هەڵدەتۆقێت، ئەویش: داخۆ ئەگەر یەکێك لەو دوو لایەنە، ڕێککەوتن و کۆنتراکتێکی سیاسیی لەم جۆرە بە پێویست نەزانێت، چ ڕوودەدات؟!.**
**ئەمە کرۆکی ئێستای کێشەی کوردە لە ئێراقدا!. زۆربەی زۆرینەی نەتەوەی عەرەب لە ئێراقدا (شیعە، سونە، نەتەوەپەرست و چەپ و ڕاست)، نەك هەر وەها ڕێککەوتنێکی سیاسی بە پێویست نازانن، بگرە گەلی کورد بە بەشێك لە گەلی ئێراق و کوردستانیش بە بەشێك لە نیشتمانی (دایك!!) ، لەقەڵەم دەدەن!. کورد دەیەوێت، بە توێژییەکی ئارەزوومەندانە لە ئێراقێکی فیدراڵدا بژێت و لایەنەکەی دیش، دەخوازێت بە توێژییەکی نائارەزوومەندانە، لەگەڵ کورد دا و لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتە دڵخوازەی خۆی دەیخوازێت، بیگوزەرێنێت!.**
**ئێستا ئیدی واپێدەچێت، پرسەکە بە بنبەست گەیشتبێت. بەڵام بۆ دەرچوون لە تەنگژەی هەر پرسێکی دژوار و پێچەڵپێچ، دەشێت چەندین دەرە و دەریچە پەیدا بکەین، ئەگەر هەوڵ بدەین پرسەکە بە بارێکی دیکەدا دابرێژینەوە!. بۆ ئەوەی پرسێك بە سەرکەوتوویی دابرێژین، دەبێ بیخەینە نێو چوارچێوەی لۆژیکی سیاسەتەوە و هاوکێشەکانی هێز، بەرژەوەندی و زەمەنیش لە بەرچاو بگرین!.**
**بۆ ئەوەی ئەم گۆڕانەش ئەنجام بدەین، دەبێت سەرەتا لە شێوازی داڕژتنە کۆنەکە یان(هەنووکەیی)یەکەی خۆمان، بکەوینە گومانەوە!.**
**ئەوەی دەشێت جۆرێك گومان لە ناخی ئێمەدا لە هەمبەر فۆرمولەکردنی پرسێکدا بچێنێت، ئاست و ڕادەی کاردانەوەی ئەوی دیکەیە لە بەرانبەر پرسی پێشنیارکراوی ئێمەدا!.**

**سەرکردایێتیی سیاسیی کورد، دەشێت هەڵوەستەیەك لەسەر شێوازی داڕژتنی خیتابی سیاسیی کورد بکات و ئەو توێژاڵە تەومژ و ئەو پەردە شەرمێونەی لێ دامالێت.**

**ڕووداوەکانی ئەم چەند مانگەی دوایی، دەشێت بمانخەنە حاڵەتی تێرامانی قوڵ و زۆر پرسمان لا بهورژێنن، کە ناچاری هەڵوەدابوونی دۆزینەوەی بەرسڤەکانمان بکەن!.**

**ـــ فیدراڵ و تیرۆر!**

**ئەو کردە تیرۆریستییەی ڕۆژی یەکی شوبات لە هەولێر ئەنجام درا و پۆلێك لە سەرکردە و کادر و ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نشتمانی کوردستان و ژمارەیەك لە هاولاتیانی شاری هەولێر بونە قوربانییانی، ئەڵقەیەك لەو زنجیرە کردەتیرۆریستییانە نەبوو کە ڕۆژانە لە ئێراقدا جێوەجێ دەکرێن!.**

**تیرۆر دژ بە کورد و هێزە سیاسییەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، کردەیەکی سیاسییە لە پۆخلەترین، دزێوترین و خوێناویترین شێواز و نێوەرۆکی خۆیدا!.**

**تیرۆر، دڕندانەترین ئامرازە بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی سیاسی یاخود ڕێگرتن و لەمپەردانان لەڕێی وەدەستهێنانی ئامانجێکی سیاسیدا!.**

**کورد، دۆزێك و کێشەیەکی سیاسی لە ئێراقدا هەیە. سەرکردایێتیی کورد، خیتابێکی سیاسی بۆ پرسی کورد هەیە. کردەی تیرۆریستانەی یەکی شوبات، پەیامێکی سیاسیی چەپەڵ و خوێناوی بوو، دژ بە پەیامی ڕەوای سیاسیی کورد!.**

**ئەم کردەیە، لەبەردەم چەند پرسیاردا ڕاماندەگرێت...**

**+ کام باند، کام لایەن و کام دەوڵەت لە پشت وەها کارێکەوە دەوەستێت و بۆچی؟!.**

**+ ئەگەر ڕێکخراوێکی تیرۆریستی وەکو (ئەلقائیدە) یاخود (ئەنسارئەلئیسلام)، جێبەجێکەری بووبن، (بێ بەڵگە ناتوانین شتێك بڵێین!)، لەپای چی؟!. داخۆ هێندە بەسە، ئێمە بڵێین: ئەو هێزە ئەقلتاریك و مرۆڤکوژانە، دژ بە هەر دیاردەیەکی دیموکراتی و شارستانین و لە هەوڵی گێڕانەوەی ڕەوڕەوەی مێژوودان؟!. ئەگەر ئەم بۆچوونە دەرهەق بە کردە تیرۆریستییە ئەنجامدراوەکانی سەرتاسەری ئێراق درووست بێت، ئەوا بەش بەحاڵی کورد و بزووتنەوەکەی، ئەم تیرۆرە تایبەتمەندییەکی تایبەتی هەیە.**

**تیرۆریستان و ئەو هێز و لایەنانەی لەپشتیانەوەن، بە کورد دەڵێن: ستۆپ!... خیتابی سیاسیی ئێوە، زۆر لەوە گەورەترە، ئەقلییەتی شۆڤێنیستانەی ئێمە قبوڵی بکات!.**

**کێشەکە لێرەدایە!... شەقامی سیاسیی کورد، خیتابی سیاسیی ڕەسمیی کورد لەخوار خواست و هیوا و قوربانییەکانی خۆیدا دەبینێ و دوژمنانیشی، زێدەڕۆیی تێدا دەبینن!.**

**ئەمانە تەنیا بۆچوونن و دەشێ مشتومڕی فرە لە خۆ بگرن!.**

**بەو حاڵەشەوە، ناکرێت لە پرسیارکردن بوەستین و تێهزرینەکانمان لە جوغزێکی تەسکدا قەتیس بکەین....**

**کەواتە با بپرسین.. لەخۆمان، لە سنووری ئاوەلاّ و دراوسێکانمان!، لە پرۆسەی ئازادیی ئێراق و هاوکاری کردنمان، لە خیتاب و ئێراقی یەکگرتوومان، لە کەلێن و درز و کەلەبەرەکانی نێوانمان ... لە مێژوومان!... با بپرسین!!.**

2 **ی فیبریوەریی** 2004

# کورد و دەرفەت!

(گفتوگۆ)

+ چارەنووسی کوردان تارادەیەك نادیارە. تا چەند سەرکردایەتیی سیاسیی کورد، بۆ ڕەواندنەوەی ئەو ترسە لە کارکردندایە؟..

ــ نادیاریی چارەنووسی سیاسیی کورد، دیاردەیەکی پەیوەستە بە مێژووی بزووتنەوەی سیاسیی کوردەوە! چارەنووس، شتێك نییە بە نێوچاوانی کوردەوە نووسرابێت، بگرە سەروکاری لەگەڵ خیتابی سیاسی و پرۆژەیەکدا هەیە کە دەشێ بۆ بە ئاکامگەیاندنی ئەو خیتابە سیاسییە، کاری پێ بکرێت. چوون خیتابی سیاسیی بزاڤی رزگاریخوازیی کورد، لە سەرەتادا و تا هەنووکەش، خیتابێکە نامۆ و ناتەبا بە نێوەرۆك و ستراتیژی سیاسی و نەتەوەیی بزاڤەکە، هەر بۆیە چارەنووسیشی زۆر ڕۆشن نایەتە پێشچاو!.ئەمە بە مانای رەشبینی و بێهیوایی نییە.

دۆخی کورد، لە ئێستایدا، تەکانێکی باشی بەخۆی داوە و خەریکە مێژوویەکی لە زوڵم هەڵکێشراو، بەجێدێڵێ. وەلێ چۆن و بۆ کوێی بەجێدێڵێ؟، ئەمەیە پرسە نادیارییەکە!.

سەرکردایەتیی سیاسیی کورد، ئەوڕۆکە، لە شەڕێکی سیاسی ــ دیپلۆماسیدایە و بۆ جێگیرکردن و جێکەوتنی خیتابی سیاسیی خۆی (فیدرلیزم) لە چوارچێوەی ئێراقێکی یەکگرتوودا، بە یەکدەنگی و یەکگرتووانە خەبات دەکات. ئەوەی کە زەوینە سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکانی دامەزراندنی ئێراقێکی فیدراڵ، زۆر سەخت و کرێنە و بەشێکی زۆر لە رەگەز و پێکهاتەکانی ئەم سیستەمە ئیداری ــ سیاسییە، نا ئامادەن، پێدەچێت سەرکردایەتیی کورد، توانای ڕەواندنەوەی ئەو ترس و دڵەڕاوکێیەی کۆمەلانی خەڵکی کوردستانی نەبێت. نیگەرانییەکانی خەڵك، لە ئەزموونی تاڵ و مێژوویەکی لە خوێن و ئەنفال شەلاڵەوە، سەرچاوەیان گرتووە و ناتوانن وا بەسانایی بڕوا بەوە بێنن: کە دەکرێت و مومکن دەبێت، ئەوان ببنە هاولاتییەکی راستەقینەی ئێراق و لەوێدا بە مافە نەتەوەیی و ئینسانییەکانیان بگەن!.. مەبەستم ئێراقێکە، کە هێزە سیاسییەکانی، لە دەمارگیریی نەتەوەیی و مەزهەبی سەرڕێژن!.

**+ کورد، هەرکاتێك دەرفەتێکی هاتبێتەپێش، ساویلکانە مامەڵەی کردووە، ئەم جارە تا چەند ئەم ساویلکەییە بە خەباتی کوردانەوە دیارە؟!.**

**ــ دەرفەتەکان، زۆرجاران لە دەرکەی کوردیان داوە و کورد و هێزە سیاسییەکانیشی، لە بری ئەوەی دەرگا بە رووی دەرفەتەکاندا بخەنە سەر گازی پشت، تەنیا رۆژنەیەکیان بەڕوودا کردوونەتەوە!. کورد و حیزبە باڵادەستە سیاسییەکانی، کەمتر لە خەمی ئەوەدا بوون، کە لە کایەی دەرفەتەکاندا ببنە هێزێکی بڕیاردەری گۆڕانکار، بەڵکە هەمیشە لە هەوڵی خۆگونجاندندا بوون لەگەڵ دەرفەت و پێشهاتەکاندا!. رەنگە ئەمە خەوشێکی دیار، یان خەسڵەتێکی ئەم ساویلکەییە بێت کە ئێوە ناوتان لێ ناوە!.**

**راپەڕین، پرۆسەیەکی پڕ گۆڕانکاری بوو، بە دنیایەك دەرفەتەوە!. حیزبە سیاسییەکانی کورد، بە پرۆسە و پرۆژەکانی راپەڕین نامۆ بوون و دەرکیان بە گرنگی ئەو قۆناغە و ئەرك و ئامانجەکانی نەکرد. بۆیە بینیمان کە راپەڕین لە گێژاوی شەڕی دەسەڵاتی حیزبدا گۆج و ئیفلیج بوو!.تۆ، کە خەونی گەورەت نەبێ، با دەرفەتەکانیش زۆر بن، ناتوانیت لە دنیایەکی جواندا، بارگە بخەیت!.**

**حیزبێك کە خەونی دەسەڵاتی نەتەوە، بە خەونی دەسەڵاتی سەرکردە و حیزب بگۆڕێتەوە، تووشی(پەرکەمی دەسەڵات) دێت و ئەم نەخۆشییەش، خەونەکانی نەتەوە دەکوژێت و لە دنیای دیلی و پاشکۆییدا دەیجەڕێنێت!.**

**پرۆسەی ئازادی/داگیرکردنی ئێراق، دەرفەتێك بوو لە ئاسمانەوە بۆ کورد باری بوو!. ئەمەریکا، پێویستی بە کورد وەکو هێز و بە کوردستان وەکو زەوینەی جەنگ هەبوو. سەرکردایەتیی کورد، لەوەدا کە بە پیر پرۆسەکەوە چوو، باشی مامەڵە کرد. وەلێ لە خودی مامەڵەکەدا، ساویلکە بوو!. کورد، بێ گەرەنتی و بێ هیچ رێککەوتنێکی نووسراو، هەموو تواناکانی خۆی، بە هەرزان و بێ بەرانبەر بەخشییە ئەمەریکا!. ئەمەریکاش هێزێکە، جگە لە بەرژەوەندی هیچی دیکە ناناسێت!.**

**+ رەوشی تازە، درووشمی کوردانی گۆڕیوە. تا چەند فیدراڵ خواستی شەقامی کوردییە؟!.**

**ــ گۆڕانی درووشمەکان شتێکە و رەوشی کارکردن بۆ دابینکردنیان شتێکی دیکە!. ئێستا، درووشمی سەرەکیی کاربۆکراوی کورد، فیدراڵییە و وەدەستهێنان و جێگیرکردنی فیدراڵییەکی دڵخواز و یەکێتییەکی ئارەزوومەندانەی نێوان کورد و عەرەبیش لە ئێراقدا، لەمپەرەکانی سەر رێگایان، زۆر و زەوەندن!. وەکو پێشتر گوتم: کورد، بە ئەزموونی دوور و درێژی خۆی لەگەڵ سیستەمە جیاکانی ئێراق و لەگەڵ خودی ئەو دەوڵەتەی کە بە چەکووشەکانی زوڵم، چوارچێوەکەی داکوتراوە، تووشی بێمتمانەیی هاتووە. ئێستا ئیدی بە ئاشکرا جیاوازیی نێوان تێڕوانینی شەقامی کوردی و حیزبە سیاسییەکانی، بۆ چارەسەری دۆزی کورد، دەبینین. ئیستا شەقامی کوردی، لە فیدراڵییەکی شێواو و لە مژگێراو، بەگومانە!.**

**+ تەوژمێکی سەربەخۆییخوازی شەقامی کوردیی گرتووەتەوە، بەڵام لە راگەیاندنی رۆژاوادا، پارتی و یەکێتی بە ناوی فیدراڵییەوە ئیستیغلالی دەکەن. تا چەند ئەم دیاردەیە کارکردی سەلبی لەسەر سارد بوونەوەی سیاسی هەیە؟.**

**ــ شەقامی کوردیی، پاش بێدەنگییەکی درێژخایەن، وا جارێکی دیکە سیاسەتاوی دەبێتەوە. ئەم تەوژمی سەربەخۆییخوازییە، شەپۆلی بە هاژەی بزاڤێکی جەماوەرییە کە بەرەو ئاراستەیەکی درووست دەبزووێ!.**

**خەڵکی کورد، دێت خیتابی خۆی لە خیتابی حیزب جودا دەکاتەوە، بێ ئەوەی بکەوێتە سەنگەری دژایەتیی حیزبیشەوە. ئەمەش دیاردەیەکی سیاسیی تەندرووستە و درەنگ یا زوو، ئاکامی خۆی دەبێت. پارتی و یەکێتی، سیاسەت لە تێگەیشتنی (جێبەجێکردنی ئەوی ئیمکان دەبێ)وە، پراکتیزە دەکەن و جەماوەریش، هەوڵ دەدات سیاسەت لە تێگەیشتنی (جێبەجێکردنی ئەوی پێویستە جێبەجێ بکرێت)ەوە، پراکتیزە بکات. هەوڵەکان، لە دەرەوەی کوردستاندا، هەر وەکو ناوەوە، دەکەونە جۆرێك لە ناکۆکی و ناتەباییەوە.**

**لە ئەوروپا و لەدنیای دەرەوەدا، زۆر هێزی سیاسی و رێکخراوی دیموکراتیك و نادەوڵەتی و دەوڵەتی هەن، کە مافی چارەنووس و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی بە کورد رەوا دەبینن، کەچی پارتی و یەکێتی، جورئەت ناکەن ئەو هێڵە سووە ببەزێنن کە هێزەکانی نێو ئەجوومەنی حوکم و وڵاتانی دراوسێ بۆ کوردیان داناوە، ئەویش بەزاندنی سنووری (پیرۆز)ی ئێراقە!. ئەم ناهاوئاهەنگییەی نێوان خیتاب و مامەڵەی سیاسیی حیزب و خەڵك، دەشێت کارکردی نەرێتی لەسەر پرۆسە سیاسییەکە دابنێت.**

**+ لاوان لە بێدەنگییەکی گەورەدا دەژین، لە کاتێکدا کۆمەڵگە چاوی لەوانە. ئەم هۆکارە بۆچی دەگێڕیتەوە ؟!.**

**رەوشی بە حیزبکردنی کۆمەڵگە، خوێندکارانیشی گرتووەتەوە، چی بکرێت تاوەکو حبزبی بوون..؟!**

ـ بێدەنگی نیشانەی نامۆبوونی لاوانە بە کۆمەڵگە!. کۆمەڵگەیەك، لە مێژوویەکی دوور و درێژدا، پانتایی پراکتیزەکردنی زەبر و توندوتیژی بووە لەلایەن دەسەڵاتی داگیرکارەوە. جێگۆڕکێی دەسەڵات لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، نەیتوانی گۆڕانکاریی قوڵی کۆمەڵایەتی بخوڵقێنێت. گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی و پرۆسەی نوێکردنەوە و ئاڵوگۆڕپێکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان، زەوینەسازی و ئامادەیی کۆمەڵێك هێز و فاکتەریان گەرەکە، کە هێشتا لە کۆمەڵگەی ئێمەدا نائامادەن. سیستەمی حوکم و تێڕوانینی حیزبی کوردی بۆ پرۆسەی حوکم کردن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە، هێند ناشارستانی و رۆژهەڵاتییانەیە، کە  بووەتە لەمپەری سەر رێی وەگەڕخستنی هێزی لاوان و لە پەراوێزی خستوون.

کۆمەڵگەیەك، کە دەرهاوێژتەی جەنگە جیاوازەکان بێت و لە زەبر سیخناخ بێت، ئیدی دۆزینەوەی شوێنێك بۆ خستنەگەڕی وزە داهێنەرەکان، کارێکی ئاسان نییە. پێدەچێ 12 ساڵ لە ئەزموونی حوکمڕانیی کورد لە کوردساندا، ماوەیەکی کورت بێت بۆ ئاسایی کردنەوە و خاڵی کردنەوەی کۆمەڵگە لە زەبر وچرۆکردنی  دیاردەکانی ئاشتی و ئارامی .

حیزبی کوردی، رۆڵی بەرچاوی هەیە لە هەڵکشانی دیاردەی ئاڵۆزیی و بارگاوی کردنی کۆمەڵگەدا. قوتابخانەکان و زانکۆکان، ئەو پانتاییە زێدە هەستیارەن کە حیزبی کوردی زۆر بە ئاگاییەوە کاریان تێدا دەکات.

پرۆسەی هەڵبژاردنی قوتابییان لە قوتابخانەو زانکۆکاندا، پێی گوتین: رێکخراوەکانی قوتابیان و خوێندکاران، جگە لە وێنە بچووککراوەکانی حیزب، شتێکی دیکە نین. رێکخراوەکانی قوتابیان، زیاتر لە حیزبەوە نزیکن وەك لە قوتابیان!!. ئەم جۆرە رێکخراوانە، تایبەتن بە کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکان و بە کۆمەڵگا مۆدرن و مەدەنییەکان نامۆن!.

دەبێت لە هەوڵی ئەوەدا بین، کە سەرتاپای پەیوەندیەکانی حیزب و دەسەڵات بە دامەزراوە پەروەردەییەکانەوە بگۆڕدرێن. حیزب و رێکخراوەکانی دەبێت لە کایەکانی پەروەردە و فێرکردندا پاشەکشێ پێ بکرێن. دەبێت سیاسەت بارگەی خۆی بۆ دەرەوەی قوتابخانەکان بگوێزێتەوە. ئەگەر سیستەمێکی شارستانی، لە بواری پەروەردە و بەڕێوەبردنی دامەزراوە فێرکاری و زانستییەکاندا بخوڵقێنرێت، ئیدی قوتابیان پێویستیان بەم رێکخراوانەی بەناو قوتابیان نابێت!.

من، لە وڵاتی سوێد دەژیم و چەند ساڵێکە لە قوتابخانەدا کار دەکەم. من هێشتا: ژورێك، بنکەیەك، بڵاوکراوەیەك، نوێنەرێکم لە قوتابخانەیەکدا نەدیوە کە مۆرکی رێکخراوی قووتابیانی پێوە بێت!.

بەشداری کردنی 17 رێکخراوی قوتابیان لە پرۆسەی هەڵبژاردندا، نەك نیشانەی ئازادی و دیموکراسی نییە، بگرە ئاماژەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی ئازادی بەدیویکی دیکەدا!.

5 ی مارسی 2004

* وەڵامی چەند پرسیاری رۆژنامەنوسێکی ئاڵای ئازادی.

لە رۆژنەی هەڵبژاردنەوە:

(( دیواری بەرلین و دیواری دیگەڵە! ))

ئەوی نەوێرێت ئاوڕ بۆ دواوە بداتەوە، رابوردوو وەبیر بهێنێتەوە و بیخوێنێتەوە، نەوێر و ترسنۆکە!.

ترسنۆکان، بچووك و گزگلن.

گزگلان، مێژوویەکی کورتەبالاَ و شپرێو بۆ نەتەوە دروست دەکەن. مەزنانی میللەتێك، کاتێك بە مەزنی دەمێننەوە کە لە مەزنیی نەتەوەی خۆیان بگەن و لە ئاست ئەو مەزنییەدا، خۆیان نەویتر ببینن!.

دیواری بەرلین، بەرهەمی کۆتایی پێهێنانی یەکەم جەنگی جیهان، شکستی بەرەی نازیسم و فاشیزم و دەسپێکی جەنگی ساردی نێوان دوو زلهێزی سەرکەوتووی جەنگەکە بوو.

دیواری بەرلین، لە ماوەی 44 ساڵدا جەستەی نەتەوەی ئەڵمان و وڵاتی ئەڵمانیای کەرت کرد. ئەم دیوارە، نزیکەی نیوسەدە، لەسەر نەخشە، لە نێو ناخی یەك نەتەوەدا، لەسەر رووبەری یەك نیشتمان؛ دوو وڵات، دوو کۆمەڵگە، دوو ئایدۆلۆژیا، دوو سیستەمی حوکمڕانیی بەرهەم هێنا!.

پانزە ساڵ پێش ئێستە و لە رۆژی 9 ی ئۆکتۆبەری 1989 دا، دیواری بەرلین کە وەکو سیمبۆلی کەرتکردنی ئەوروپا، چاوی لێ دەکرا، بە پاچی جەماوەری هەردوو دیوی دیوار، رما!. ئەو کرێکارەی یەکەم پاچی داڕوخانی دیواری وەشاند، بوویە پاڵەوانی نێو میدیای ئەوروپا و هەنوکەش یادکردنەوە* ساڵانە* ئەو رووداوە پڕمانایە لە وڵاتانە* ئەوروپادا، جێگا* دیار و بەرچاو* هەیە ئەو رۆژە، دەستپێک* پرۆسە* یەکگرتنەوە* دوو دەوڵەت، دوو دەسەڵات ، دوو پارچە* یەك نەتەوە بوو!. دارِمانە* دیوار و هەنگاوەکانە* یەکگرتنەوە* دوو دەسەڵات، بە راپرسی و لە پرۆسە* هەڵبژاردن و سندووقە* دەنگدانەوە، دەستی پێ نەکرد. واتە: سڕینەوە* لەمپەر و دارِمانە* دیوار و هەنگاوەکانە* یەکگرتنەوە* دامودەسگاکانە* دەسەڵات، ئەو جا هەڵبژاردن و وەرگرتنە* رەوایی حکومەت و حوکمڕانە* لە سندووقە* دەنگدانەوە. دیگەڵە، دیوارێک* نەبینراو* نێوان دوو حیزب، دوو دەسەڵات و دوو ئیدارە* کوردییە لە باشوور* کوردستاندا. دیوار* دیگەڵە، بەرهەمە* دوا جەنگ* گەرم و خوێناویی نێوان یەکێتە* نیشتمانیی کوردستان و پارتە* دیموکراتیی کوردستان و دەستپێک* جەنگ* سارد* نێوانیانە کە هەشت ساڵن تەمەنیەتە* و کەللەشەق و لووتبەرزانە لەبەردەم رووداوە سیاسییەکاندا وەستاوە و ئامادە نییە وا بە ئاسانە* تخێڵ ببێت و رێگا بۆ گەمە* هەڵبژاردن و دەستاودەستکردنە* دیموکراتییانە* دەسەڵات خۆش بکات!. رێککەوتننامە* واشینتۆن، حەوت ساڵ لە تەمەنە* خۆ* دەپێچێتەوە و جگەلە جۆرێك لە ئاساییکردنەوە* دۆخ* کوردستان و رەواندنەوە* تەمو مژ* گرژ* و ئاڵۆزییەکانە* نێوان دوو حیزب، هێشتا بە لوتکە* ئامانجەکانە* خۆ* ( یەکدەسەڵاتە* یەکئیدارەیی )، نەگەیشتووە!.

پرۆسە* ئازادیی ئێراق، ئەنجوومەنە* حوکم، گرتنە* سەدام و سەرانە* بەعس، دەوڵەتە* کاتە* و یاسای بەڕێوەبردنی، جەنگ* تیرۆر و مەترسییەکانە*، گیرخواردنە* کەرکوك و ناوچە رزگارکراوەکان لە نێوان ئێراق و کوردستاندا گەلێك ئاڵوگۆر و رووداو* سیاسیی دیکە* کوردستان و ئێراق و جیهان، نەیانتوانە* ببنە هەوێنە* تێکهەڵکێشانەوە* دوو ئیدارە* هەولێر و سلێمانە*!.

ئێستا ئێمە، لەبەردەم پرۆسە* هەڵبژاردنە* پەرلەمانە* کوردستاندا، بەدووئیدارە و چەندین حیزبی گەورەوگچکەوە وەستاوین !.

ئێستا کورد، پاش دوانزە ساڵ لە شکستخواردنە* ئەزموونە* یەکەمە* هەڵبژاردن و مەینەتییەکانە* ئەو شکستە، خۆ* بۆ ئەزموونێکە* دیکە و لە هەلومەرجێکە* دیکە* تەواو جیاواز و ناسکدا، ئامادە دەکات !.

ئەمجارەیان، پارتە* و یەکێتە*، نەك وەك دوو حیزب، بەڵکە وەکو دوو دەسەڵات و دوو ئیدارە لەبەردەم سندووقە* دەنگداندا دەوەستن!. ئەمە دیاردەیەکە* بێوێنەو پرۆسەیەکە* زێدە سەخت و پێچەڵپێچە و ئەزموونە* هەڵبژاردن و پرۆسە* دیموکراسی لە دنیادا، کەمتر دیاردە و حاڵەتە* وەهایان بە خۆوە دیتوە!!.

دیارە کە یاسا و رێساکانە* هەڵبژاردن و چۆنییەتە* بەڕێوەبردنە* گەمە* دیموکراسی لە دۆخ* ئاسایی و لە کۆمەڵگە مۆدرن و تەندرووستەکاندا دیار و زانراون. بەڵام داخۆ لەم دۆخە ریزپەڕ و واقیعە نائاساییە* کوردستاندا، چی بکرێت و چلۆن دەکرێ ئەم ئەزموونە بە نیمچە سەرکەوتوویی تێپەڕێنرێت ؟!.

زۆر کەس و لایەن هەن پێیان وایە کە شێوازە* دروست و دیموکراسییانە ئەوەیە: پارتە* و یەکێتە* بە لیستە* تایبەت و بەرانبەر بە یەکدە* دابەزن !، ئیدە* ئەوە سندووقە* هەڵبژاردن و دەنگ* هاوڵاتییە کە کۆتایی بە دوو ئیدارە و دوو دەسەڵات دەهێنن ومتمانە* خۆیان دەدەنە ئەو لایەنە* زۆربە* دەنگەکان وەردەگرێت !.

خاوەنانە* ئەم رایە، لە رووکەشدا کەسانێکە* دیموکراتن و دەستیان بە پرەنسیپەکانە* دیموکراسییەوە گرتووە. بەڵام واقیعە* کۆمەڵگە* کورد* و ئاستە* پابەندبوونە* حیزبی کورد* بە ئەنجامە* دەنگدان و بەهەندگرتن و رێزلێگرتنە* دەنگ* هاوڵاتە* شتێکە وتیورەکانە* دیموکراسی شتێکە* دیکەن.

میژوو* حیزبی کورد* (پارت* و یەکێت*!)، پێمان دەڵێ: ئەوان چەند قۆناغێك لە سندوق* دەنگدانەوە دوورن و ئەستەمە دوو ئیدارە سندوق* هەڵبژاردندا یەك بگرن و دەسەلاّت لەوێدا جێگۆڕکێ بکات!.
من پێم وایە: دۆخ* ئێستا* کورد، دەشێ لەسەر حیسابی دیموکراسی (تائەو جێگایە* پەیوەند* بە هەڵبژاردنەوە هەیە) رابگیرێت و لەگەڵ زەمەندا بۆ پێشەوە دەرباز بکرێت!. یەکێت* و پارت* کە ناتوانن رکبەر دژبەر بن، دەشێ بەجۆرێك لە جۆرەکان هاوکاربن و لەسەر (رێژەیەك) رێك بکەون!... واتە پێکەوە و بەیەك لیست ، بەرانبەر حیزب و هێزەکاذ* دیکە دابەزن!.
من ، دەزانم ئەمە چ پرەنسیپێک* دیموکراسی تێدا نییە، بەلاّم ئەوان کە لەسەر ئەم (تیورە فۆلکلۆرییە !!) کاربکەن کە دەبێژێ (پیاو، دۆمینەدەدۆڕێنێ ، دەیکاتە شەڕ، ئەگەر دەسەلاّت* دۆڕاند چ دەکات ؟!)، ئید* دەبێت ئیجازە لە دیموکراسی وەربگرین و هەموو هەوڵەکانمان بۆ داخستن* دەرگاکاذ* شەڕ بێت و زەمەنێک* دیکەش بدەینە ئاشت* !.
دەبێ دڵنیابین کە دیوار* بەرلین و دیوار* دێگەڵە، ناتوانن بەیەك خێرایی برووخێن و ئێمەش تا زەمەنێک* دیکە بەقەدەر* (پارت* و یەکێت*) مەحکومین !... قەدەرێك کە تەنیا بەردەوامیی ئاشت* و پشوو درێژیمان لەگەڵ زەمەن ، دەتوانێ بیگۆڕێت !.
2004/11/12

لە رۆژنە* هەڵبژاردنەوە
چ* و کێ هەڵدەبژێرین ؟!

هەڵبژاردن ، پێشئەوە* کۆنسێپت یان تێرمێک* سیاسی بێت، چەمکێک* کۆمەلاّیەتییە و سەروکار* لەگەڵ بوار و کایەکاذ* ژیاذ* (تاك) لە کۆمەڵگە* مۆدرندا هەیە 0
هەڵبژاردن، مانا* مافی سەرپشکبووذ* هاولاّتییە لە وەرگرتن یان رەتکردنەوە* شتێك / شتگەلێك کە پەیوەندییان لەگەڵ ژیاذ* ماد* و رۆحیی ئەودا هەیە. ساتێ دەڵێین: ئێمە ماف* هەڵبژاردنمان هەیە ، دەشێ لەهەمان چرکەساتدا ، بیرۆکە* رەتکردنەوەش بەهزرماندا گوزەر بکات. بۆ ئەوە* ئەم پرۆسەیە لە واقیع* ژیاندا ، مانایەک* هەبێت ، دەبێت زیاتر لە ئەڵتەرناتیڤێك (شتێك)، بۆ وەرگرتن یان وەلانان بووذ* هەبێت 0000
منداڵەکەم تەمەذ* شەش ساڵە و دەخوازم بینێرمە قوتابخانە. لە گەڕەک* ئێمەدا چوار قوتابخانە هەن. من ماف* هەڵبژاردذ* قوتابخانەیەك و رەتکردنەوە* سێ قوتابخانەم هەیە!. لە قوتابخانەیەکدا دوو پۆلی(یەك) هەیە. منداڵەکەم ماف* هەڵبژاردذ* پۆلێك و وەلاناذ* پۆلێک* هەیە. منداڵەکەم، ناتوانێت گۆشت* مەڕ بخوات!. ئەو دەکارێت لە نێوان گۆشت* مەڕ و ماسی و مریشکدا، گۆشت* مەڕ وەلانێت و مریشك و ماسی هەڵبژێرێت!.لە نەخۆشخانەکەی گەڕەک* ئێمەدا ، هەشت پزیشك کاردەکەن. من مافی هەڵبژاردذ* پزیشکێك و رەتکردنەوە* (حەوت) پزیشکم هەیە. من بۆ ئەوە* رۆژانە بچمە سەر کار، بەهەمان تێچوو (پارە)، دەتوانم لە نێوان پاس و ترامدا ، یەکێکیان هەڵبژێرم، سەرەتاکاذ* هەڵبژاردن لێرەوە دەست پێ دەکەن ، ئەوجا بە لوتکە* هەڵبژاردنەکانمان دەگەیەنن. گەرەکمە بێژم: زنجیرە* هەڵبژاردن لە خوارەوە بۆ سەرەوە ( نەك پێچەوانە!) ، خەسڵەتێک* بنچینەیی ژیاذ* دیموکراسییە و تۆش هەموو ئەو دێڕانە* نێوان دێڕەکان (کە پێویست* نەکردووە من بیاننووسم) ، بخوێنەرەوە !0
لە هەڵبژاردنەکاذ* کوردستاندا ، چی و کێ هەڵدەبژێرین ؟!000
یەکلیست*، یەکدەنگ*، یەك خیتابی سیاسی و یەك تێڕوانین بۆ ئاکتیڤکردنەوە* پەرلەماذ* کوردستان(نەك هەڵبژاردنەوە*)،بەرهەم* دانووستاندنەکاذ* هەردوو سەرکردایێتیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارت* دیموکرات* کوردستان بوون. قسە لەسەر ئەوە نییە کە یەکرەنگ* و یەکدەنگیی دوو حیزبی حکومڕاذ* کوردستان و رەدووکەوتن* حیزبەکاذ* دیکەش بۆ

ئەم دنیا* بێدەنگ* و تاکڕەنگییە،چەند لەگەڵ پێداویستییەکان* ئەم قۆناغە* بزووتنەوە* سیاسیی کورد دا یەکدەگرێتەوە و بە قازانجیەت*، بەڵکە پرسەکە لێرەدایە: داخۆ ئەگەر شتێك بۆ هەڵبژاردن و ڕەتکردنەوە لە ئارادا نەبێت، هەڵبژاردن جارێ مەرگ* خۆ* نادات؟!. ئێمە،جگە لە لیست* یەکگرتوو* نیشتمان*، شتێک* دیکەمان بۆ هەڵبژاردن نییە !0 کە وایە خود* هەڵبژاردن بوون* نییە 000 ئەگەر لەماوە* ئەم مانگەدا، لیستێك یان چەند لیستێک* ڕکبەر، بەرانبەر لیست* یەکگرتوو دەرنەکەون، ئەوا(هەڵبژاردن) بە (موبایەعە)یەکسان دەبێت و درووشمەکان* هەڵبژاردنیش دەبنە دروشمێک* گەورە* پڕ گاڵتە جاڕی: (ئەگەر کەروێشکت دەوێ، ئەوە کەروێشك 000 ئەگەر ئاسکت دەوێ ئەوە کەروێشك!000 چ پەندێک* بێتام و سواوە !)0

من، لە ژمارە* پێشوو* هاوڵاتیدا و لە وتارێکدا، جەختم لەسەر پێویستیی یەکلیستیی یەکێت* و پارت* کردبوو، بەڵام هەرگیز پێم وانەبوو، کە ئەو یەکلیستییە* ئەوان هێندە گەورە دەبێت، تەواو* لیستەکان* دیکەش دەپێچێتەوە و پرۆسە* هەڵبژاردن لە هەموو مانایەك دادەتەکێنێت!.

لە کۆبوونەوە* مێژوویی (پیرمام)دا ،کورسییە تۆزلێنیشتووەکان* پەرلەمان، لەنوێڕا دابەش کرانەوە و ڕێژە* پشکەکانیش دیارن، بەڵام دانیشتووان* سەر کورسییەکان، نادیار!. ئێمە وەك چانسی ئەوەمان نییە لیستێک* دڵخواز* خۆمان هەڵبژێرین، هەروا ماف* ئەوەشمان نییە لە (لیست* یەکگرتوو)دا، کەسی دڵخواز* خۆمان هەڵبژێرین و بۆ سەر کورسییەک* بنێرین!. لیستەکان و کەسان* ناویان، کە دەبنە نوێنەران* ئێمە لە پەرلەمان، حیزب هەڵیاندەبژێرێت... حیزب، ئەو ئەرکە گرانەشی لە کۆڵ* هاوڵات* کردووەتەوە!. هاوڵات*، ماف* دەنگبەخشین و چەپڵەلێدان* هەیە و ئەمەش مافێکی گرنگە!. ئێمە ، تازەمەنێک* دیکەش بەقەدەر* (حیزب) مەحکومین 000 تەنیا زەمەنێکە و هیچ* تر !!0

2004/12/4

# مەسخەرە* نووسین!

نووسین چییە و بۆ دەنووسین؟، رەنگە دوو پرسی ئاسان نەبن و بەرسڤ* سەرپێیی لە خۆنەگرن. وەلێ چ* دەنووسین؟، چۆن دەنووسین؟، نۆرم و یاسا و رێساکان* پرۆسە* نووسین و بلأوکردنەوە چین و چۆن پابەندیان دەبین ؟، بەرپرسیارێتیی ئەم مەسخەرە* بەلێشاو نووسین و بلأوکردنەوەیە، لە ئەستۆ* کێ بنێین و چی بکرێت هەتا ماڵپەرە کوردییەکان لەم ئایدز* فەوزا و گەرەلاوژێی (نووسین)ە ریشاژۆ بکرێن، کۆمەڵێك پرسن کە دەشێ شەن و کەو بکرێن وراوبۆچوونیان لەوسەر بدرێت !.

پێم وانییە نووسین کەرەستە* دەربڕین و خۆخاڵیکردنەوە* ناخ* ئێمە بێت !0 نووسین، کەرەستە نییە !، نووسین، پرۆسەیە و وەك هەر پرۆسەیەک* دیکە ، قۆناغ بە قۆناغ و لەگەڵ پێکەوە گونجان و خەملین* رەگەزەکان* ناوەوە*، دێتە بەرهەم و بە ئاست* پێگەیشتن دەگات !. لەگەڵ نووسین* هەر وشەیەك و نەخشاندن* هەر پەرەگرافێکدا ، دەشێ دڵ* نووسەر ، وەك ژێی کەمان بلەرزێ !0 نووسەر کە دەنووسێ ، دەشێ خوێنەرێک* زیرەك لەبەرچاو بگرێ و زرت و زیندوو بەرانبەر* خۆ* داینیشێنێ و لەگەڵ داڕژتن* هەر رستێکدا، هەڵچوون و داچوون* ریتم* لێدان* دڵ* خوێنەرەکە* بژنەوێت!.

ئەگەر چی چییەت* نووسین گرنگە، وەلێ نووسین تەنیا نێوەرۆك نییە!. زۆر جاران ، نووسین* سادە* نووسەرێک* جدد* دەخوێنمەوە و هیچم پێ ناڵێت!، کەچ* لەبەردەم رەنگاڵە* فۆرم و سیحر* سەما* وشکاندا، بەنگ دەبەم و لە دنیا* فەنتازیادا باڵ لێ دەدەم!.

نووسین، رێسا گەلی خۆ* هەن. نووسین نۆرە* خۆ* هەیە!. نوسین، زمان، رێزمان، رێنووس، بیر، فۆرم و ریتم دەخوازێ!.

رەنگە دوو نووسەر نەبن لەسەر ئەوە ناکۆك بن کە نووسین* کورد* لە مەرگەسات* خۆیدا دەژ* و ئەم شپرزەیی وشپرێویەی پرۆسە* نووسینیش، بەشێک* لە ئەستۆ* گۆڤار، رۆژنامە، ماڵپەر دەسگاکان* مێدیا* بینراو و بیستراو* کوردیدایە!. رەنگە زێدەرۆیی نەبێت، ئەگەر بێژین سەدان کەس، ناوبەناو یاخود بەردەوام لە ماڵپەرە کوردییەکاندا دەنووسن و هەر چییەکیان بە هزردا گوزەر بکات، بەنێو*( نووسین )ەوە دەرخوارد* چاو* خوێنەر* دەدەن!. ئەرێ بەڕاست ئەوە چییە کە ( نووسین ) لە(نانووسین) و نووسەر لە (نانووسەر) جیادەکاتەوە!.

ماڵپەرەکان، بەرهەم* شۆرشیی راگەیاندن و پێشکەوتن* لە رادەبەدەر* دنیا* تەکنیکن و کوردیش لەم بوارەدا هەنگاوێک* ناوە!.

من، هەست بە ئازار و ماندوویەتیی بەرپرسی ماڵپەرەکان دەکەم، وەلێ ئەوان چەندە دڵسۆز و خۆبەخش بن، هێندەش بەرپرسیارن و ئەرکێک* گەورەیان لە ئەستۆ گرتووە کە ئاوەها بەرێوەبردن*، دەشێ کارکرد* بەرەواژ* لێ بکەوێتەوە!0 ناکرێ ئەوان لەیەك ساتدا، هەم پاڵەوان* دابینکردن* (ئازادیی رادەربڕین) و هەمیش جەللاد* پرۆسە* (نووسین) * کورد* بن!.

ئید* وەختیەت* و درەنگیشە!000 درەنگە بۆ دارژتن و کارپێکردن* کۆمەڵێك پرەنسیپی بلأوکردنەوە و لەبێژنگدان* خەرمان* (وشەگەلێك) کە لەدەریچە* ماڵپەرەکانەوە، دەرژێنرێنە ئەنبار* (نووسین) * کورد*!.

ئەرک* بەرپرسی ماڵپەرە، (نووسین)، لە (نانووسین) و(نووسەر) لە (نانووسەر)، هەلأوێری و باخچە* گولأن*، لە گیاکەڵە و هەرێز پاکژ بکاتەوە!.من کە دانیشتووم ودەنووسم، بیر دەکەمەوە 0000

+ داخو، دەشێ ، تۆ زمان* سوید*، ئینگلیز*، فەرەنسی نەزانێت و گرنگترین بیر* فەلسەفیت لە یەکێك لەو رۆژنامانە* بەو زمانانە دەنووسرێت، بلأوبکرێتەوە؟!.

+ ئەرێ ئێوە رۆژنامە یاخود ماڵپەر* چ میللەتێکتان دیتوە، ستونێك بۆ دەمرێژ* دژوێن* زمانزانترین نووسەر تەرخان بکات ؟!. چ جا* بنووسێک* بێزمان!!.

+ دەشێ ئێوە زۆر زمانان بزانن!. ئەرێ ئێوە، ئەم وێرانیی نووسین و پۆخڵیی زمان و بە نووسەر و نانووسەر سوکایەت* پێکردنە* لە ماڵپەران* کوردیدا دەیبینین، لە کن چ میللەتێک* دیکەتان بینیون؟!. من دژ بەهەر جۆرە سانسۆرێک* فیکر و رادەربڕینم، بەلأم جۆرێ لە سانسۆر بۆ نۆرە* نووسین، فۆرمی نووسین، شێواز*، پەیڤین و (ئەدەب)* رۆژنامەنووسی بە پێویست دەزانم !.

بە پێویست* دەزانم، هەم کەسان* خۆ لێ بوو بە نووسەر، سنوورێك بۆ سێلأو* (نووسین)ەکانیان دابنێن و هەم بەرپرسی ماڵپەرەکانیش، جاروبار (ستۆپ)ێکیان پێ بکەن!.

**ماڵپەڕەکان، نەك هەر ڕۆژانە خەزانێ پاییز* (نووسین) بەسەر گوڵجار* هەستێ خوێنەردا دەڕژێنن، بگرە شەرەف* بە (بنووس) ناودێرکردنێ* نووسەریش بە (نانووسەر) دەبەخشن!.**

**من، پێم وایە، نەك ڕۆژانە وتارێك لە (کوردستاننێت)دا دابەزێنی، نابیتە نووسەر، بگرە گەر لە کاتژمێرێکیشدا دوو وتار بنووسیت، گەر خۆت نەتەوێت، گەر لەگەڵ نووسیندا سەمەندەرئاسا، نەسووتێیت و نەژێیتەوە، هەر دەبێ لەو دیو* سنوور* (نووسین)ەوە خۆزگە بە نووسین بخوازیت!. کەوایە: پەلە مەکە !!.**

2ی دێسامبەر* 2003

**گەڕانەوەبۆ ئێراق .. سەفەر بەرەو نادیار!**

**نیگایەك لە مێژوو:**

**ــ ڕۆژی 11ی نۆڤامبەری 1920، ئەنجوومەنی کاتیی دەوڵەتی ئێراق، بە ویستی بەریتانیای مەزن و لەژێر سەرپەرەشتی نوێنەری باڵای ئەو مەزنەئیمپراتۆریەتەدا، دامەزرا!. ئەنجومەنی کاتیی دەوڵەتی ئێراق، چ وەزیرێکی کوردی تێدا نەبوو. ئاخر هێشتا باشووری کوردستان پارچەیەك نەبوو لە ئێراقی عەرەبی!.**

**باشووری کوردستان، ڕاستەوخۆ، لە ڕێگەی نوێنەری باڵای بەریتانیاوە، سەرپەرەشتی دەکرا. ئەوێ ڕۆژێ، هێشتا بەریتانیا سیاسەتێکی پاککراوی لەمەڕ چارەنووسی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی نێوین لا نەخەملاٌ بوو.**

**ــ کۆنگرەی قاهیرە ( 12 ــ 24 ی مارسی 1921 )، بەسەرپەرەشتی (وینستۆن چەرچل)ی وەزیری کۆلۆنییەکان، مەکۆی داتاشین و دانانی بەردی بناغەی دەوڵەتی ئێراق بوو. ئەم کۆنگرەیە، ڕۆڵێکی گەورەی لە هەڵشێلانەوەی سنووری نێوچەکەدا وازی کرد و وردینەی پلانەکانی سیاسەتی بەریتانیای دەرهەق بە ئێراق، سنووری ئێراق، شێوازی حوکمی ئێراق و چۆنییەتی پەیوەندییەکانی دەوڵەتی تازە بنیاتنراو لەگەڵ بەریتانیادا و چارەنووسی سیاسیی کورد، دارژتن.**

**لەم کۆنگرەیەدا، پێشنیازی دانانی (فەیسەڵی کوڕی حوسێن)، وەکو شای ئێراقی تازەدامەزراو، خرایە بەر باس و پاشان بەکردەوە جێبەجێ کرا!.**

**بەریتانیا، هەر لێرەوە، یەکەم بەرنامەی زیرەکانەی خۆی بۆ کوردانی باشووری کوردستان و ڕازیکردنیان بۆ هاتنەنێو ئەم پێکهاتە جوگرافییە/سیاسییە داتاشراوە، ڕاگەیاند.**

کۆنگرە، بەیانێکی تایبەتی بە شوێن و جێگای کوردستان و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێراقدا دەرکرد و ئەمەش پوختەکەیەتی:
((هەموو ئەو (قەزا و ناحیە)یانەی کە زۆرینەی دانیشتوانیان کوردن و دەکەونە نێو سنووری (لیوا)ی موسڵەوە، دەکرێنە یەکەیەکی ئیداری و شاری (دهۆك)یش دەکرێتە نێوەندیان. ئەم لیوایە، لەژێر دەسەڵاتی جێگری موتەسەریفێکی ئینگلیزدا دەبێت و (قائیممەقام)ەکانیش تا ئەو کاتەی فەرمانبەرانی لێزان و شایستەی کورد پەیدا دەبن، ئینگلیز دەبن. ئەم لیوایە، کاروبارە دارایی و قەزاییەکانی بە نێوەندی ئێراقەوە دەبەسترێنەوە. دیارە نوێنەری خۆیشیان بۆ ئەنجوومەنی نیشتمانیی ئێراق (پەرلەمان) دەنێرن!.
نوێنەری باڵای بەریتانیای مەزن لە ئێراق، بە هاوکاریی ئەفسەرە بەریتانیاییەکان، هەولێر و کۆیە و رواندز بەڕێوە دەبەن. سلێمانی ، لەلایەن موتەسەریفێکەوە بەڕێوە دەبرێت کە نوێنەری باڵای بەریتانیای مەزن دیاریی دەکات. ئەم موتەسەریفە، راوێژکارێکی ئینگلیزی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری لیواکە دەبێت!)).
ــ بەریتانیای مەزن، بۆ وەرگرتنی رای کوردانی باشووری کوردستان، لەسەر ئەم پرۆسە سیاسییە، راپرسییەك ئەنجام دەدات و فۆرمی راپرسییەکە بە دوو ئەڵتەرناتیڤەوە((لام باشە ... لام باش نییە)).
لە کوردستاندا بڵاو دەکاتەوە. زۆربەی خەڵکی لیوای سلێمانی، (لام باش نییە)یان هەڵبژارد و دژی تێکەڵ بوون لەگەڵ ئێراقی عەرەبی، وەستان.
بەشێك لەکوردانی نێوچەکانی کەرکوك، هەولێر و موسڵ، دژ و بەشێکیشیان بە هەندەك مەرجەوە پلانەکەی بەریتانیایان قەبوڵ کردا!.
ــ کوردەکان، دژی بەشاکردنی (فەیسەڵی کوڕی عەلی) دەوەستن!...
بەشی گرنگی ئاگێندای کۆنگرەی قاهیرە، دانانی (فەیسەڵ)بوو وەك شای ئێراق. بەریتانیا، بۆ وەرگرتنی رای کوردەکان، راپرسییەك لە شارەکانی کوردستاندا دەکات. کوردەکان، نەك هەر دژی هێنانی فەیسەڵ بۆ ئێراق و بە شاکردنی دەوەستن، بگرە موقاوەمەتێکی سەرسەختانەی دروستکردنی وڵاتی ئێراقن و بەزۆرشەتەکدانی کوردستانیش لە نێو ئەو چوارچێوە جوگرافییە داتاشراوەدا دەکەن.
دەتوانین ئەنجامی راپرسییەکەی ناوچەی کەرکوك، وەکو نموونەیەك بۆ هەموو باشووری کوردستان چاو لێ بکەین:

| ز | شار | لایەنگری شا فەیسەڵ | نەیارانی شا فەیسەڵ |
|---|---|---|---|
| 1 | کەرکوك | 64 | 2784 |
| 2 | ئاڵتون کۆپری | ـــــ | 1500 |
| 3 | تاوخ/ داقوق | ـــــ | 10000 |
| 4 | شوان | ـــــ | 1264 |
| | کۆی گشتی | 64 | 15550* |

لە شاری سلێمانی و دەوروبەریدا، راپرسییەکە بەگشتی رەت کراوەتەوە و ((شێخ قادری حەفید، برای مەلیك مەحمود، دژی راپرسییەکە و دژی ئیلحاقکردنی کوردستان دەوەستێتەوە!))*
سەرچاوەکان، باس لەوە دەکەن، ئەگەرچی خەڵکی کوردستان بە گشتی لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستان و نەچونە نێو ئێراق بوون، بەڵام لە نێو هەندەك توێژ و چینی کۆمەڵگەدا و لە هەندێك شوێنی کوردستاندا، مەیلێك (بەمەرجی تایبەتەوە)، بۆ بەیعەتپێکردنی شافەیسەڵ و قەبوڵکردنی ئێراق هەبووە.....
ــ لە هەولێر، هەندێك لەگەڵ بە شابوونی ( فەیسەڵ ) هاوڕان، بەمەرجێك لە کوردستاندا ئیدارەیەکی ناناوەندی هەبێت!.
ــ لە موسڵ، لەسەر ئەم کێشە زێدە گرنگ و چارەنووسسازە، چەندین (مەزبەتەی)ی جیاواز بە ئیدارەی بەریتانیایی مەزن لە ئێراقدا، دراوە:
+ 68 مەزبەتە، لایەنگرییان لە شافەیسەڵ کردوە!.
+ 23 مەزبەتەش بە را و بۆچوونی جیاوازەوە، ڕێگا چارەی دیکەیان هەبووە و بەم شێوەیە:
++ 6 مەزبەتە، داوای پاراستنی مافی کورد و کەمینەکانی تریان کردوە.
++ 7 مەزبەتە، داوای بەردەوامیی ئینتیدابی بەریتانیایان بۆ پاراستنی کورد کردوە!.

++ 10 مەزبەتە ئەم مەرجانەیان هەبووە:
ا ــ بەردەوام بوونی ئینتیدابی بەریتانیا.
ب ــ بەکاربردنی زمانی کوردی لە دەستگا دەوڵەتییەکان و فێرگە سەرتاییەکاندا.
ج ــ پاراستنی یاسا شەرعییەکان و زامنکردن و پاراستنی مافی کوردان.
د ــ لە کاتی سەربەخۆبوونی کوردستانی باکووردا، کوردەکانی باشوور مافی خۆگرێدانیان لەگەڵ ئەو بەشەی کوردستاندا هەبێت!.
وێڕای ئەم ویست و داخوازییە جیاوازانەی خەڵکی کوردستان، لەمەڕ چارەنووس و پاشەڕۆژی سیاسیی ئەم بەشەی وڵات، دوو بۆچوون لە نێو سەرجەمی گەلی کورد دا بەهێز و باڵادەست بوون:
1 ــ ئیستقلال و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی.
2 ــ بەستنەوەی راستەوخۆی باشووری کوردستان بە ئیمپراتۆرییەتی بەریتانیای مەزنەوە، نەك بە ئێراقەوە لکاندنی!.
ــ دواجار، لە ئاهەنگی (تاجلەسەرنان)ی شافەیسەڵدا، نوێنەرانی موسڵ و هەولێر بەشداری دەکەن و نوێنەرانی کەرکوك و سلێمانی ئامادە نابن و ئەو ئاهەنگە پیرۆز ناکەن!.
ــ یەکەم ئەنجوومەنی نیشتمانیی ئێراق، لە 12 ی یولیی 1923دا، دامەزرا. کورد، لەو ئەنجومەنەدا، لە کۆی 58 ئەندامی مەجلیس 18 نوێنەری هەبوو. دیارە، ئەم 18 نوێنەرە، نوێنەرایێتیی ئەو ناوچانەی کوردستانیان کردووە، کە ملیان بەچوونە نێو دەوڵەتی ئێراق داوە، نەك هەموو کوردستان.
ــ دەورەی دووەمی مەجلیس، لە مانگی مایۆی 1928دا دەست پێ دەکات و کوردەکان لە کۆی 88 کورسیی پەرلەمان، 16کورسییان وەبەردەکەوێت و هەموو ناوچەکانی کوردستان بەشداریی هەڵبژاردن دەکەن!.
من پێم وایە، ساڵی 1928، ساڵی وەرچەرخان یاخود گوازتنەوەی نێوان دوو قۆناغی گرنگە لە مێژووی سیاسیی باشووری کوردستاندا.
ساڵی 1921 ــ 1928 ، قۆناغی خەباتی سەرسەختانەی دژ بە ئێراقیبوون و سووربوون و جەختکردنی کوردە لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ!.
کورد، لە سەرەتایی سەدەی پێشوودا، لە و هەلومەرجە ئابووری، کۆمەڵایێتی، سیاسیی، رۆشنبیرییە پریمەتیڤەی ئەوێ رۆژێدا، 7 ساڵان دژ بە سیاسەت و پلانی بەریتانیای مەزنی ئەو سەردەمە بۆ داتاشینی ئێراق دەوەستێت و کەڵەوەکێشیی لەگەڵ دەکات!.
جێبەجێ نەکردنی پەیمانی (سیڤەر)، پراکتیزەکردنی (لۆزان)، رووخانی حوکمداریی (مەملەکەتی جنوبی) و تێکشکانی شۆڕشی شێخی نەمر، بێهیوابوونی کورد لە دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ و بەواقیع نەبوونی خەونەکانی، دەبنە دەسپێکی دەورانێکی درێژی مێژووی خەباتی سیاسیی نەتەوەیی کورد لە باشووری کوردستاندا، ئەمیش دەورانی ساڵانی (1928 ــ 2003)یە.
ئەم قۆناغە خوێناوییە پڕ کارەسات و تراژیدییە کە 71 ساڵ دەخایێنێت، قۆناغی تێکۆشان و قوربانیدانی کوردە بۆ رووخاندن و هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتێك و وڵاتێك کە لە بارودۆخی ئەو سەردەمەی سەدەی پێشوودا، لەژێر کارکردی زۆر فاکتەری نێوخۆیی، نێوچەیی و نێودەوڵەتیدا، پاشی حەوت ساڵان موقاوەمەتی سیاسی و چەکداری، نەیتوانی و بۆی نەلوا رێگا لە دامەزراندنیان بگرێت!.
کورد و هەڵوەشاندنەوە / بنیاتنانەوەی ئێراق ( 2003 ــ 2005 ).
ساڵی 2002 ــ 2003 ، رۆژگاری تەنگبونەوەی بازنەی تەنگژەکانی ئەمەریکا و ئێراق و قوڵبوونەوەی کێشەکانیان بوو. بو روویەکی دیکەدا، دەشێ بڵێین: سەردەمی سازدانی زەوینەی بەکردەوە جێبەجێکردنی هەڕەشەکانی ئەمەریکا و سزادانی سەدام و دەسەڵاتەکەی بوو لە سۆنگەی ئەو ئاستەنگی و لەمپەرانەی کە لەرێی پێشڤەچوونی ستراتیژی ئەمەریکا، لە نێوچەکەدا دانابوون!.
ئێراق کۆدی کردنەوەی دەرگاکان بوو!. دەرگاکان، دەبوو ( سەدام ) یان لێوە وەدەرنرێت و کاروانی سیاسەت و ئابووری و گلوبالیسێرەکردنی دەسەڵاتی خۆراوایان، بۆ نێوچەکە لێوە وەژوور کەوێت.
سەدام، دەبوو وەلاکەوێت، سیستەمی مرۆڤخۆری بەعس هەڵوەشێت، دەوڵەت بە ((چەمکە فراوانەکەی)) ژێراوژوور بکرێت. وڵاتی (ئێراق) و نەخشە سیاسیی / جوگرافییەکەی، ئەگەری لە نوێرا دارژتنەوەیان ئێجگار زۆر بوو!.
چ رۆژگارێکی زێڕین، لە پلەی یەکەمدا، بۆ کورد وەکو نەتەوە و بۆ کوردستان وەکو نیشتمانێکی چلوپۆپ هەڵپاچراو، لە پلەی دووەمیشدا بۆ ئۆپۆزسیۆنی ئێراقیی خەون بە دەسەڵاتەوەبینی بەتاراوگەکراوی لە پەراوێزنراو، هاتە پێشێ!.

له نیوەی دووەمی ساڵی 2002 و وەسەرەتای 2003 دا، جموجوڵی کاری دیپلۆماتیك، پڕوپاگەندەی سیاسی و سایکۆلۆژی، کۆبوونەوە و کۆنگرەکانی ئۆپۆزسیۆن، شانبەشانی گردکردنەوەی هێزەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانانی لە کەنداودا، بەخێرایی و بەپێی پێویستیی رووداوە پێشبینیکراوەکە دەچوونە پێش.

کۆنگرەی لەندەن (14 تا 7ی دێسامبەری 2002)، مەکۆی داڕشتنی پلان و نەخشەی سازدانەوەی دەوڵەتی ئێراق بوو، پێش رووخاندن و داگیرکردنی ئێراق!.

سەرکردایەتی سیاسیی کورد و هێزە کوردستانییەکان لە کۆنگرەی لەندەندا، چەند پەرۆشی رووخاندنی دەسەلأتی بەعس و هەڵتەکاندنی بنچینەکانی دەوڵەتی ئێراق بوون، هێندە و زێتریش، بە خیتابی سیاسیی شەرمنانەی (فیدرالیزم)ەوە، لە هەوڵی بنیاتنانەوەی (ئێراقی نوێ)دا بوون!.

ئەمە، رێك پێچەوانەی ساڵانی بیستەکانی سەدەی پێشوو و سەردەمی داتاشینی وڵات و دەوڵەتی ئێراق لە سەر دەستی دەوڵەتی بەریتانیا، کە کورد حەوت ساڵان موقاوەمەتی چوونە نێو ئەو ئەو چوارچێوە سیاسییەی کرد. سەرکردایەتیی سیاسیی کورد، لەم دۆخ و دەرفەتە نوێیەدا، لە ئاستێکی ئێجگار جیاواز و بەرزتری کێشەی کورد دا، هێزی زێدەبزێو و کاربڕی چۆنییەتی داڕشتنەوەی بنەما و خەسڵەتەکانی دەوڵەتی ئێراقی پاش رووخاندنی دەوڵەتی ئێراق بووا!.

کۆنگرەکانی سەلاحەدین و ناسریە، پێکهێنانی ئەنجومەنی حوکم، دەوڵەتی کاتی ئێراق و یاسای بەڕێوەبردنە کاتییەکەی، ئەڵقە پراکتیکییەکانی زنجیرەی پرۆسەی دروستکردنەوەی ئێراقن، کە بێ هەوڵ و کۆشانی کورد و هێزە سیاسییەکانی، مەحاڵ بوو بە ئەنجام بگات. ستراتیژ و خیتابی سیاسیی کوردی لەم قۆناغە گرنگ و هەستناکە مێژووییەدا، لە بوارەکانی مامەڵەکردن لە تەك دەرکەوت و هاوکێشە سیاسییەکاندا، چ لە ئێراق و چ لە نێوچەکە و دنیاشدا، هێند ئێراقی و ئێراقچییانە بوون، وەخت بوو سیما و خەسڵەتە کوردستانییەکانی کێشەی کوردیان کاڵ دەکردەوە!.

سەرکردایەتی سیاسیی کورد، ئەگەر لە سەروبەندی داگیر / ئازادکردنی ئێراق و رۆژگاری فەوزای سیاسیدا، ((نەیتوانی، پێی نەکرا، بە چاکی نەزانی))، مەسەلە و کێشە گرنگە هەڵواسراوەکان (دیاریکردنی سنووری کوردستان و گێڕانەوەی کەرکوك و نێوچەکانی دیکە بۆ نێو سنووری کوردستان) بە زەبر یەکلا بکاتەوە، ئەوا لە بواری شەڕی دەستوور و داڕشتنی یاسای کاتیی بەڕێوەبردنی دەوڵەتیشدا، بە جۆرێك بۆڕ درا و خواستەکانی خیتابی سیاسیی کوردی، لەو قۆناغەدا و بەو میتۆدە نیانە، پێ جێبەجێ نەکرا!.

دەشێ بڵێین: هەموو هەوڵەکانی کورد، لە کۆنگرەی لەندەنەوە بۆ ئەنجومەنی حوکم و دەوڵەتی کاتی ئێراق و یاسای بەڕێوەبردنەکەی، جارێ ناچنە خانەی شەرعییەت پێدانی دەوڵەتی ئێراقی نوێ و بەفەرمی لکاندنەوەی ئەو بەشەی کوردستان کە 14 ساڵە وەکو قەوارەیەکی سیاسیی نیمچە سەربەخۆ، خۆی بەڕێوە دەبات، بە دەوڵەتێکی ئێراقی بە (دەنگ)شەرعییەت پێدراوەوە.

گەرەکمە بێژم: پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی ئێراق لە 30 ی یەنیوەریی 2005 دا، قۆناغی گرنگی وەرچەرخانە لە مێژووی نوێی بزووتنەوە کورد و کێشەی رزگاریخوازیی لە باشووری کوردستاندا!.

سەرکردایەتیی سیاسیی کورد، ساتێ بە کۆمەڵێك کێشەی هەڵواسراوەوە ((کە دەکرا پێشتر جەختیان لەسەر بکرێت و یەکلا بکرێنەوە))، بڕیاری بەشداریکردنی کورد لە پرۆسەی هەڵبژاردن و بنیاتنانەوەی ئێراقدا دەدات و دەبێتە هێزێکی کارکرد بۆ دروستکردنەوەی کیانێکی سیاسی و شەرعییەت پێدانی ئەو قەوارە سیاسییەی ئێراقی نوێ، سەرکردایەتییەکی سەرچڵ و چاوقایمە و پڕکێشییەکی پڕ مەترسیی کردووە!.

لە سیاسەتدا، قسەکردن لەسەر (رەش و سپی)نییە!. واتە: بۆچوونەکان وەها نین و ناشکرێ وەها بیر بکەینەوە کە سەرکردایەتیی سیاسیی کورد، (بەپێی نێوەرۆکی خیتابە سیاسییەکەی)، دەشیا جارێ سەربەخۆیی کوردستان بدات، چوون ئەمەیان لەگەڵ خودی (خیتابەکەدا) ناکۆك دێتەوە، هەمانکاتیش سەفەر بەرەو ئێراق، بەبێ مسۆگەر کردنی ئالییەتەکانی ئەو سەفەرە دژوارە، ئەگەری پوچەڵ کردنەوەی هەموو ئەو مژدە و خەونانەی لە پرۆسەی هەڵبژاردندا بە میللەتی کورد دراون دێنێتە پێشێ و هەموو ئەو قەیرانە چاوەڕوانکراوانەی لە شەڕی دەستوردا سەرهەڵدەدەن، قوڵتر دەبنەوە!.

کورد و پرۆسەی دەنگدان بۆ ئێراق (30 یەنیوەریی 2005).

سەرکردایەتیی سیاسیی کورد، بەهیوای:

1 ـــ بەشداریکردنی گەلی کورد لە بنیاتنانەوەی ئێراق و بەجێگەیاندنی خیتابە سیاسییەکەی (فیدرالیزمی جوگرافی / نەتەوەیی)، هەموو هەوڵەکان بۆ سەرخستنی پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی ئێراق کە بنچینەترین دەسگای شەرعییەت پێدراوی دامەزراندنی دەوڵەتە، لە ڕێگای لیستی هاوپەیمانێتیی کوردستانەوە، دەخاتە گەڕ.

2 ـــ گەلی کورد، لەم پرۆسە سیاسییە دیموکراتیکەدا و لە میانەی مسەوگەرکردنی نزیکەی ڕێژەی 30 % ی کورسییەکانی پەرلەمانی ئێراقەوە، بچێتە شەڕێکی دەستووری و سیاسییەوە و لەوێدا سەرجەمی کێشە دەستوورییەکانی تایبەت بە مافەکانی کورد لە ئێراقدا، بە قازانجی کورد بەلادا بخات و فیدرالیزمی دڵخوازی کورد لە یاسای بنچینەیی ئێراقدا، جێگیر بکات.

<u>دەنگدان و پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن!</u>

دەنگدان لە کۆمەڵگە دیموکراتی و مۆدێرنەکاندا، مافێکی سرووشتیی هاولاتییە و سیستەمی سیاسی / کۆمەلایەتیی کۆمەڵگە پێی دەبەخشێت.

(تاك) مافی بەکاربردنی ئەم (ماف)ی بێ هیچ تەنگپێهەڵچین و تەنگەتاوکردنێك، بەهەموو بارێکدا هەیە! واتە، تاك مافی ئەوەی هەیە:

ـــ لە نێوان چەند ئەڵتەرناتیڤێکدا، یەکێکیان هەڵبژێرێت و دەنگی خۆی بداتێ.

ـــ دەنگی خۆی بە سپێتی لە سندووقی دەنگدان بهاوێت و دەنگ بە هیچ نەدات!.

ـــ بایکۆتی پرۆسەی دەنگدان بکات و بۆ بەردەم سندوقی دەنگدان نەچێت!.

لە کۆمەڵگە مەددەنییەکاندا، هەریەك لەم هەڵوێستانەی (تاك)، وەکو مافێکی سرووشتی لە دیدی سیستەمەوە چاوی لێ دەکرێت و لە حاڵەتی هەڵوێستی نەگێتیڤی (تاك)دا (دیارە لە روانگەی دەسەلاتەوە)، ناکرێت نزم بنرخێنرێت و سووکایەتی پێ بکرێت!.

لە کوردستاندا، هەموو دەسگاکانی میدیا، بۆ سەرخستنی هەڵمەتی پرۆسەی دەنگدان و بەشداری کردنی هەرچی دەکرێ زۆرتری دەنگدەران لە هەڵبژاردندا، کارامە و گورجوگۆڵ بوون. پرۆسەی هەڵبژاردنەکە بۆ کورد، پرۆسەیەکی ئاسایی نەبوو، بەڵکە گرنگ و چارەنوسساز بوو. میتۆدەکانی بانگەشە و پڕوپاگەندە بۆ هەڵبژاردن، بەجۆرێك دارێژرابوون و وەگەڕ خرابوون، هەموو ئەگەرەکانی بڕیاردان و سەرپەشکبوونیان لای (تاك)ی دەنگدەر سڕییەوە و (تاك)یان لەبەردەم حاڵەتێکی دەروونیی ئاڵۆز و دژواردا دانا!.

نێوەرۆکی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن لای دەنگدەران، بە ناچاری تەفسیرەکەی وەها کەوتەوە: دەنگدان و دەنگنەدان / لەگەڵ کورد و خواستەکانی، یاخود دژی کورد و خواستەکانی!.. دەنگدان بۆ کورد / دەنگدانە بۆ سڕینەوەی زوڵمە مێژووییەکان، وەفادارییە بۆ هەڵەبجە و ئەنفال و هەموو کارەساتەکان!!..

میتۆدەکانی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردن، هەموو خەون و هیواکانی کوردیان تێدا چڕ کرابوونەوە و هەندێك لە لێپرسراوانیش، لە هەندێ کەناڵی ڕاگەیاندنەوە، فەتوای ئەوەیان دا، کە هەرکەسێك بەشداری لە هەڵبژاردنی ئێراقدا نەکات و دەنگ بۆ لیستی هاوپەیمانێتیی کوردستان نەدات، هەقە مافی ئەوەی نەبێت لە کوردستاندا بژی یاخود بگەڕێتەوە بۆ کوردستان!. بە گشتی پرۆسەی هەڵبژاردن، بەجیا لەوەی تاکوێ پرۆسەیەکی ئازاد و دیموکراتی بوو، لێوانلێو بوو لە قەیران و ئیشکالاتی بەکاربردنی مافی دەنگدان و سەرپشك بوونی دەنگدەران!.

سازاندنی زەوینەیەکی سایکۆلۆژیی وەها، لەلایەکەوە و مژدەی سەرکەوتنی کوردی لە میانەی دەنگدانەوە، کردە یەقین و لەلایەکی دیکەوە، ڕۆژی هەڵبژاردنیان کردە ڕۆژی شاییلۆغانی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی!!.

ئێستا ئیدی سەرکردایەتیی سیاسیی کورد، پاش وەرگرتنی زۆربەی دەنگی دەنگدەران و سەرکەوتنی پرۆسەکە، ڕووبەڕووی بەرپرسیارێتییەکی مێژوویی بووەتەوە و لەبەردەم چارەنووسی کورد دا بەرپرسیارە!. دیارە چارەنووسێك کە ژمارەی کورسییەکانی کورد لە پەرلەماندا زەمانەتی ناکات، بگرە هێز و سەنگی پرۆسەی(تەوافوق)ی سیاسیی نێو لیستەکانی پەرلەمان دەیبڕێتەوە!.

گرووپی کوردی لە پەرلەمانی ئێراقدا، لەگەڵ کێ و لەسەر چ پرانسیپێك هاوپەیمانێتی دەکات؟!. پرەنسیپەکان، بەپێی ئەو گفت و وادانەی سەرکردایەتیی سیاسیی کورد بە خەڵکی کوردستان داوە، ڕوون و ئاشکران، وەلێ لەگەڵ کام هێز و کام لایەن بۆ دەستەبەرکردنی خواستەکان، هاوپەیمانێتی دەکات، نەك هەر دیار نییە، بگرە کرۆکی کێشە و تەنگژەکانیشە.

هەتا ئێستا، هیچ هێزێکی سیاسیی ئێراقی، لە چەپەوە بۆ ڕاست، لە عیلمانییەوە بۆ مەزهەبی، دید و تێڕوانینەکانی کوردی بۆ فیدرالیزم و ستراکتۆری دەوڵەتی ئێراق، قەبوڵ نەکردووە!.

هیچ هێزێکی ئێراقی:

ـ ددان بەوەدا نانێت کە سنوری کوردستان لە شاخی (حەمرین)ەوە دەست پێ دەکات و کەرکوک و خانەقین و تەواوی ئەو نێوچانەی زۆرینەیان کوردنشینن، لە رووی مێژوویی و جگرافییەوە، کوردستانن.
ـ ئامادە نییە بڵێت: ئێراقی یەکگرتوو، لە یەکگرتنی دوو نشتمان (کوردستان و ئێراقی عەرەبی) و دوو نەتەوەی سەرەکی (بەشێکی نەتەوەی کورد و بەشێکی نەتەوەی عەرەب)، پێك دێت.
ـ ناتوانێ لە ئەفسانەی شوونـاسی شۆڤێنییانەی ئێراق وەکو دەوڵەت و وڵاتێکی عەرەبی، خۆی رزگار بکات!.
ئیشکالاتی سرووشت و ناسنامەی دەوڵەتی ئێراق (عەلمانی / مەزهەبی !)، سەرچاوەکانی هەڵهێنجانی دەستوور، لە نێوان ئیسلام و ئەزموونە پراکتیزەکراوەکانی سەرچاوە جیهانییەکانی دەستوور، لای شێعەی بە رێژە زۆرینە و لە (دەنگدان)دا سەرکەوتوو، کێشە و قەیرانێکی جددی بۆ کورد و لایەنەکانی دیکە درووست دەکەن.
ئەم پرۆسە کاڵوکرچە بێبنەما و بێئەزموونەی دیموکراتی لە ئێراقی نوێی لەسەر گڕ و تیرۆر رۆنیشتوودا، بە نیازە وەگەڕخرێت، کۆسپ و تەگەرەکانی هێند زۆرن، هیچ هیوایەکمان بۆ (ئێراقی نوێ) پێ نابەخشێت!.
کورد، ئێستا کاڵە و گۆچانی سەفەرێکی ئەفسووناویی بەرەو ئێراقی نوێ هەڵگرتووە و هەواریش نادیار و لە تەم گیراوە!.
ریفراندۆمی نافەرمیی هاوشانی پرۆسەی دەنگدان بەرەو ئێراق، پێی وتین کە 98،70 % ی دەنگدەری کورد هیوایی سەربەخۆیی و دوورکەوتنەوە لە ئێراقی هەیە. داخۆ رۆژگاری داهاتوو هەلومەرجە نێوچەیی و نێودەوڵەتییەکانی ئایندە، زەوینەی بەدیهاتنی ئەم خەون و خواستەی کورد دەسازێنن؟!.
سەرنج و تێبینی:
* ئەو فاکتا و زانیارییانەی بە مێژووی بیستەکانی سەدەی پێشووی کورد و ئێراقەوە پەیوەستن، لە کتێبی ((کێشەی کورد لە رۆژهەڵاتی ناویندا، لە دەستپێکەوە تا ساڵی 1991))ی دکتۆر حامید محمود عیسا وەرگیراون.
کتێبەکە، تێزی دکتۆرایە و لە ساڵی 1991 دا لە زانکۆی (کەناڵی سویس / میسر)، پێشکەش کراوە، بڕوانە بەشی سێهەمی کتێبەکە (پەیوەندی کورد و دەسەڵاتی ئێراقی، لاپەڕەکانی 95 ـ 113).
* * لە خشتەی دەنگدانی کەرکوک و دەوروبەری بۆ دانانی (فەیسەڵی کوڕی حوسێن) بە شای ئێراق، چۆنییەتی ئەنجامدانی راپرسییەکە و ژمارەی ئەو فۆرمانەی دابەش کراون، روون نین. بەڵام وێنەیەکمان لە دژایەتیی کردنی کورد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئێراق و ئیلحاق کردنی کوردستانمان دەداتێ!.

2005 / 2 / 10

**<u>بەرهەمە چاپکراوەکان</u>** :

1. ژارك، کۆمەڵە شیعر، 1991 سوید 0
2. کۆڤەند٭ دارستان، ئۆپەرێت وکورتە چیرۆك بۆ مێرمندالاًن، چاپی یەکەم 1995 سوید .چاپی دووەم 2000 کوردستان .
3. گەڕان لەدو٭ سەرابی نیشتیمان، کۆمەڵەشیعر، 1996 سوید .
4. لەسێبەر٭ دیو٭ ناوەوە٭ ڕووداوەکاندا، ڕەخنە و لێکۆڵینەوە، 1998 کوردستان .
5. لەتێك غوربەت لە تەمەندا، کۆمەڵە شیعر، چاپی یەکەم 2000 هەولێر ، چاپی دووەم 2000 سلێمان٭
6. گێڕانەوە٭ یادەوەرییەکان (ساتیر، کورتە چیرۆك، پەخشان، ڕەخنە و گفتوگۆ٭ ئەدەبی )، 2002 سلێمان٭.
7. بە تیرۆژێك لە نیگا٭ تۆ، دیوانە شیعر، 2004 سلێمان٭ .